IX ٩نیشانەکان زنجیرەی بنیادنانی کڵێسای تەندروست

Prayer

# نوێژ

ڕۆڵی
نوێژی بە کۆمەڵ
لە کڵێسادا
چییە؟



نووسینی: جۆن ئۆنووچێکوا

وەرگێڕانی: چیاکۆ قادر

زنجیرەی بنادنانی کڵێسا

# نوێژ

## ڕۆڵی نوێژی بە کۆمەڵ لە کڵێسادا چییە؟

**نووسینی:**
**جۆن ئۆنووچێکوا**

**وەرگێڕانی:**
**دانیال گەردی**

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, PanckCity 16

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:

Prayer
How Praying Together Shapes the Church
by Crossway
Copyright © 2018 by John Onwuchekwa
All rights reserved.

Kurdish Edition Copyright 2021 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەمـوو مافەکانـی وەرگێڕانـی چاپـی کوردیـی ٢٠٢١ی ئـەم بەرهەمـە لـە لایـەن ڕێکخـراوی ”هانـد ئـۆف هێڵـپ“ەوە پارێـزراوە. هیـچ بەشـێکی ئـەم بڵاوکراوەیـە بەبـێ ئاگادارکردنـەوەی پێشـوەختی نووسـەر ناکرێـت چـاپ بکرێـت، یـان بـە شـێوەی ئەلیکترۆنـی، فۆتۆکۆپـی، تۆمـاری دەنگـی ببەخشرێـت، مەگـەر ئـەوەی کـە تەنهـا دەقـی کورتـی لـێ وەربگیردرێـت و ئامـاژە بـە نـاوی بەرهـەم و نووسـەر بکرێـت.

- ناوی کتێب: نوێژ - ڕۆڵی نوێژی بە کۆمەڵ لە کڵێسادا چییە؟
- نووسەر: جۆن ئۆنووچێکوا
- وەرگێڕانی: دانیال گەردی
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٣
- چاپخانە: ئاسیا
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- ژمـارەی سـپاردن: لـە بەڕێوەبەرایەتـی گشـتی کتێبخانـە گشـتییەکان ژمـارەی سـپاردنی (٤٩٥)ی سـاڵی ٢٠٢٣ی پێـدراوە.

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

9Marks ISBN: 979-8-89218-182-2

# پێشکەشە بە

خۆشحاڵم ئەم کتێبە پێشکەش بکەم بە دایکم کەوا فێری نوێژکردنی کردم، وە بە باوکم کە نموونەیەکی بوێرانەی نوێژی پێبەخشیم، وە بە شۆندرای هاوسەرم، هاوبەشی ژیانم لە نوێژدا، بە ئاڤای کچم، بەرهەمێکی پێگەیشتووە کەوا پاش وەرزێکی درێژخایەن هات لە چاندنی ئەو نوێژانەی چاندمان، وە لە کۆتاییدا بە کڵێسای کورنرستۆن؛ باوەڕ و خۆشەویستی ئێوە بەشدار بووە لە زیادبوونی باوەڕ و خۆشەویستیی من.

# ناوەڕۆک

پێناسەیەک بۆ زنجیرە کتێبەکان ........................................ ١
پێشەکی ............................................................ ٣
دووبارە هەناسە بدە: کێشەی ژیانی بەبێ نوێژ .................. ٧
کارێکی ناوازە: «فێرمان بکە نوێژ بکەین» ....................... ١٦
جیهان هی تۆیە: ڕابەرایەتی خێزان ................................ ٢٧
خۆراکی ڕۆح: خواردنی ژەمێک پێکەوە ............................. ٤١
ڕەگەکان: زیادبوونی خێزان .......................................... ٥١
شکۆمەندی: ڕۆڵی نوێژکردن لە پەرستنی بە کۆمەڵدا ............ ٦٣
پشتبەستن بە خودا: ڕۆڵی نوێژ لە پەرستنی بە کۆمەڵدا ............ ٧٥
ئەنجامی کاری دروست: ڕۆڵی نوێژ لە خزمەتی نێودەوڵەتیدا ...... ٩٠
دەرەنجام: بەرەنگاریی تاقیکردنەوە ................................ ١٠١

# پێناسەیەك بۆ زنجیرە کتێبەکان

ئایا باوەڕت بەوە هەیە کە ئەوە بەرپرسیارێتی تۆیە یارمەتی بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروست بدەیت؟ ئەگەر خۆت بە شوێنکەوتووی مەسیح دەزانیت، ئەوا باوەڕمان وایە کە بەڵێ، ئەوە بەرپرسیارێتی تۆیە.

عیسا ڕاتدەسپێرێت کە قوتابی دروست بکەیت (مەتا ٢٨: ١٨–٢٠). یەهوزا دەڵێت لە باوەڕدا خۆت بنیاد بنێ (یەهوزا ١: ٢٠–٢١). پەترۆس بانگهێشتت دەکات کە بەهرەکانت بۆ خزمەتکردن بەکاربهێنیت (یەکەم پەترۆس ٤: ١٠). پۆڵسی پێت دەڵێت کە بە خۆشەویستییەوە ڕاستی ڕابگەیەنە تاکو کڵێساکەت گەشە بکات و پێبگات (ئەفەسۆس ٤: ١٣، ١٥). ئایا دەبینیت کە ئێمە ئەوە لە کوێ دەهێنین؟

ئەگەر تۆ ئەندام یان ڕابەری کڵێسایت، زنجیرە کتێبەکانی «بنیادنانی کڵێسای تەندروست»، ئامانجی ئەوەیە کە یارمەتیت بدات تاکو ئەم داواکارییەی کتێبی پیرۆز بەجێبگەیەنیت، وە ڕۆڵی خۆت لە بنیادنانی کڵێسایەکی تەندروست بگێریت. دەتوانین بە جۆرێکی دیکە بڵێین کە هیوادارین کە ئەم کتێبانە یارمەتیت بدەن لەوەی کڵێساکەت خۆشبوێت بەو جۆرەی کە عیسا کڵێساکەتی خۆشدەوێت.

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان پلان و بەرنامەی ئەوەیە کە کتێبی کورت و پوخت لەسەر هەر یەك لەو نیشانانە بنووسێت کە مارك بە نۆ نیشانەی کڵێسای تەندروست ناوزەدی کردووە، لەگەڵ کتێبێکی دیکە سەبارەت بە فێرکردنی دروست. بە دوای ئەم کتێبانەدا بگەڕێ: وتاردانی ڕوون و ئاشکرا، یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز، ئینجیل، گۆڕینی باوەڕ، مزگێنیدان، ئەندامێتیی کڵێسا، تەمبێکردنی کڵێسایی، بەقوتابیکردن و گەشەکردن، لەگەڵ ڕابەرایەتی کڵێسا.

کڵێسا خۆجێییەکان ئیشیان ئەوەیە کە شکۆی خودا بە گەلان و نەتەوەکان نیشان بدەن. ئێمە لە ڕێگای سەرنج خستنە سەر ئینجیلی عیسای مەسیح ئەم کارە دەکەین، وە بە مەبەستیی ڕزگارییەکەی متمانەی پێدەکەین، ئینجا بە پیرۆزی و یەکبوون و خۆشەویستی خودایی یەکترمان خۆشدەوێت، نوێژ دەکەین کە ئەم کتێبیە هاوکارت بێت و یارمەتیت بدات.

مارك دێڤەر و جۆناتان لیمەن

# پێشەکی

ئەگەر لە یەکشەممەی داهاتوودا سەردانی هەندێك كڵێسا جیاواز بکەیت، چ بابەتیکی هاوشێوە لە هەموویاندا دەبینیت؟

مۆسقا و گۆرانی ڕۆحی دەبیستن. ڕەنگە گۆرانییەکان نوێ یان کۆن بن و بە دەنگی بەرز یان دەنگی نزم بن. هەرچۆنێك بێت، لە هەر شوێنێك بۆ هەر كڵێسایەك بچن، پێکهاتەی سەرەکی زۆرینەی بەرنامەکانی كڵێسا هەمان شتن.

لە هەر كڵێسایەکدا وتارێك دەدرێت کە ڕەنگە، وتارێکی بابەتی، کورتکراوە، وە بە گشتی سادە بێت. یان ڕەنگە، لێکدانەوەیەکی درێژ، وە بە گشتی ڕژد بێت. لە ڕۆژی یەکشەممەدا ڕەنگە ڕێوڕەسمی لەئاوهەڵکێشان ببینن، بەشداری لە خوانی پەروەردگار بکەن، یان لە خوێندنەوەی بە کۆمەڵی کتێبی پیرۆز بەشداربن.

بەڵام دەزانن ڕەنگە چ بابەتێك زۆر نەبینن؟ یان تێیدا بەشدار نەبن؟ ئەم بابەتە نوێژە !

نەك بەو واتایەی کە هیچ کەس لەگەڵ خودا قسە ناکات. بەڵام ڕەنگە نوێژەکان پوخت نەبن و کورتکراوە بن، چەند دەستەواژەی خێرا بن لە کاتێکدا ژەنیاران و گۆرانیبێژانی گرووپی ستایش، سەکۆ بەجێدەهێڵن بۆ ئەوەی جێگاکە بۆ وتاربێژ چۆڵ بکەن. ئەم نوێژانە لەوانەیە بەپێی کتێبی پیرۆزبن، بەڵام ڕوون نییە و سەرنجی لەسەر بەڵێنە گشتییەکانی خودا بۆ گرووپێکی تایبەت لە باوەڕداران دەبێت. ئەم جۆرە نوێژکردنە ڕەنگە فێرکاریشی تێدا بێت، بەڵام سنووردار دەبێت بەو ناوچەیە، هەروەها بە دەگمەن لە سنووری چەند کەسێك تێدەپەڕێت بۆ پێداویستییە تایبەتە ڕۆژانەکانیان. ئەو جۆرە نوێژانە لەوانەیە هەستێك بن کە لە دڵی کەسانێکەوە سەرچاوە دەگرن بەڕاستی تامەزرۆییەکی ڕژدیان هەیە بۆ پەیوەندیکردن بە خوداوە.

بابەتەکە ئەوەیە کە نوێژکردنی کورت و بە خێرایی ناتوانێت شکۆمەندی و تایبەتمەندی و کەسایەتی خودا دەربخات. ڕەنگە سەرنجی لەسەر وشەی خودا نەبێت و تێگەیشتنێکی قووڵی نەبێت. ئەم جۆرە نوێژکردنانە دڵی بیسەرەکان ناپشکنێت یان لە دەرەنجامدا نابێتە هۆکاری دانپێدانانی گوناهێکی تایبەت. ئەم گرووپە لە باوەڕداران داوای ئەو کارانە ناکەن کە بە تەنها خودا توانای ئەنجامدانی هەیە، بو

نموونـه كارگەلێكـی وەك: ڕزگاری ونبـوو و سـەرگەردانەكان، ئـازادی دیلـەكان، پێدانـی دانایـی بـە ڕابەڕانـی جیهـان، بووژانـەوەی پەیوەندییـە تێكشـكاوەكان، پاراسـتنی ئـەو باوەڕدارانـەی كـە لـە ژێـر ئـازار و چەوسـانەوە دان.

ئەمـە كێشـەیەكی ئاسـان نییـە —وە وا دیـارە زۆربـەی كڵێسـاكان ئـاگاداری ئـەم بابەتـە نابـن كـە چەنـد كـەم لەگـەڵ یەكتـری نوێـژ دەكـەن، یـان نوێژەكانیـان چەنـد كـەم تیشـكدانەوەی بەخشـەندەیی و دڵفراوانـی پـەروەردگارە. ڕێوڕەسـمی نوێـژی ئـەو كڵێسـایەم بەبیردێتـەوە كـە جـان سـتۆت لـەدوای سـەردانكردنی وەسـفی كـردووە. ئایـا لـەلای ئێـوەش ئاشـنایە؟

بەبیـرم دێتـەوە چەنـد سـاڵێك لەمەوبـەر سـەردانی كڵێسـایەكم كـرد. لـە ڕیـزی پشـتەوە دانیشـتم. كاتـی نوێژكردنـی كڵێسـاكە هـات، كـە لەلایـەن یەكێـك لـە ڕابەڕانـی كڵێسـاكە ئەنجامـدرا، چونكـە قەشـەكە لـە پشـوودا بـوو. كەواتـە یەكـەم بابـەت ئـەو نوێـژی بـۆ كـرد ئـەوە بـوو كـە قەشـەكە پشـووێكی خـۆش بەسـەربەرێت. ئـەم نوێـژە چـاك و باشـە. قەشـەكان دەبێـت لـە كاتـی پشـووداندا بـە خۆشـی كات بەسـەرببەن. دووەم بابـەت بـۆ ژنێكـی ئەنـدام لـە كڵێسـاكەیان نوێـژی كـرد كـە دووگیـان بـوو و كاتـی منداڵبوونـی بـوو تاكـو تەندروسـتی بـاش بێـت، كـە ئەمەشـیان زۆر بـاش بـوو. سـێیەم بـۆ ژنێكـی دیكـە كـە نەخـۆش بـوو نوێـژی كـرد و دواتـر تـەواو بـوو. ئەمـە هەمـوو ئـەو نوێـژە بـوو كـە ئـەو كـردی. بیسـت چركـە زیاتـری نەخایانـد. لـە دڵـی خۆمـدا گوتـم، ئەمـە كڵێسـایەكی بچووكـە لـە گوندێكـی بچـووك بـە خودایەكـی بچووكـەوە. ئـەوان هیـچ ئارەزووێكیـان بـۆ دونیـای دەرەوەی خۆیـان نییـە. هیـچ بیركردنەوەیەكیـان نییـە دەربـارەی هـەژاران، چەوسـاوەكان، پەنابـەران، شـوێنە پـڕ لـە توندوتیژییـەكان و مزگێنیـدان بـە كەسـانی دیكـە[a].

ئـەوەی جـۆن سـتۆت لێـرەدا ڕوونیكـردەوە ئەگـەری هەیـە دەربـارەی زۆربـەی كڵێسـاكان ڕاسـت بێـت: خودایـەك كـە وا دیـارە بـە تەنهـا تایبـەت بێـت بـەو گونـدە و گرنگـی بـە كاروبـاری دەرەوەی ئـەوێ نـەدات!

جارێـك لـە قەشـە مـارك دوور بیسـتم كـە دەیگـوت ئێمـە دەبێـت لـە كۆبوونـەوەی كڵێسـادا هێنـدە نوێـژ بكەیـن كـە بێباوەڕان مانـدوو ببـن. ئێمـە دەبێـت زیاتـر لـەوە لەگـەڵ ئـەو خودایـە قسـە بكەیـن كـە ئـەوان باوەڕیـان پێـی نییـە.

---

a John Stott in Ten Great Preachers, ed. Bill Turpie (Grand Rapids MI: Baker, 2000), 117.

ڕەنگە ئەم ڕستەیە ڕوون نەبێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئێمە –کە مەبەستم لە ئێمە وەك باوەڕداران بە مەسیح و ئەندامانی کڵێسایە پێکەوە– دەبێت نوێژێکی درێژتر، باشتر و هەروەها بەپێی کتێبی پیرۆز بکەین.

مەبەستی ئەم کتێبە لە یەك ڕستەدا ئەمەیە: فێربوونی ئەوەی کە چۆن باشتر وەك کڵێسایەك نوێژ بکەین. هەروەها دەکرێت ژیانی نوێژکردنی تایبەتمان بە میهرەبانی و نیعمەتی خودا چاکتر بێت، وە دەکرێت ژیانی نوێژکردنی بە کۆمەڵ و هاوبەشمان لەگەڵ یەکتریش چاکتر بکەین.

## ڕێگای بەرەو پێشەوە

هیچ پەڕتووکێك بە تەنها ناتوانێت تەواوی ئەو بابەتانەی کە پەیوەستە بە نوێژکردنەوە ڕوون بکاتەوە و بە دروستی دەریببڕێت. ژیانێکی دەوڵەمەند بە نوێژ بە مەشقکردنی بەردەوام بە دەست دێت، نەوەك بە لێکدانەوە و تێگەیشتن لە پێشنیارەکان. هەرچۆنێك بێت، هەروەها کە ئێمە پێکەوە دەستمان بەم گەشتەمان کرد، دەمەوێت دڵنیا بم لەوەی ئێوە لە مەبەستی من تێدەگەن. هیوادارم کە ئەم کتێبە ڕێنێشاندەر و سەکۆی بازدانێك بێت و لە چێژوەرگرتن لە بەهرەی سەرسامکەری نوێژ یارمەتیدەرتان بێت، کە ئێمە وەك کڵێسایەك هەمانە.

لەنێوان هەموو ئەو کتێبانەی کە دەربارەی نوێژ نووسراون، ئەم کتێبە ئامانجێکی زۆر تایبەتی هەیە: ئامانجیەتی ئەمە تاوتوێ بکات کە چۆن بە نوێژکردن ژیانی کڵێساییمان شێوە دەگرێت.

زۆر دەربارەی نوێژ وەك بنەمایەکی تاکەکەسی نووسراوە. بەڵام وەك چالاکییەکی پێویست و بە کۆمەڵ کە کڵێسا خۆجێییەکان شێوە دادەڕێژێت، هەروەها کەمتر دەربارەی بابەتی ئەنجامدان و ئەنجام نەدانی نوێژ نووسراوە.

وا بیربکەنەوە ئەم کتێبە چەند پارچەیەکی گرنگی ونبوو لە مەتەڵێك پێشکەش دەکات، کە لە پێنج سەد پارچە پێکهاتووە و پێشتر ڕێکخراوە. من قەرزاری ئەو کەسانەم کە کارێکی وەها سەختیان ڕێکخستوە و وێنایان کردووە.

ڕوخسەتم بدەن پێداچوونەوەیەك بکەم بەو بابەتانەی ئەم کتێبە لە خۆی دەگرێت و دەیگرێتە بەر. وەرزی یەکەم، کێشەکانمان نیشان دەدات کە نەبوونی

نوێـژی هاوبەشـی و بـە کۆمەڵـە. وەرزی دووەم، ڕێگایـەك بـۆ چارەسـەر پێشـنیار دەكات و هەندیك كاتمـان دەداتـی تاكو لـە مەبەسـتمان لـە نوێژكـردن تێبگەیـن، لەبـەر ئـەوەی بتوانیـن لەگـەڵ یەكتـری گەشـە بكەیـن.

وەرزەكانــی ســێ و چــوار، چوارچێوەیەكمــان دەداتــی كــە شــێوازی قســەكردنی عیسـای مەسـیح دەربـارەی نوێژكـردن تاوتـوێ دەكات. وەرزی پێنجـەم، ڕاسـتییەكانمان دەربـارەی مەشـقكردن بـۆ نوێـژی بەهێـزی عیسـای مەسـیح لـە كاتـی هەلومەرجـی دژواری ژیانـدا بـە شـێوازی كـرداری بـۆ پێشـنیار دەكات.

بەشـی كۆتایـی كتێبەكـە، واتـا بەشـەكانی شـەش تاكـو بەشـی هەشـت كرداریتـر دەبێـت. لـەم بەشـانەدا، لـەدوای ئـەوەی بەرەكـەت و سـوودەكانی نوێـژی بـە كۆمـەڵ و چۆنیەتـی شـێوەدانی بـە كڵێسـا دیـاری دەكرێـت، چۆنیەتـی گشـتگیربوونی لـە كڵێسـادا تاوتـوێ دەكرێـت و دەسـت دەكرێـت بـە بابەتـی جۆراوجـۆری وەك: نوێـژ لـە كۆبوونەوەكانـی پەرسـتندا، كۆبوونەوەكانـی نوێـژ، هەروەهـا چـۆن نوێـژی بـە كۆمـەڵ و هاوبـەش دەكرێـت ئەركێكمـان بـۆ دروسـت بـكات تاكـو بتوانیـن نوێژێكـی هەمەچەشـنە دروسـت بێـت. لـە پاشـكۆدا، ئامـاژە دەكـەم بـەو كتێبانـەی دیكە كـە دەربـارەی نوێژ هەیە و بـۆ بیبینـی وێنەیەكـی گشـتگیر یارمەتیدەرتـان دەبێـت. مـن تەنهـا چەنـد كتێبێكتـان بـۆ پێشـنیار دەكـەم، چونكـە خوێندنـەوە دەربـارەی نوێـژ ئێجـگار ئاسـانترە لـە خـودی نوێژكردنەكـە. كەواتـە هێندەتـان بـۆ پێشـنیار دەكـەم كـە ئـارەزووی خواردنتـان زیـاد بـكات، بـەڵام هێنـدەی لـە كارە سـەرەكییەكە بەلاڕێـدا نـەڕۆن كـە نوێژكردنـە.

هیـوادارم ئـەم كتێبـە بخوێنیتـەوە و سـوود لـەو بەهایـە وەربگریـت كـە هەیەتـی، وە كڵێسـاكەت لـە ڕێـگای نوێـژی بـە كۆمـەڵ و هاوبەشـییەكی بەهێـزەوە گەشـە بـكات.

# بەشی یەکەم

## دووبارە هەناسە بدە

## کێشەی ژیانی بەبێ نوێژ

### نوێژ وەك هەناسەدانە

با وای دابنێین لە ئێستادا خەریکی خوێندنەوەی کتێبێکی دیکەن دەربارەی نوێژ. ڕەنگە دوایین کتێب کە خوێندووتەوە بە ڕێژەی پێویست لەلای تۆ هەست بە تاوانباربوونی دروست نەکردبێت. ئەمە نیشانی دەدات کە تۆ هێشتا بۆ سزادان ئامادە نیت. کتێبێك دەربارەی نوێژ کە نەتوانێت کەموکوڕیەکانتان دەربخات یان نەتوانێت بەهرەی نوێژکردنتان نیشان بدات، چ سوودکی هەیە؟ بەبێ پێشەکی دەڵێم: «زیندووبوون بەبێ هەناسەدان، ئاساییترە لە باوەڕداربوون بەبێ نوێژکردن.»[a]

با بە ڕوونی بڵێین، ڕەنگە ئەمە بەهێزترین و کاریگەرترین ڕستە بێت کە دەربارەی نوێژ خوێندوومەتەوە. هەناسەدان –وەك لێکچوواندنێك بۆ نوێژی باوەڕدار– واتای نوێژ بەو شێوەیەی کە پێویستە دەگەیەنێت. ئەمە بەبیرمان دەهێنێتەوە کە نوێژ بۆ زیندووبوونمان پێویستە. هەناسەدان بۆ هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەین پێویستە و هەموو کردارێك چالاك دەکات. هەر بەم شێوەیە نوێژ لە ژیانی باوەڕداردا بابەتێکی بنەڕەتی و گرنگی ژیانە. واتا ژیانی ئێستامان و بەردەوامی ژیانی داهاتوومان بەم بابەتەوە پەیوەستە. نوێژ هەناسەدانە. دەستەواژەیەك دەربڕین بۆ ئەوەی نوێژ دەبێت چۆن بێت بۆ باوەڕدار، لەمە باشتر دەست ناکەوێت.

بەم هۆکارەیە کە ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران تووشی سەرلێشێوان دەبن. ئایا سەرسامکەر نییە کە ژمارەیەکی زۆر لە باوەڕداران لە بنەڕەتدا ئاگاداری ئەم ڕاستیەن، بەڵام ژمارەیەکی کەمیان لە کڵێساکاندا بە کرداری جێبەجێی دەکەن؟

---

a بە دروستی دیار نییە کە ئەمە قسەی کێیە، هەندێکەس دەڵێن لە وتەکانی مارتن لوتیرە (ئەوەی پشکۆی شۆڕشی پروتیستانی هەڵگیرساند) و هەندێکی دیکە دەڵێن وتەی مارتین لوتیر کینگ جونیوزە (ئەوەی لە سەدەی ٢٠ لە دژی ڕەگەزپەرستی شۆڕشی کرد)، دیخەینە پاڵ هەردووکیان.

کێشەی ئێمە شێوازی گفتوگۆ دەربارەی نوێژ نییە. ئێمە بە گەرموگوڕی و ڕوونی دەربارەی نوێژکردن قسە دەکەین. کێشەمان شێوازی هەڵسوکەوتمانە لە نوێژدا. کردارمان لەگەڵ قسەکردنمان جیاوازە، هەمیشە نیشانەی ئەوەیە کە شتێکمان لەبیرکردووە. (بڕوانە یاقوب ٢).

ئەگەری نوێژکردن لە هەندێک کڵێسا هەیە. لەوانەیە لە شوێنێک کڵێسایەک هەبێت کە هەرگیز نوێژ نەکەن، بەڵام وای نابینم کڵێساکەی ئێوە وەها بێت. من کڵێساکەی ئێوە ناناسم، بەڵام دڵنیام ساتێک هەیە کە بۆ نوێژکردن لەگەڵ یەکتر کۆببنەوە. ئەم نوێژانە ڕەنگە کورت و خێرا بێت، بەڵام هەرچییەک بێت کۆبوونەوەی نوێژتان هەیە.

وە ئەو شتەی لەلای من گەورەترین پرسە: نەبوونی نوێژکردنە نەک بە تەواوی نەکردنی. لێرەدا قسەیەکی دیکە هەیە کەوا زیاتر مەترسییەکەی دەردەخات: «دەگەیین بە یەکێک لە خراپەکارییە گەورەکانی ئەم سەردەمە و هەموو سەردەمەکانی دیکە –نوێژیکردنی کەم یان نوێژ نەکردن– لەنێوان ئەم دوو خراپەکارییەدا نوێژی کەم خراپترە لە نوێژ نەکردن. کەمکردنی نوێژ جۆرێک لە ڕووکەشی دەرخستن و ساختەیی و خەیاڵ و گومڕاییە. چونکە نوێژکردنی کەم دەریدەخات کە ئێمە کاتێکی کەم بۆ نوێژ تەرخان دەکەین.»[a]

کاتێک نوێژکردن بە خێرایی و بە کورتی بکرێت یان دەگمەن بکرێت، کاتێک هێندە نوێژ بکەین کە بە تەنها ویژدانمانی پێ ئاسوودە بکەین نەک زیاتر، ئەمە ئەو کاتەیە کە تووشی کێشە بووین. هەریەک لە ئێمە بەشێک بووین لە کڵێسایەک کە نوێژی تێدا کراوە، بەڵام بێ هێز و بێ مەبەست کراوە. بە داخەوە، نوێژکردنمان لە کڵێسا زوربەی کات وەک نوێژی پێش ژەمێکی نان خواردنە: بە ناچاری و ساردوسڕی کە کەسێک سوودی لێ وەرناگرێت. ئاستی نوێژکردنمان دابەزاندووە بۆ ئەوەی ئامرازێک بێت کە لە بەشێکی کۆبوونەوەکەوە بمانگوازێتەوە بۆ بەشێکی دیکە و بە تەنها گۆڕاوە بۆ ئەوەی کە بوار بدەین هەمووان چاوەکانیان دابخەن و سەریان دابنەوێنن تاکو هاتن و ڕویشتنی (ژەنیاران و گۆرانیبێژان) بۆ سەرەوە و خوارەوەی سەکۆکە، نارێکخراو دەرنەکەوێت.

ئایا مەترسییەکانی کەم نوێژکردن دەبینن؟ لە هەر شوێنێک نوێژێک بکرێت،

---

a E. M. Bounds,E. M. Boundson Prayer (Peabody,MA:Hendrick- son, 2006), 118

خودی نوێژەکە باسی بابەتێك دەکات، بیسەرانی فێری شتێك دەکات. نوێژ هاوارێکی هەڵگرتووە. کڵێسا فێر دەکات کە لە ڕاستیدا پێویستیان بە پەروەردگارە. بەڵام لە هەر شوێنێك نوێژ ناکرێت، ئەو گریمانە بەهێز دەکات کە ئێمە بێ خوداش ژیانمان باش دەڕوات – لە بارودۆخێکی تایبەتدا نەوەك لە هەموو کاتێکدا. کڵێسا فێردەکات کە هەندێك جار یارمەتی خودا پێویستە، هەمیشە نا. کڵێسا ڕازی دەکات کە شتی زۆر هەیە ئێمە بەبێ یارمەتی خودا دەتوانین ئەنجامی بدەین، تەنها کاتێك بێزاری دەکەین کە لە بارودۆخێکی زۆر سەختتردا بین.

ساتێك لەگەڵم بیر بکەنەوە دەربارەی ئەو کارەساتە ڕەگەزپەرستانەی لە هاوینی ساڵی ٢٠١٦ دا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکای گرتەوە. لە یەك هەفتەدا وڵاتەکە شایەتی کوژرانی فیلاندو کاستیل، ئالتون ئێسترلئنگ و پێنج ئەفسەری پۆلیس لە شاری دالاس بوو. خەڵکی گۆشەگیر و خەمبار بوون و لە هەر سووچێك کەسێك بابەتێکی بۆ شینگێڕان هەبوو. بە پێچەوانەی ئەوەی بە شاراوەیی لەناو خەڵکدا ڕوویدەدا، ڕێژەیەکی زۆر لە کڵێساکان لەگەڵ یەکتری کۆبوونەوە تاکو بۆ کۆمەڵگا، کڵێسا، سەرۆك و نەتەوەکەیان نوێژ بکەن.

بۆ یەك وەرزی تەواو، نوێژەکانمان بەهێز، پڕ لە ڕۆح و ئامانجدار دەردەکەوت. دەنگی هاواری یەکدەنگی و شیوەنی یەکدڵمان ئەمە بوو: «ئەی یەزدان، ئێمە پێویستمان بە یارمەتی تۆیە!»

هەرچۆنێك بێت، لەدوای تێپەڕبوونی ئەم بارودۆخە سەختە، نوێژی بە کۆمەڵی ئێمەش تەواو بوو. ئەم بابەتە بە تەنها ڕوونکرایەوە، وا نییە؟ ئەمە ڕوونی دەکاتەوە کە ئێمە نوێژمان وەك شتێکی تایبەت بەکارهێناوە بۆ پارێزگاری لەو شتانەی کە بە تەنها خۆمان ناتوانین بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرین. ئێمە نوێژ وەك هەناسەدان نابینین، بەڵکو وەك دەرمانێك بۆ چاکبوونەوەمان لە نەخۆشییەك دەیبینین. نەخۆشییەکە نەمێنێت گەرموگوڕی و بەردەوامی نوێژەکانمان نامێنێت.

## ساتی ڕووی ڕاستیەکان

با بۆ ساتێك بە ڕاستگۆیی بڵێین. ئێستا کە من بەرەوڕوتان دانەنیشتوم و ناچار نیم بڕوانمە نێو چاوتان و قسە بکەم لە باسکردنی کەموکوڕیەکانمدا، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئازا و بوێرترم. ئەگەر ئێوەش وەك منن و خوێندنی

کتێبێـک دەربـارەی نوێـژ هەسـتی شکسـتتان لـەلا دروسـت دەکات، تکایـە ئـاگادار بـن کـە نووسـینی ئـەم کتێبـە لـە منیشـدا هەسـتی دووڕوویـی دروسـت دەکات. مـن یەکـەم کـەس دەبـم کـە دان بـەوەدا دەنێـم کـە پسـپۆڕی نوێژکـردن نیـم. وە لـەم بـوارەدا شـارەزاییەکی تایبەتـم نییـە و هەروەهـا لـە سـیڤی و پاشـخانی کارکردنمـدا ناونیشـانی (پیـاوی بەهێـزی نوێـژ)م دانەنـاوە. مـن لەگـەڵ نوێـژ لـە ململانێیەکـی بەردەوامـدام. هەسـت دەکـەم زۆربـەی کات نوێژەکانـم لاوازن.

لەبـەر ئـەوە وادەڵێـم کـە کەسـانێکم بینیـوە نوێژەکانیـان بەهێـزە و دەزانـم کـە مـن وا نیـم. بـەڵام دایکـم یەکێـک لەوانەیـە. بەبیـرم دێتـەوە هەمـوو ڕۆژێـك کـە لەسـەر کار دەهاتـەوە سـڵاوێکی لێمـان دەکـرد و دەچـوە ژووری نووسـتنەکەی، ئـەو کاتـە دەرگاکـەی درزێکـی تێـدا بـوو، منیـش لـە درزەکـەوە تەماشـام دەکـرد کـە لـە تەنیشـت قەرەوێڵەکـەی دادەنیشـت و نوێـژی دەکـرد. لـە نوێـژدا دەبـووە کەسـێکی جیاوازتـر. هەمـوو ڕۆژێـك ئـەم کارەی دەکـرد. تەنانـەت ئەمـڕۆش نوێـژی بـۆ کـردم. لـە هەمـوو پەیوەندییـە تەلەفونیەکانمانـدا تاکـو نوێـژم بـۆ نـەکات پەیوەندییەکـە تـەواو نـاکات. وە ئەگـەر لـە بیـری کـرد دیسـان پەیوەنـدی دەکاتـەوە یـان نامەیەکـی دەنگـی دادەنێـت. هەروەهـا باوکیشـم وا بـوو. لەبـەر ئـەوە کاتێـك لـە سـاڵی ٢٠٠١ کڵێسـاکەی دامەزرانـد، کڵێسـاکە وەك میراتێـك جیناتـی نوێژیـان لـە ئـەو وەرگـرت، چـۆن منداڵان شـێوازی ڕەخساریان لـە دایـك و باوکیـان بـە بۆماوەیـی وەردەگـرن.

دایـك و باوکـم و شـوانانی کڵێسـا، وتاربێـژان، وە نووسـەرانێك کـە کاریگەرییـان لەسـەر ژیانـی مـن هەبـوو، هەمـووان ژنـان و پیاوانـی توانـادار بـوون لـە نوێـژدا. ئـەوان هاندەرێـك بـوون بـۆ ئـەوەی زۆرتـر هەوڵـی نوێژکـردن بـدەم. مـن دەزانـم (جەنگاوەرانـی نوێـژ) چۆنـن (ئەگـەر ڕوخسـەتم بـدەن کـە ئـەم دەسـتەواژەیەی، جنگاوەرانـی نوێـژ بەکاربهێنـم)، چونکـە مـن لـە نزیکـەوە دەیانناسـم، نـەك بـە هـۆی ئـەوەی لـە ژیانمـدا خـۆم وەك ئـەوان دەربخـەم. بـە درێژایـی گەشـتی ژیانـم، سـەرنجم دا کـە زۆربـەی ئـەو هەڵسـوکەوتانەی کـە لـەلای مـن سەرسـامکەرن، لـە کەسـایەتی خۆمـدا لاوازن.

## خاڵی وەرچەرخانی من

چەنـدین سـاڵ لەمـەو پێـش، کارەسـاتێکی زۆر ترسـناك و سەرسـووڕهێنەر ڕوویـدا. شـەش هەفتـە پێـش ئـەوەی ئـەم کڵێسـایەی کە ئێسـتا مـن ڕابەریەتـی دەکـەم، دابمەزرێت

لەناکاو براکەم کە تەمەنی سی و دوو ساڵ بوو، کۆچی دوایی کرد. بەبێ هیچ هۆکارێك گیانی سپارد و لە پشکنینی جەستەیدا هیچ نیشانەیەك نەدۆزرایەوە. بەبێ هیچ هۆکارێك ڕۆیشت. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا هەستم دەکرد خەریکە دەخنکێم، نەمدەتوانی هەناسە بدەم، ئەگەر تاکو ئێستا هەستتان بە خنکان کردبێت، کەواتە دەزانن کە چەندە بارودۆخێکی ئاڵوز و ناخۆشە. بەڵام ئەم خەمە بە نیعمەتی خودا بووە ڕووداوێك کە باشترین دەرفەت بوو بۆ ئەوەی پەیوەندییەکی باشتری لە نێوان خودا لەگەڵ من و کڵێساکەم دروستکرد. خودا ئەم بارودۆخە ناخۆشەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی شتێکی سەرسووڕهێنەری لە دەروونی مندا بەئاگا هێنایەوە.

ئێستا بۆ یەکەم جار لەدوای چەندین مانگ، دیسان دەگرییێم. وا بیرم دەکردەوە کە دەرباری ئازاری لە دەستدانی براکەم هەوڵم داوە خۆم بەهێز بکەم، بەڵام هەروەها کە بەبیرم دێتەوە بە تەواوی دڵم ژان دەکات و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشم، ئەمە ئامرازێك بوو کە خودا بەکاری هێنا بۆ ئەوەی من بە جوانی تێبگەم کە نوێژکردن وەك هەناسەدانە.

کاتێك دەستمکرد بە نوێژکردن کرد بیرکردنەوە ناڵەبارەکانم نەما. ئەو وشانەی کە لە دەمم دەردەچوون لە یەك کاتدا هەم سەرسامی دەکردم و هەم ئارام و ئاسوودەی دەکردم و هەروەها شەرمەزار و تۆڕەی دەکردم. من خودام تاوانبار دەکرد و ئەو لەلای من بێبەزەیی و بێباك دەردەکەوت. دواتر لە هەمان کاتدا داوام لێ دەکرد کە نیعمەت و بەزەیی خۆی بە سەرمدا ببارێنێت. هەستم بە زەلیلی، تۆڕەیی و ڕق دەکرد. پێمگوت، من هیچم لە دەست نایەت بێجگە لەوەی بە ئەو بڵێم. تەواوی ئەم هەستانە دەردەکەوتن و ئازار وەك دەرمانێك بوو کە ناچاری کردم دان بنێم بە بیرکردنەوە خراپەکانمدا و خودا هەموویانی لەسەر من هەڵگرت، تەنانەت هەر بەشێکی بچووکی لەم بیرۆکە خراپانەمی هەڵگرت.

خودا ڕوانگەی نەرێنی منی ڕاستکردووە، نەك بە وشەی سەرزنشتکردن، بەڵکو بە وشەی دڵنەوایی.

لە کاتێکدا کە نوقمی خەم و ماتەمینی بووم، بتڵی ئۆکسیجنەکەمی بەتاڵ کرد، تاکو ناچار بم بۆ دەستکەوتنی هەوای پاك بێمە سەرەوە! کاتێك کە هاتمە نزیکیەوە، نەك باوەشێکی سارد کە من شایانی بووم، بەڵکو بە باوەشێکی گەرم پێشوازی لێکردم. هەر نوێژێك کە پێشتر دەمکرد، نوێژ نەبوو، فەرمی و سارد

و پاڵێوراو، چەند وشەیەکی دووبارەی پێشتر ئامادەکراو بوو. بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا، هەستم کرد کە زانیم نوێژکردن و پەیوەندی تایبەت لەگەڵ خودا چییە. کاتێک خەم و پەژارەی دڵم –هەر یەکێک لەوانەم– دەهێنایە بەردەمی، خودایەکم دەبینی کە نیگەرانی ئەوە نەبووم خەمەکانی دڵمی پێ بسپێرم.

خودا دوایین هەناسەکانی براکەمی گۆڕی بۆ یەکەمین هەناسەکانی ژیانی ڕۆحی من. لە دەرەنجامدا تەواوی ژیانی من سەراوژێر بوو. ئەمە بووە هۆکارێک بۆ یەکەم هەنگاوم بۆ ئەو کڵێسایەی کە بۆ ڕابەرایەتیکردنی دانرابووم. بە یارمەتی نیعمەتی خودا، ئەم کارەساتە و چەندین کێشە و تەنگانەی دیکە کە لە دەستپێکی ئازموونەکانمانەوە ئەزموونم کرد، ئەو ڕاستییەی کە زۆربەی کات لە بیرم دەکرد، بۆمی سەلماند کە: نوێژکردن بۆ ژیانی ڕۆحیمان، گرنگ و پێویستە. نوێژ وەك هەناسەدانە.

## کلیلێك بۆ خزمەتێکی کاریگەر

من لە دوو دەیەی ڕابردوودا شوانی دوو کڵێسا بووم، هەروەها لەگەڵ کەنالەکان، زانکۆکانی یەزدانناسی، ڕێکخراو و خەزمەتەکانی مەسیح کارم کردووە. من لەگەڵ ڕابەرانێکی ڕێکخراو و بەهێز و خاوەن داهاتوویێکی گەش تاکو کەسانێکی بەبێ خەون بە کڵێسایەکی بێسەروبەرەوە، کۆبوومەتەوە. من لەگەڵ کەسانی بلیمەت، یان بەهرەداری مامناوەند و بێ بەهرە، خزمەتم کردووە. من لەگەڵ کڵێسا سەرنجڕاکێشەکان، کڵێسا چالاکەکان کە نێودەڵەتین و سنوورەکان تێدەپەڕێنن، کڵێسا گەورەکان، کڵێسا مامناوەند و بچووکەکان، هاوکارییم کردووە. بە درێژایی ئازمونەکانم، فێربووم کە ئەم جیاوازییانە گرنگترین بابەتەکان نین. ئەمانە تەنها بابەتی پەراوێزخراو و لاوەکین. ئەگەر ناچاربم بۆ دروستکردنی دوو جۆری کڵێسا هێڵێك بکێشم، ئەم جیاوازییانە ڕچاو ناکەم. من فێر بووم کڵێساکان بە جۆرێك ببینم و پۆلێنیان بکەم لەسەر ئەوەی نوێژ دەکەن یان نوێژ ناکەن. هەروەها کە دواتریش ڕوونی دەکەمەوە، پابەندبوونی کڵێسا بە نوێژکردن یەکێك لە گەورەترین هۆکارەکانە بۆ ئەوەی خزمەتێکی کاریگەر بکات.

نوێژکردن بۆ شوێنکەوتووانی مەسیح وەك ئۆکسیجنە کە لە ژیان دەیانهێڵێتەوە. کەواتە، نوێژ دەبێت سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵەی باوەڕداران بێت. بۆ کڵێساش

هـەروەك تاكـەكان، دەبێـت نوێژكـردن هەناسـەدان بێـت. هەرچەنـدە، زۆرێـك لـە كۆبوونەوەكانـی ئێمـە دەتوانیـن بـەوە بیشـوبهێنین كـە كەسـەكان بـۆ ڕاگرتنـی هەناسـەی یەكتـری كۆبوونەتـەوە. ئەمـە بۆمـان ڕوون دەكاتـەوە كـە بۆچـی هەندێـك كـەس لـە ژیانـی باوەڕدارییانـدا بەبـێ وزە دەردەكـەون.

بـەڵام هەناسـەدان لەگـەڵ یەكتـر شـتێكی دیكەیـە كـە كڵێسـا پێویسـتی پێیـە. كاتێـك كـە نوێـژ دەكەیـن بەبیرمـان دەهێنێتـەوە نوێـژ وەك كارە دونیاییەكانـی دیكـە نییـە كـە بەهرەیەكـی بەرچـاو یـان مەشـقكردنی زیاتـری بووێـت بـۆ دەرەنجامێكـی نایـاب. بـۆ نموونـە، ئەگـەر كەسـێك هیـوادار بیـت كـە بـۆ ژەنینـی ئامێرێـك پاداشـت یـان خەڵاتێـك وەربگرێـت، دەبێـت چەندیـن سـاڵ ڕاهێنانێكـی بـاش بـكات بـۆ ئەوەی ئاسـتی شـارەزایی خـۆی بـەرز بكاتـەوە. دەرەنجامێكـی نایـاب لـە دوای ڕاهێنانێكـی ماندوونەناسـانە و درێژخایەنـە. هیـچ ئەنجامێـك بـۆ تازەپێگەیشـتوان نییـە.

دەربـارەی نوێـژ وەهـا نییـە، چونكـە دەرەنجامـی نایاب پەیوەسـت نییە بـە ئەنجامێكی ڕاسـتەوخۆی ڕاهێنانێكـی زۆر و شـارەزایانەوە. دەرەنجامـی نایانـی نوێژكـردن لـە لایـەن فەرمانـڕەوای بەخشـەندەوەیە، پاداشـتدەری گـەورە كـە نەتەوەكـەی خـۆی كاتێـك داوای لێدكـەن، خـەڵات وەردەگـرن.

زۆرێـك لـە دەسـتكەوتە گـەورەكان لـە نوێژی كەسـانیك بووە كە لە باوەڕدا نـوێ بوون: ئیبراهیـم خـودای بینـی، داوای لێكـرد نوێژەكـەی ببیسـتێت و ئـەو شـارە ڕزگار بـكات كـە برازاكـەی، واتـا لـوت، لـەوێ بـوو. (پەیدابـوون ١٨: ٢٢–٣٣). موسـا لەنـاو دەوەنـە گڕگرتوەكـەوە چـاوی بـە خـودا كـەوت و زۆری پێنەچـوو كـە بـە سـەركەوتوویی بـۆ گەلـی ئیسـرائیل پاڕایـەوە. (دەرچـوون ٣٢: ٣١–٣٤). لـەدوای چـل ڕۆژ لـە زیندووبوونـەوەی مەسـیح و بەرزبوونـەوەی بـۆ ئاسـمان، قوتابییەكانـی بـە شـێوازێكی جیـاواز دەسـتیان بـە نوێژكـردن كـرد. ئـەوان لـە نوێژكـردن بـۆ پارێـزگاری خۆیـان، وازیـان هێنـاو زیاتـر بـۆ دڵسـۆزی و بوێـری لـە بڵاوكردنـەوەی مزگێنـی مەسـیحدا نوێژیـان دەكـرد (مەرقـۆس ٨: ٣١–٣٤ ؛ كـردار٤: ٢٣–٣١ ؛ كـردار ٥: ٤٠–٤١). خـودا وەڵامـی نوێـژی كەسـانی نـوێ لـە بـاوەڕدا دەداتـەوە، كـە هاندانێـك بێـت بـۆ ژیانـی گەڵەكـەی.

ئەگـەر نوێژكـردن هەناسـەدانە، كەواتـە پێویسـتمان بـە شـارەزایی نییـە. دەربـارەی ئازموونمـان دەتوانیـن لـە كەسـانێك فێرببیـن كـە لەگەڵیـان نوێـژ دەكەیـن. نوێـژ چاوەڕوانییەكـی زۆرمـان لـەلا دروسـتدەكات كاتێـك ئەزموونێكـی ڕاسـتەقینەمان لەگـەڵ

خودایەك هەیە كە دەبیستێت و وەڵاممان دەداتەوە. ئێمە پێویستمان بە شارەزایی نییە، وە ئەمە هاندان و دڵگەرمییەكی باشە بۆ كڵێسایەك كە ئەندامەكان و تەنانەت شوانەكانیان هەست دەكەن كە لە باوەڕداردا نوێن. من جوانی نوێژێكی لاوازم لە كڵێساكەمان بینیوە كاتێك كەسێك بە تامەزرۆییەوە داوای ڕزگاری دەكەن. وەك یەكەمین هەناسە هەڵكێشان و دانەوەیە لە ژیاندا. ئەم ئازموونە وات لێدەكات دووبارە و سێبارە بە پەرۆش بیت بۆ ئەنجامدانی.

## دەربارەی ئەم كتێبە

ئەم كتێبە زۆر سەبارەت بە ژیانی تاكێكی شوێنكەوتووی مەسیح قسە ناكات. چونكە سەرچاوەی گشتگیرتر و باشتر لەسەر ئەم بابەتە هەیە. ئەم كتێبە دەربارەی نوێژە لە ژیانی كڵێسادا، هەروەها كاتێك باس لە نوێژی هاوبەش و بە كۆمەڵ دەكرێت، كڵێساكەمان زیاتر لە هاندان پێویستی بە چییە؟

وەك كەسێك كە ڕابەرایەتی جۆرەها كڵێسام كردووە لە قەبارە و بودجەی جیاواز و شوێنە جیاوازەكان. هەروەها پەیوەندییەكی بەربڵاوم لەگەڵ باوەڕداران و شوانانی دیكە هەبووە. لە ئەزموونە جۆراوجۆرەكانم، قەناعەتم هاتووە كە گرنگترین كلیلی خزمەتێكی سەركەوتوو، نوێژكردنە. هێندەی هەناسەدان پێویستە. نوێژ بە واتای جێگرەوەیەك بۆ ئەنجامدانی كارێك نییە، بەڵكو چالاكمان دەكات و هێزمان پێ دەبەخشێت. ئەگەر دەمانەوێت بزانین كە كڵێساكەمان لە باوەڕدا گەشە دەكات، كەواتە دەبێت كڵێساكەمان نوێژ بكات، ڕێك وەك ژیانی ئەندامەكانی كە پشت دەبەستن بە نوێژكردن. ئێمە دەبێت فێر ببین كە چۆن پێكەوە هەناسە بدەین.

نوێژی من ئەمەیە كە ئەم كتێبە لەنێو ڕەفەكانی كتێبخانە پەراوێز نەخرێت. باوەڕدارە كلاسیكییەكان سەرسوڕهێنەرن، چونكە تاكو گەڕانەوەی مەسیحی باڵا دەست لە پەیوەندییان بە نوێژ دانابڕێن. من لێرەدا نوێژ دەكەم بە زووترین كات ئەم كتێبە وەك كتێبێك بێت بە ناونیشانی «چۆن لەگەڵ خێزانەكەم لە كاتی نانی ئێوارەدا، هەناسە بدەم؟»[a]، وە نوێژی بە كۆمەڵ ببێتە ئامانجێك بۆ ناسینەوەی كڵێسا.

نوێژ دەكەم ئەم كتێبە زیاتر بۆ بنیادنانمان بێت لە كاتێكدا هێزمان لێ دەبڕێت، تەنها ئامرازێك نەبێت بۆ ڕازیكردنمان بەوەی كە وزەكەمان لە یەكەم

a How to Breathe with Your Family at Dinner

هەنگاوەکانی کۆبوونەوەمان بە ئاراستەی نوێژکردنی بە کۆمەڵدا ببات. نوێژ دەکەم کە ڕۆژێک بێت هاواری هاوئاهەنگ، بە پەروش و یەکگرتوومان بۆ لای خودای باوکمان هێندە ئاسایی و چاوەڕوانکراو بێت کە چیتر بێمانا بێت کەسێک لە ڕاستیدا کات تەرخان بکات بۆ نووسینی کتێبێک سبارەت بەم بابەتە. هیوادارم ڕۆژێک ئەمە ڕووبدات. بەڵام هەتا ئەو ڕۆژە هێشتا نەهاتووە، وەرن با ئەم گەشتە دەست پێبکەین و نوێژ بکەین کە یەزدان بەرەکەتدارمان بکات.

# بەشی دووەم

# کارێکی ناوازە

# فێرمان بکە نوێژ بکەین

## پێویستیەکی گرنگ و سروشتی

لە ساڵی ٢٠١٧ پەیوەندیەکی تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەم هات و ژیانی من و هاوسەرەکەمی گۆڕی. ئێمە ماوەی دە ساڵ دەبوو هەوڵمان دەدا بۆ ئەوەی منداڵمان ببێت. هەروەها بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە ڕێگەی شوێنی بەخێوکردنی منداڵانی بێ سەرپەرەشت هەوڵی لەخۆگرتنی منداڵێکمان دەدا. لە کۆتاییدا ڕۆژی شەممە پەیوەندییان کرد و ڕۆژی دووشەممە کچێکمان وەك منداڵی خۆمان وەرگرت.

هەواڵێکی خۆش بوو کە لە کۆتاییدا ئەو شتەی نوێژمان بۆ دەکرد بە دەستمان هێنابوو. هەواڵی ناخۆش ئەوە بوو کە ئەو لە وادەی لە دایکبوونی خۆی دوو مانگ زووتر هاتبووە دونیا و نەیدەتوانی باش هەناسە بدات. ئێمە نەمانتوانی کچەکەمان بهێنینەوە ماڵ. ناچار بوو چەند هەفتەیەك لە خەستەخانە بمێنێتەوە و بە ئامێری هەناسەدانی دەستکرد فێر ببێت چۆن هەناسە بدات.

هەناسەدان ئەو شتە بوو کە بۆ بەردەوامی ژیانی پێویست بوو، بە شێوازی سروشتی ڕوویندەدا. سەبارەت بە ئێمە و نوێژیش هەروەهایە. (زیندووبوون بەبێ هەناسەدان، ئەساییترە لە باوەڕداربوون بەبێ نوێژکردن). ئەمە ڕاستە. بەڵام ئەو شتەی کە بۆ ژیانی ئێمە پێویستە ڕەنگە بە شێوەی سروشتی خۆی ڕوونەدات. ئەم بابەتە چەند دەربارەی کچەکەم ڕاست بوو، هێندەش سەبارەت بە هەناسەدانی ڕۆحی ئێمە ڕاستە.

لە ڕێگای کتێبی پیرۆزەوە بیربکەنەوە لەو نمونانەی کە پێویستیان بە نوێژکردن بووە، بەڵام بە ئاسانی خۆیان لێ بەدوورگرتووە.

دەربارەی ئادەم و حەوا چۆنە؟ لەدوای سەرپێچیکردنیان و پارێزراو بوونیان لە مردنی لە ناکاو، یەزدانی بە بەزەییمان هاتە لایان و قسەی لەگەڵ کردن. لەم

کاتـەدا ئـەوان دەیانتوانـی دان بنێـن بـە لاوازیەکانیانـدا و داوای یارمەتـی بکـەن. بـەڵام ئـەوان نـەك ئەمەیـان نەکـرد، بەڵکـو هەوڵیـان دا ئاراسـتەی سـزای خـودا بـۆ کەسـێکی دیکـە ڕابکێشـن کـە هەندێـك زیاتـر لـەوان شـایانی سـزادان بـوو!

قاییـن لـەدوای ئـەوەی دەسـتی چـووە خوێنـی براکـەی، لەگـەڵ خـودا کەوتـە گفتگۆی ڕووبـەڕوو، بـەڵام نـەوك دانیپێدانانـی نەکـرد، بەڵکـو تەنانـەت داوای لێبوردنیشـی نەکـرد. لـە زەبـووری ٣٢ داود داندەنێـت بـەوەی کـە بێدەنگـی لـە کاتـی گوناهکردنـدا، لەجێگای نوێژکـردن بـە هەمـان شـێوەی گوناهەکـە وێرانکـەرە. لـە سـیپارەی مەرقـۆس بەشـی ١٤ قوتابیانـی مەسـیح خەوتنیـان لـە جێـگای نوێژکـردن بـەلاوە خۆشـتر بـوو. ئـەوان هەرچەنـدە پێویسـتیان بـە نوێـژ بـوو، بـەڵام هەڵسـوکەوتێکی ئاساییان نەکـرد و خەوتن.

## فێری نوێژکردنمان بکە

یەکێـك لـەو بەشـانەی کتێبـی پیـرۆز کـە جێـگای تێڕامانـە، ئـەو بەشـەیە کـە قوتابییـەکان داوا لـە مەسـیح دەکـەن فێریـان بـکات چـۆن نوێـژ بکـەن، لە (لۆقـا ١١: ١). ئـەو شـتەی کـە بابەتەکـە سـەرنجڕاکێش دەکات ئـەوە نییـە کـە داوای فێـرکاری دەکـەن. عیسـای مەسـیح خودایـە و گەورەمانـە. ئـەو دانـا بـوو و وەك ڕابـی و مامۆسـتا ئاسـایی بـوو داوای لێبکـەن فێریـان بـکات، کەواتـە چـی ئـەوە بابەتەکـە گرنـگ و سـەرنجڕاکێش دەکات؟ چونکـە ئەمـە تەنهـا دەربـارەی قوتابییـەکان تۆمارکـراوە کـە داوا لـە عیسـای مەسـیح دەکـەن فێریـان بـکات.

کاتێـك باسـی کارەکان و پەرجووەکانـی مەسـیح دەکەیـن، قوتابییـەکان سەرسـام دەبـن کـە ئـەو چـۆن دەتوانێـت، شـەپۆڵ و بـا ئـارام بـکات. ئـەوان دەبینـن عیسـا کوێـرەکان چاکدەکاتـەوە، ڕۆحـە پیسـەکان دەردەکات، وا دەکات شـەلەکان بـڕۆن، وە بـەردەوام بـە دەسـەڵاتەوە ڕاوەسـتاوە.

پەتـرۆس پرسـیار نـاکات کـە عیسـا چـۆن لەسـەر ئـاو دەڕوات. ئـەو داوا دەکات کـە لـە بەلەمەکـە بێتـە دەرەوە و لەسـەر ئاوەکـە بـڕوات.

کاتێـك عیسـای مەسـیح لـە لۆقـا بەشـی ١٠ حەفتـا و دوو کـەس لـە قوتابییەکانـی دوو دوو بـۆ ئەرکەکەیـان دەنێریـت، فەرمانـی کارکردنیـان هەنـگاو بـە هەنـگاو سـەبارەت بـە چاککردنـەوەی نەخۆشـەکان و دەرکردنـی ڕۆحـە پیسـەکان پێنـادات. ئـەو فەرمانیـان

پێـدەدات کـە بـرۆن و نەخۆشـەکان چـاك بکەنـەوە و پاشـایەتی خـودا ڕابگەیەنـن. قوتابییـەکان نالێـن: عیسـا، کاتێـك کـە کوێرەکـەت چاککـردەوە، ئێمـە نوسـتبووین و نازانیـن کـە چەنـد لـە لیکـی دەمـت بەکارهێنـا بـۆ چاککردنـەوەی ئـە پیـاوە؟. ئـەوان بەبێ ئـەوەی هیـچ پرسـیارێك بکـەن فەرمانـی عیسـایان وەرگـرت و بەڕێکەوتـن، لـەدوای ماوەیـەك بـە شـادییەوە گەڕانـەوە و گوتیـان کـە بەڕاسـتی فەرمانـەکان زۆر سـوودبەخش بـوون.

تەنانـەت کاتێـك قوتابییـەکان ڕووبـەڕووی لاوازی خۆیـان دەبنـەوە، بـۆ نموونـە کاتێـك لـە مەرقـۆس بەشـی ٩ لـە دەرکردنـی ڕۆحێکـی پیـس سـەرکەوتوو نابـن، بـە عیسـا نالێـن، «فێرمـان بکـە چـۆن ئـەم کارە ئەنجـام بدەیـن». لـە بەرانبـەردا دەڵێـن «بۆچـی نەمانتوانـی؟» ئـەوان دەیانەوێت هەڵەکەیـان بزانـن، نـەوەك فەرمانـی کارکرنێـك بـۆ ئـەوەی کارەکەیـەن بـە دروسـتی ئەنجـام بـدەن.

کـەوا کاتـی نوێژکـردن هـات، قوتابییـەکان دەڵێـن، «فێرمـان بکـە». لە (لۆقـا ١١: ١) ئـەوان بـە شـێوەیەکی کاریگـەر دەڵێـن: «ئێمـە دەبێـت فێـر ببیـن. ئێمـە دەزانیـن چـۆن لەگـەڵ هاوڕێیانمـان قسـە بکەیـن. ئێمـە دەزانیـن کاتێـك تـۆ لێرەیـت چـۆن قسـەت لەگـەڵ بکەیـن. بـەڵام نوێژکـردن جیاوازتـر دەردەکەوێـت، ئەمـە ئـەو شـتەیە کـە ئێمـە نازانیـن چـۆن بیکەیـن».

عیسـای مەسـیح بـە پێدانـی چوارچێوەیـەك وەڵامیـان دەداتـەوە، کـە تێکەڵەیەکـە لـە شـێوازی باسکردنی نوێـژ لـە کتێبی پیـرۆزدا. بڕوانە (مەتـا ٦: ٩–١٣؛ لۆقـا ١١: ٢–٤). عیسـا ڕێگەیەکی بـۆ دانانـی فەرمانێـك لەسـەر بابەتەکـە هەیـە. ئـەو ٦١٣ ڕاسـپاردەکەی پەیمانـی کـۆن وەردەگرێـت و لـە چەنـد وشـەیەکی سـادەدا کورتـی دەکاتـەوە: خوداتـان خۆشـبوێت و یەکتریتـان خۆشـبوێت. هەروەهـا بـۆ فێرکردنەکانـی کتێبـی پیـرۆز دەربـارەی نوێژکـردن ئـەم شـێوازە بەکاردەهێنێـت. ئـەو لـە چەنـد ڕسـتەیەکدا بناغـە و بنەماکانـی نوێژکردنمـان بـۆ دادەمەزرێنێـت.

## بناغەدانان: نوێژ چییە؟

ئـەم بابەتـە لـە دوو بەشـی داهاتـووی ئـەم کتێبـەدا زیاتـر ڕوون دەکەینـەوە. بـەڵام ئێسـتا ئـەم پرسـیارە سـادەیە دەکـەم: نوێـژ چییـە؟ (نوێـژ واتـای چوونـە نـاو گفتوگۆیەکـی واتـادارە کـە لەنێـوان دوو کەسـدا ڕوودەدات، پێناسـەکردن دەبێـت خاڵـی

دەستپێکردن بێت.)[a] دەزانیـن کـە نوێژکـردن پێویسـتە هەروەهـا دەزانیـن بـە شـێوازی سروشـتی ڕوونـادات. ئێمـە دەبێـت فێـر بێـن کـە وەك قوتابییەکانـی مەسـیح نوێـژ بکەیـن. بـەڵام ئەگـەر پێـش ئەمـە لەسـەر بابەتەکـە ڕێکەوتـن نەکەین، باسـکردن سـەبارەت بـە نوێژکـردن و شـێوەگرتنی کڵێسـاکەمان، ناتوانێـت سـوودی بۆمـان هەبێـت. ڕەنگـە بڵێـن: پێدەچێـت کات بەفیـڕۆدان بێـت. هەمـوو کەسـێك دەزانێـت نوێـژ چییـە. تەنانـەت پێوەسـت نـاکات شـوێنکەوتووی مەسـیح بـن تاکـو بزانـن نوێـژ چییـە؟ هێنـدە بـە پەلـە مەبـن، هەندێـك جـار ئاسـاییترین وشـەکان بـۆ پێناسـەکردن زەحمەتتریـن دەبـن، بـۆ نموونـە نوێـژ.

ئێـوە لـە گفتوگۆتـان لەگـەڵ خەڵـك چەنـد جـار وشـەی «باشـە یـان کەواتـە» بەکاردەهێنـن؟ کـەس قسـەتان پێنابڕێـت و لـە ناوەنـدی ڕسـتەکانتان بڵێـت بەکارهێنانـی وشـەی «باشـە و کەواتـە» ڕوون بکـەوە. وادیـارە کـە واتـای ئـەم وشـانە زۆر ڕوونـە و پێویسـتی بـە پێناسـەکردن نییـە. مـن دەمەوێـت پێناسـەی بکـەن.

لـە مەبەسـتی مـن تێگەیشـتن؟ ئـەم وشـانە کـە بـە ئاسـانی بەکاردێـن و واتایـان ڕوونـە، هەندێـك جـار بـۆ پێناسـەکردنی ڕەنگـە تووشـی سەرلێشـێوانمان بـکات و ئاسـان نەبێـت، وشـەی نوێژیـش لـەم یاسـایە بـەدەر نییـە.

## پێناسەی نوێژ زۆرە، لێرەدا چەند نموونەیەکمان هەیە:

**نوێـژ گفتوگۆیـە لەگـەڵ خـودا.** ڕێـك وەك ئـەوەی لەگـەڵ نزیکتریـن هاوڕێتـدا گفتوگـۆ دەکەیـت، بیرتـان بـە تـەواوی لـەلای خـودا بێـت.

**نوێژ داواکارییەکە لە خودا.** نوێـژ وەك ڕسـتە و داواکارییەکـی ئێمەیە؛ هەرشـتێك لـە خـودا داوا دەکەیـن خـودا ئەنجامـی دەدات. بـەڵام ئێمـە زۆرانبـازی لەگـەڵ خـودا دەگریـن تاکـو داواکارییەکەمـان وەربگریـن؛ خـودا دەیەوێـت ببینێـت بـۆ ئـەو شـتەی دەمانەوێـت چەنـد بـەردەوام دەبیـن لـە نوێژکـردن. دەبێـت ئـەوەی دەمانەوێـت داوای بکەیـن. پێویسـتە نـاوی بـەرز بکەینـەوە و داوا لـە ئـەو بکەیـن.

**نوێـژ، یەکگرتنـی خواسـتی ئێمـە و خودایـە.** نوێـژ بـۆ گرتنـی شـتێك لـە خـودا

---

a James R. Estep Jr. , Michael J. Anthony, and Gregg R. Allison, A Theology for Christian Education (Nashville: B&H, 2008), 6.

یـان ناچارکردنـی بـە ئەنجامـی کارێـك نییـە. ئـەوەی پێویسـتمانە خـودا دەیزانێـت و پێشـتر دیاریکـردووە کـە بڕیـارە وەربیگریـن یـان نـا. نوێـژ لەڕاسـتیدا بـە تـەواوی یەکگرتنـی خواسـتی ئێـوە و خواسـتی خودایـە. نوێژکـردن زیاتـر بـۆ بەرژەوەنـدی ئێمەیە نـەك خـودا.

**نوێـژ، بیرکردنەوەیەکـی هیوابەخـش و ئامانجـدارە بـە ئاراسـتەی خـودا.** نوێـژ ئاواتێکـی جـوان و بیرکردنەوەیەکـی هیوابەخشـە لـە ڕووبەڕووبوونـەو لەگـەڵ بەختـەوەری و نەهامەتییەکانمانـدا.

**نوێژکردن تێکەڵەیەکە لە هەموو ئەمانەی کە باسمان کرد.**

کامەیـان ڕاسـتە؟ ئێمـە ناتوانیـن هیـچ پێناسـەیەك هەڵبژێریـن. بەڵکـو پێویسـتمان بـە یـەك پێناسـەیەکی ورد و گونجـاو هەیـە. بۆچـی؟ چونکـە لێکدانـەوەی هەڵـە هـۆکارە بـۆ کـرداری هەڵـە.

ئایا چیروکـی ئـەو پیاوەتـان بیسـتووە بـۆ دیـاری ڕۆژی لەدایکبوونـی دایکـی تووتـی بـۆ کـڕی؟ ئـەو دە هـەزار دۆلاری بـە تووتییـەك دا لەبـەر ئـەوەی دەیتوانـی بـە چـل زمـان قسـە بـاکات و چەنـد گۆرانییـەك بڵێـت. ئـەو باڵندەکـەی بـۆ دایکـی نـارد و لـەدوای چەنـد ڕۆژێـك هیـچ هەواڵێکـی لـە دایکـی نەبـوو. نیگـەران بـوو و بیـری کـردەوە، بڵێـی دایکـم دیارییەکـەی بـەدڵ نەبووبێـت، پەیوەنـدی بـە دایکییـەوە کـرد و لـە تووتیەکـەی پرسـی، «باڵندەکـەت بـەدڵ بـوو؟» ئەویـش وەڵامـی دایـەوە، «بەڵـێ نایـاب بـوو!» کوڕەکـەی بـە شـانازییەکەوە پرسـیاری کـرد، «چیـت زۆر بـەدڵ بـوو؟» ئەویـش گوتـی، «ڕانەکانـی، زۆر بەتـام بـوو». ئەمـە نمونەیەکـە لەسـەر لێکدانـەوەی هەڵـە و کـرداری هەڵـە!

## نوێژ چی نییە؟

کاتمـان زۆر نییـە بـۆ ئـەوەی هەمـوو پێناسـەکان بـاس بکەیـن، بـەڵام بـە کورتـی دەربـارەی شـێوازیك قسـە دەکەیـن کـە لـەلای خەڵـك ئاسـایی و بـاوە.

سـیپارەی دەرچـوون ٣٣: ١١ پێمـان دەڵێـت کـە موسـا لەگـەڵ خـودا ڕووبـەڕوو قسـە دەکات، ڕێـك وەك ئـەوەی کەسـێك لەگـەڵ هاوڕێکـەی قسـە بـکات. بـە ڕای مـن دەکرێـت لـە بەکارهێنانـی هەڵـەی ئـەم ئایەتـە، یەزدانناسـیەکی هەڵـە بـۆ نوێـژ دروسـت بکرێـت.

عیسـا مەسـیح خـودای بەجەسـتەبووە. کەواتـە هـەر کاتێـك قوتابییـەکان قسـەیان

لەگەڵ دەکرد، ئەوا لەگەڵ خودا قسەیان دەکرد، وەك چۆن کەسێك لەگەڵ هاوڕێکەی قسە دەکات. ئەگەر نوێژکردن بە تەنها گفتوگۆیە لەگەڵ خودا و عیسا خودا بوو، کەواتە ئایا هەر گفتوگۆیەکی ئەوان بە نوێژێك هەژمار دەکرێت؟ من پێم وانییە عیسا بەم شێوەیە بینیبێتی.

کاتێك فیلیپۆس داوای لە عیسا کرد باوکمان نیشان بدە، عیسا لە وەڵامدا فەرمووی: «ئەوەی منی بینیوە، باوکی بینیوە» (یۆحەنا١٤: ٩). وادیارە دەڵێت: «بەدوای چیدا دەگەڕێیت. ئەگەر منت بینیوە، خودات بینیوە» (بڕوانەعیبرانییەکان ١: ٣). هەرچۆنێك بێت، لە کاتێکدا قوتابییەکان داوا لە مەسیح دەکەن کە فێری نوێژکردنیان بکات، ئەو بە هەمان شێوە وەڵام ناداتەوە. ئەو ناڵێت: «ئەگەر لەگەڵ من قسەتان کردووە، لەگەڵ باوك قسەتان کردووە». بە پێچەوانەی ئەمەوە، فەرمانی کارکردنیان پێدەدات. ئەو چوارچێوەیەکی پێدان کەوا چۆن لەگەڵ کەسێك قسە بکەن بە ناونیشانی «باوکمان» کە ڕووبەڕوویان نەوەستاوە (مەتا ٦: ٩–١٥؛ لۆقا ١١: ١–٤).

لەکاتێکدا کە نوێژکردن زیاترە لە گفتوگۆیەکی ئاسایی لەگەڵ بەدیهێنەرمان؛ نوێژکردن، دەست تێوەردانی ئێمە نییە لە بەدیهاتنی خواستی خودا. خودا دەسەڵاتدار و گەورەیە. ئێمە ناتوانین دەست تێوەردان لە ویست و خواستی ئەودا بکەین. ئەو زۆر بەهێزە، ئێمە ناتوانین زیاتر لەوەی کە کچە بچووکەکەم دەیکات، ئەنجامی بدەین – کچیکەم شتێکی نییە کە من پێویستمە یان دەمەوێت.

بزانن مەبەستی من لە ئەستەم بوونی تێگەیشتن لە نوێژ چییە؟ ئەمە هێندەی ئەو پێناسانەی کە من لە مێژە دەیانزانم، ڕاستەوخۆ و ڕوونکراوە نییە. پێناسەی نوێژکردن لە ئێستادا جیاوازترە لە ڕابردوو و هەروەها وەك ڕابردوو پچڕاو و فەرمی و وشك نییە.

## بانگکردنی ناوی پەروەردگار- پەروەردگار بانگ بکە

من هەتا ماوم خۆم بە قەرزاری کتێبی (بانگهێشتێك بە ناوی پەروەردگار: یەزدانناسی نوێژ بەگوێرەی کتێبی پیرۆز) دەزانم لە نووسینی گەری میلر. کتێبەکە وەڵامێکی تایبەتی بۆ ئەم پرسیارە هەیە؛ نوێژ لە ڕاستیدا چییە؟ ئەو بە دوای سەرەداوێکی هاوبەشدا دەگەڕێت کە نموونەی نوێژەکانی کتێبی پیرۆز لە

پەیدابوونەوە هەتا ئاشکراکردن پێکەوە ببەستێکەوە، بۆ ئەوەی بتوانێت پێناسەیەکی بەپێی کتێبی پیرۆز بۆ نوێژ بدۆزێتەوە

بە جۆرێك کە تایبەت و لە هەمان کاتدا گشتگیر بێت. ئەمە ئەنجامەکەی ئەوە: نوێژ «بانگهێشتی خودایە بۆ بەجێگەیاندنی بەڵێنەکەی».[a]

یەکەم نموونەی تومارکراوی نوێژ لە کتێبی پیرۆزدا لە سیپارەی پەیدابوون بەشی چوار، لە دەرەوەی باخی عەدەندا ڕوویدا، «ئادەم و حەوا بوون بە خاوەن کوڕێکی دیکە. ئادەم گوتی: "لە جیاتی هابیل کە قابین کوشتی خودا کوڕێکی دیکەی پێبەخشیم." وە ناوی لێنا شیت، هەروەها شیت کوڕێکی بوو ناوی لێنا ئەنۆش. لەو کاتەدا بوو کە خەڵکی دەستیان کرد نە نزاکردن بە ناوی یەزدانەوە.» (پەیدابوون ٤: ٢٥–٢٦).

بانگکردنی ناوی پەروەردگار واتای زیاترە لەوەی بە دەنگی بەرز بانگی بکەیت. بە درێژایی بەشەکانی کتێبی پیرۆزدا، ناوی خودا هاوواتای سروشتەکەیەتی. بانگکردنی ناوی ئەو بە واتای پشتبەستن بە کەسایەتییەکەیەتی. هاوارێکە بۆ داواکردنی یارمەتی، وەك ئەو کاتەی کە کەسێك هاوار دەکات: «پەیوەندی بکەن بە ٩١١» لەدوای پەیوەندیکردن بەڕای ئێوە دەبێت سەبارەت بە چۆنیەتی ئەم گفتوگۆیە پرسیار بکەین؟ وابزانم پەیوەندیکردن بە ٩١١ بە واتای داواکردنی یارمەتییە بەپێی ئەو زانیارییانەی کە دەیزانین هێڵێکی فریاکەوتنە. دەربارەی بانگکردنی ناوی پەروەردگاریش بەم شێوەیەیە.

(پەیدابوون ٤: ٢٦) ڕێك ئەوەیە کە میلار ناوی لێدەنێت «بناغە».[b] دەتوانین دیواری بەبێ بناغە و وێرانی بەشەکانی دیگەیماڵەکە، بڕووخێنین. هەروەها ناتوانین دیوارە بناغەدارەکان بڕووخێنین بەبێ ئەوەی ماڵەکە وێران بێت. ئایەتی ٢٦ ئەم جۆرە بارگرانییە بۆ تێگەیشتن لە واتای نوێژ لەخۆدەگرێت. ئەمە یارمەتیمان دەدات چوارچێوەیەك بۆ تێگەیشتن لە نوێژ دروست بکەین، چونکە لێرەدا بۆ یەکەم جار لە کتێبی پیرۆزدا خەڵکی بانگی ناوی پەروەردگار دەکەن.

---

a Gary Millar, Calling on the Name of the Lord: A Biblical Theology of Prayer, New Studies in Biblical Theology (Downers Grove, IL: Inter Varsity Press, 2016), 27

b Millar, Calling, 26.

کەواتــە ئــەم ئایەتــە بنەمــا و بناغەیــە. لــە بەشــی یەکــەم و دووەمــی ســیپارەی پەیدابــوون، خــودا هەمــوو شــتێکی بــە باشــی بەدیهێنــا، وە ئــادەم و حــەوای لــەوێ دانــا تاکــو پەیوەندییــان لەگــەڵ خــودا هەبێــت و لــە هەمــوو زەویــدا ڕەنگدانــەوەی شــکۆمەندی ئــەو بــن. لــە بەشــی ســێیەمی پەیدابــوون، ئــادەم و حــەوا لەلایــەن مارەکــەوە فریــودران، بڕیاریــان دا لەجیاتــی ڕەنگدانــەوی شــکۆمەندی خــودا، جێگــرەوەی خــودا بــن. کاتێــك خــودا یاخیبــوون و گوناهــی ئەوانــی بینــی، ئــادەم حــەوای تاوانبــار کــرد، حــەواش مارەکــەی تاوانبــار کــرد.

دواتــر خــودا دەســت دەکات بــە قســەکردن. ئــەو چــی دەڵێــت؟ لــە پەیدابــوون بەشــی ٣ ئایەتــی ١٥ (ئایەتێکــی بنەڕەتــی دیکــە) خــودا وشــەی بەڵێــن بەکاردەهێنێــت. ڕۆژێــك دێــت، نــەوەی ئــەم ژنــە ســەری مــار پــان دەکاتــەوە. کەواتــە لــە ژن کوڕێــك لەدایــك دەبێــت کــە شکســت بــەم مــارە فێڵبــازە دەهێنێــت. هەرچەنــد ئــادەم و حــەوا لــە دژی خــودا گوناهیــان کــرد، خــودا بــە خۆشەویســتی و نیعمەتــی خــۆی پارێزگاری کــرد لــە ژیانیــان و بەڵێنــی پێــدان کــە ڕۆژێــك لــە ڕێــگای ئــەم کــوڕەوە هەمــوو شــتیك ڕاســت دەکاتــەوە.

کەواتــە بەشــی چــواری ســیپارەی پەیدابــوون هیوابەخشــە. ئــادەم و حــەوا کوڕێکیــان بــووە و لــەو بڕوایــەدان کــە بــە تۆبەرەکەیــان بەڵێنەکــە جێبەجــێ بــووە. ئــەوان ناویــان لێنــا قاییــن، واتــای ناوەکــەی «بــە دەســت هاتــوو»ــە. ئــەوان وای دادەنێــن کــە ئــەو دەنکۆڵــەی بەڵێنەکەیــە، بــەڵام کاتێــك لــەدوای یەکــەم ڕێوڕەســمی ئایینــی بــە دەســتە سوورکراوەکان بــە خوێنــی براکــەی دەگەڕێتــەوە و دووردەخرێتــەوە، هەمــووان بۆیــان دەردەکەوێــت کــە ئــەو دەنکۆڵــە و تــۆوی بەڵێنەکــە نییــە کــە پێیــان وابــوو.

لــە بەردەوامــی بەشــی چــواری پەیدابــوون، نووســراوە کــە ڕەچەڵەکــی نــەوەی قاییــن بــە نــاوی لەمــەك کۆتایــی دێــت. کوشــتن لــە بنەماڵــەی قاییــن‌دا بەردەوامــە و ئێســتا لەمــەك شــانازی دەکات کــە لــە قایینــی باوانــی خــۆی بکوژتــرە. لێرەدا ئایاتــی ٢٥ و ٢٦ دێــت. ئــادەم و حــەوا کوڕێکــی دیکەیــان دەبێــت بــە نــاوی شــیت و پێشــنیارێکی دیکــە دەکــەن. دیســان خەڵــك داوا لــە خــودا دەکــەن تاکــو بەڵێنەکــەی جێبەجــێ بــکات. کاتێــك دەســت دەکــەن بــە بانگکردنــی نــاوی خــودا لــە ڕاســتیدا داوا دەکــەن کــە لــەم کــوڕەدا بەڵێنەکــە جێبەجــێ بکرێــت و ئــەو نەفرەتەکــە هەڵبگرێــت و شکســت بــە مارەکــە بهێنێــت.[a]

---

a Millar, Calling, 27.

جـان کالویـن دەڵێـت، «نوێـژ لـە کتێبـی پیـرۆزدا پەیوەندییەکـی بەیەکـەوە گرێـدراوی هەیـە لەگـەڵ مزگێنیـدا –ڕێگایـەك بـۆ کێشـەی یاخیبـوون و خراپـەکاری مـرۆڤ دادەنێـت و لـە دژی دەرەنجامـی تـاوان بەڵێنـی ڕزگاری دەدات». شـێوازی نوێژکـردن لـە لاپـەرە سـەرەتاییەکانی کتێبـی پیـرۆزدا دەبینرێـت –بـە تایبەیتـی لـە (پەیدابـوون ٤: ٢٦)، کاتێـك خەڵکـی بـۆ یەکـەم جـار بانگـی نـاوی یـەزدان دەکـەن –ڕێـك وەك ئـەو کاتـەی کـە لـە کۆتاییـدا لـە کڵێسـا دەڵێـن «ئامیـن! وەرە، عیسـای خـاوەن شـکۆ. » ( ئاشـکراکردن ٢٢: ٢٠)[a]. کەواتـە، نوێـژ یـەك واتـا دەدات «ئـەی خودایـە، ئایـا ئێمـە هێشـتا لێرەیـن؟ کەواتـە تکایـە ئـەو بەڵێنانـەی پێـت داویـن جێبەجێـی بکـە». نوێـژ لـە کتێبـی پیـرۆزدا هیـوای ڕزگارییـە، بۆیـە پەیوەنـدی بـە مزگێنـی ڕزگارکـەر هەیـە.

## نوێژ: ڕەچەتەی خودایە بۆ ژیان لە جیهانێکی کەوتودا

نوێـژ وەك ڕەچەتەیـەك ببینـن، کـە خـودا دایناوە بـۆ ژیـان لـەو جیهانـەی کـە بەهـۆی یاخیبوونـی خۆمـان کەوتـووە. ئـەم ڕەچەتەیـە وەك ڕەچەتەکانـی دیکـە کار دەکات. بیهێننـە پێـش چـاوی خۆتـان کاتێـك دەرمانێـك دادەنرێـت بـۆ ئازارێـك کـە بێـزاری کـردوون. ڕەنگـە ئێـوە، نوڕینگـەی پزیشـکەکە تەنهـا بـە پەڕەیەکـی کاغـەزوە بەجێبهێڵـن، بـەڵام گۆڕانکارییـەك ڕوودەدات. تەنانـەت کاتێـك هێشـتا لـە نەخۆشـییەکە ڕزگارتـان نەبـووە و بارودۆخەکـە وەك خۆیەتـی، چ شـتیك دەبێـت بـە هـۆکاری دڵخۆشـییتان؟ یـەك وشـە: هیـوا. ڕەچەتەکـە لەخۆیـدا دەرمـان نییـە، بەڵکـو دەتانگەیەنێتـە لای دەرمانەکـە. ڕەنگـە ئازارەکەتـان هێشـتا بـەردەوام بێـت، بـەڵام ڕەچەتەکـە بەبیرتـان دەهێنێتـەوە کـە نەخۆشـییەکەتان کاتییـە و تێدەپەڕێـت، چونکـە ئێـوە چارەسـەرتان دۆزیوەتـەوە.

هـەروەك ڕەچەتەیـەك، نوێـژ پێـش ئـەوەی بارودۆخەکەمـان باشـتر بـکات، نیگەرانییەکانمـان کـەم دەکاتـەوە. بیـر لـە زەبـووری ١٣ بکـەوە. ئێمـە بـە وردی دڵنیـا نیـن لـەو بارودۆخـەی کـە داود تێیدایـە و بەهۆیـەوە ئـەم زەبـوورەی نووسـیوە، بـەڵام هەرکەسـێك دەیخوێنێتـەوە دەبینێـت ئەزموونێکـی هاوشـێوەی هەبـووە.

زەبـووری ١٣ بـە دڵەڕاوکـێ و نیگەرانـی داود دەسـت پێـدەکات، «ئـەی یـەزدان، هەتـا کـەی؟ بـۆ هەمیشـە؟ هەتـا کـەی ڕووی خۆتـم لـێ وەردەگریـت؟» (ئایەتـی ١) بـەڵام، لـە کۆتاییـدا داود سـەرقاڵی جەژنـی ڕزگارییـە: «سـروود بـۆ یـەزدان دەڵێـم،

---

a John Calvin in Millar, Calling, 15–16.

چونکە چاکەی لەگەڵ کردووم»(ئایەتی ٦). زەبوورێك کە بە تەنها ٦ ئایەت لەخۆ دەگرێت. چۆن داود بەم خێراییە لە تەنگانەوە گەیشتە حەسانەوە و ڕزگاری؟ نەك بە گۆڕینی بارودۆخەکە، بەڵکو، بەرزکردنەوەی نیگەرانییەکانی بۆ بەر دەرگای خودا و داواکردنی بەڵێنی ئارامی خودا، هەروەها متمانەکردن بەوەی دەیکات.

داود فێردەبێت کە لە نوێژدا زیاتر لەوەی پرسیاری «کەی دەتەوێت؟» بکات، بەڵکو سەرنج بخاتە سەر ئەوەی کە پرسیار بکات و بڵێت «ئایا دەتەوێت؟ ئایا ناتەوێت؟». هەرچەندە داود بە نیگەرانی لە کاتی وەڵامدانەوەی نوێژەکەی، نزا دەکات و لە کۆتاییدا بڕیاردەدات پشت بە خۆشەویستی و ڕزگاری خودا ببەستێت و شادی دەرببڕێت، تەنانەت کاتێك بارودۆخەکەشی نەگۆڕدراوە. وەك ڕەچەتەیەك، نوێژ ئەو هیوایەی بە داود بەخشی کە پێویستی پێی بوو، تاکو بتوانێت بە بەرگەگرتن و خۆڕاگرییەوە ئارامگر بێت: خودا بەڵێنی داوە، ئەو لە بەڵێنەکانی ڕاستە.

## هاندانی عیسا

ئەمە ئەو پەڕی بێفیزییە کە داوا لە کەسێك بکەیت فێرت بکات چۆن کارێك ئەنجام بدەیت. خۆشبەختانە عیسای مەسیح کاتێکی زۆر بەسەرنابات لە لۆمەکردنی قوتابیەکان، بە پێچەوانەوە زۆرتر بەهێزیان دەکات و هانیان دەدات بۆ نوێژکردن. عیسا بە مەتەڵ و چیرۆك، ئەو بابەتەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و بەرجەستەی دەکات کە لە نوێژ نەکردنمان لە دەستی دەدەین.

کاتێك عیسا فێری نوێژکردنمان دەکات بە میهرەبانی و دڵسۆزییەوە بە بیرمان دەهێنێتەوە کە خودا ئێمە دەبینێت –نەك بە شێوازی کەسێك کە تاوانێکی کردووە و بەرامبەر کامێرای تۆمارکردنی تاوانەکانی دانیشتووە، بەڵکو بە شێوازی دەسەڵاتدارێکی شاردراوە کە بۆ ئەنجامی کاری باشی ژێردەستەکانی پاداشتتیان پێدەدات. عیسا ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە نوێژکردن بە هێزەکەی هەڵدەسەنگێنرێت، نەك بە درێژە پێدانی، هەروەها نوێژ دەبێت هەستی نیگەرانی و نائارامیمان لەناو ببات. ڕاسپاردەکانی خودا هیچ بیانووێکمان بۆ ناهێڵێتەوە کە نوێژ نەکەین، وە هەر هاندانێکمان بۆ دێنێتە ژێر تیشکی هیوایەکی زیندوو.

## شێوەی کڵێسا لە نوێژدا

ئـەم هیوایـە لەنێـوان هەمـوو شـوێنکەوتووانی مەسـیحدا بـە یەکسـانی دەبینرێـت، هیوایەکـە کـە ژیانمـان بەڕێوەدەبـات. (یەکـەم تیموسـاوس ٤: ١٠؛ تیتـۆس ١: ١٢و٢: ١١–١٤و ٣: ٤–٧). ئەمـە دەیسـەلمێنێت کـە ئـەم هیوایـە بـە تەنهـا بـۆ مـن نییـە، بەڵکو بۆ ئێمە هەموومانـە. هەروەهـا مـارك دیـور دەڵێـت: «وەڵامـی ئـەم پرسـیارەی کـە بـاوەڕدار بـە مەسـیح کێیـە؟ بەبێ تەواوکردنـی ئـەو پرسـەی کـە کڵێسـا چییـە؟، ناتـەواو دەبێـت– لانیکـەم لـە کتێبـی پیـرۆزدا وایـە).[a] ئەگـەر نوێژکـردن ئـەو ئامـرازە هاوبەشـەیە کـە لـە مەسـیحدا یەکگرتوومـان دەکات، کەواتـە نوێژکـردن ڕەنگدانـەوەی یەکگرتوویـی ئێمەیـە لەگـەڵ مەسـیح. ئەگـەر نوێژکـردن شـێوەی بـاوەڕی ئێمـەی هەیـە کەواتـە بـە واتایەکـی دیکـە دەبێـت شـێوەی کڵێسـای هەبێـت.

لـەم کتێبـەدا ئێمـە باسـی هەمـوو نموونەکانـی نوێـژ لـە کتێبـی پیـرۆزدا ناکەیـن. زیاتـر دوو بابـەت تاوتـوێ دەکەیـن، ئەمـەش واتـای ئـەوە نییـە کـە بابەتەکانـی دیکـە گرنـگ نیـن، بەڵکـو دەمانەوێـت سـەرنج بخەینـە سـەر ئـەوەی یارمەتیـدەر بیـن بـۆ ئـەوەی نوێـژ شـێوەی چوارچێوەیەکـی کـرداری وەربگرێـت. ئێمـە چ چوارچێوەیەکمـان هەیـە کـە مەسـیح پێشکەشـی کردوویـن؟ ئـەم فێرکـردن و چوارچێوەیـە چۆن یارمەتیمـان دەدات لە دروسـتکردنی بنەماکانی نوێژ و تێگەیشـتنی باشـتر لە نوێژ و دەرەنجامە هاوبەشـەکانی.

---

a Q. Mark Dever, What Is a Healthy Church? (Wheaton, IL: Cross-way, 2007), 26

# بەشی سێیەم

# جیهان هی تۆیە

## ڕابەرایەتی خێزان

نەکردنی نوێژ وەك خۆکوشتنی ڕۆحییە. بۆیە پێشنیار دەکەم زۆرتر نوێژ بکەین. ئەم کارە وەك دروستکردنی موشەك نییە و زانیاری و شارەزایی تایبەتی ناوێت. بەڵام پێش ئەوەی بتوانین زۆرتر نوێژ بکەین پێویستە بزانین مەبەست لە نوێژکردن چییە و چۆن دەتوانین پێناسەی نوێژ بکەین بەپێی کتێبی پیرۆز؟ عیسای پەروەردگار بە میهرەبانی ئەمەمان فێردەکات.

لەم بەشە و دوو بەشی داهاتوودا باسی ئەو چوارچێوەیەی نوێژ دەکەین کە عیسای مەسیح فێرمان دەکات. ئەمە دەبێتە ڕێگا خۆشکەرێك بۆ ئەوەی لە پێویستی نوێژی بە کۆمەڵ تێبگەین و دیاری دەکات چۆن کڵێسا شێوە دەبەخشێت.

## پێشینەییەکانی پرۆسەکە: دەستپێك بۆ فێربوونی شێوازی نوێژکردن

برازا دوو ساڵانەکەم، جەکسۆن، تاکو یەکەم ڕێوڕەسمی «ڕۆژی سوپاسگوزاری» نەیدەزانی کێك چییە؟، کاتێك دراوسێکانمان کێکیان هێنا، هەموو ژیانی گۆڕا. چونکە ئەو لە شیر، مێوە و سەوزەواتی وردکراو یان تێکەڵەیەك لەمانە ڕاهاتبوو، بەڵام ئێستا بۆ ئەو تێکەڵەیەکی جیاواز بە تامێکی دیکە، واتای ئەزموونێکی نوێ بوو. ماوەیەکی کورت لەدوای ئەوەی کە تێگەیشت ئەم تامە نوێیە ناوی کێکە، سەرنجی دا کە بە ئاسانی لەدوای کەوتنە سەر زمانی وشەی (کێك! کێك!) وە داواکردن لە مامە ساویلکەکەی دەتوانێت، بەدەستی بهێنێت... هەرجارێك کە مامی دەهات، یەکەم وشە کە لە زاری دەردەچوو کێك بوو! هەڵبەت منیش بە ئاسانی پێمدەدا... تاکو هاوسەرەکەم هاتە ناو بابەتەکە و گوتی، جەکسۆن ئەگەر کێکت دەوێت ئەمە ڕێگای داواکردن نییە، بەڵکو دەبێت بڵێیت (تکایە کێك). لەوە بەدوا ئێمە دەستمانکرد بەوەی جەکسۆنی بچکۆلانە فێر بکەین لە ڕێگای پرسیارکردنەوە داوا بکات، پێمان دەگوت (جەکسۆن چۆن داوای کەیك دەکەیت؟) ئەویش بە پەلە وەڵامی دەدایەوە: (تکایە کێك!). ئێمە پرۆسەی دروستی بەدەستهێنانمان فێرکرد. بەڵام، دواکارییەکەیمان وەك خۆی هێشتەوە.

عیسا بە شێوەیەکی جیاواز هەڵسوکەوت لەگەڵ نوێژ دەکات؛ ئەو کێشەی ئێمە لە دەربڕینی نوێژدا ڕاست ناکاتەوە، وەك ئەوەی من و هاوسەرەکەم کردمان. ئەو پێشینەیەك بۆ کێشەکانمان دادەنێت. جەی سی ڕایل دەڵێت: «نوێژکردنی کەسێکم پێ بڵێ، من بە خێرایی بارودۆخی ڕۆحی ئەوتان پێدەڵێم.»[a] کاتێك کە مەسیح فێری نوێژکردنمان دەکات، چۆنیەتی داواکردنمان فێر ناکات، بەڵکو چۆنیەتی داواکردنمان فێر دەکات؛ ئەو پێش ئەوەی فێری نوێژکردنمان بکات، پێشینەی پێویستیەکانمانی دیاری دەکات. لێرەوە دەتوانین دەست پێدەکەین.

## ئەی باوکمان: عیسا بە پەیوەندیەکی نزیکەوە دەست بە نوێژ دەکات

نوێژی پەروەردگار بە دوو وشە دەست پێدەکات «ئەی باوکمان»، هێندەی ئەوەی کە ئاشنایە بۆمان، گرنگیشە. (مەتا ٦: ٩). بەڵام مەهێڵە ئاشنابوونی لە گرنگی بابەتەکە کەم بکاتەوە. نوێژکردن بە قبوڵکردنی پەیوەندییەك دەست پێناکات، بەڵکو بە قبوڵکردنی پەیوەندییەکان دەست پێدەکات. ئێمە وا ڕاهاتووین کە نوێژ بە پەیوەندیەکی تایبەت و تاکەکەسی ببینین، بەڵام لەمە زیاترە.

هەرچەند پەیڕەوکردنمان لە نوێژی بە تەنهایی و تاکەکەسی وەك ڕزگارکەرێکە لە خنکان لە کاتی مەلەکردندا، لە دژی دووڕوویی لەبەرچاوی خەڵکدا یارمەتیدەرمان بێت (مەتا ٦: ٥)، بەڵام بە تاکەکەسی نوێژکردن لەوانەیە ببێتە خووێك. لە تێرکردنی پێنج هەزار کەس (یۆحەنا ٦: ١٠-١١)، هەتا زیندووکردنەوەی لەعازەر(یۆحەنا ١١: ٤١-٤٤)، هەتا نوێژی عیسا لە باخی گەتسیمانی (مەتا ٢٦: ٣٦)، عیسا زۆربەی کات لە نوێژدا ئەوانی دیکەی لە یاد بوو. لە ڕاستیدا ئێمە نابێت هەوڵی ئەوە بدەین لە ڕێگای نوێژەکانمانەوە سەرنجی خەڵکی ڕابکێشین، بەڵکو دەبێت لە نوێژدا ڕەچاویان بکەین و لە بیریان نەکەین.

بۆچی؟ چونکە ئێمە لە مەسیحدا یەك خێزانین؛ خودا بە تەنها باوکی من نییە، «باوکمان»ە. ئەم وشە بە بیرمان دەهێنێتەوە کە ئێمە ڕۆڵەی خوداین و خوشك و برای یەکترین. نوێژ بە تەنها واتای ئەوە نییە کە پەیڕەوکردنێکی تاکەکەسیە و بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆمانە، بەڵکو بنەمایەکە بەبیرمان دەهێنێتەوە تاکێکی

---

a J. C. Ryle, A Call to Prayer: With Study Guide (Pensacola, FL:Chapel Library, 1998), 35, Kindle. 2

خێزانەکەین، لە بەرامبەر کەسانی دیکە بەرپرسیارییەتیمان لە ئەستۆیە. ئەمە واتای ئەوە نییە کاتێك نوێژ دەکەین دەبێت پێکهاتە و شێوازی بیرکردنەوەی تاکەکەسیمان وەلابنێین. ئێمە لە پەیوەندی لەگەڵ خودا یەك کەس نین، بەڵکو، تاکێکین لە کۆمەڵگایەك کە لەلای خودا یەکسانین، نوێژ پەیڕەوکردنێکی بە کۆمەڵە.

ئەگەر پێت وایە زۆر باسی ئەم بابەتەمان کرد، وا باشە سەرنج لە وتاری سەر چیا بدەیت (مەتا بەشی ٥ هەتا ٧)، عیسا جێناوی تاك بەکاردەهێنێت کاتێك لەگەڵ خەڵکی، سەبارەت بە ڕەوشتبەرزی قسە دەکات. لە هەموو ئامۆژگارییەکانی دەربارەی ڕەوشت (مەتا ٥: ٢٩–٣٠)، داوێنپیسی و تەڵاق (مەتا ٥: ٣٢–٣٣)، تۆڵەسەندنەوە (مەتا ٥: ٣٩–٤٢)، جێناوی تاك بەکاردەهێنێت. بەڵام کاتێك سەبارەت بە نوێژکردن لەگەڵ هەمان خەڵك قسە دەکات تەواوی جێناوەکان دەگۆڕێت بە جێناوی کۆ (مەتا ٦: ٩–١٣). ئەمە هەڵەیەکی ڕێزمانی نییە. ئەمە ڕێك فێرکردنەکەی عیسایە.

ئێمە یەك خێزانین، چونکە یەك باوکمان هەیە. پێش ئەوەی داواکارییەکەی لێ بکەین بەبیرمان دەهێنێتەوە کە خودا بە تەنها، حوکمڕان و دادوەرێکی دەسەڵاتدار و بەهێز نییە. هەروەها باوکمانە. عیسا لەجیاتی ئێمە گیانی سپارد تاکو ئێمە لەبەردەم خودا ڕاستودروست بین. بەڵام ئەو بە قبوڵکردنی ئێمە وەك خێزانی خۆی بە کردار خواستی خۆی سەلماند.[a] ئەمە واتای ئەوەیە کە کاتێك بەرەو لای خودا دێین هیچ ترسێکمان نییە.

ئایا دەبینن کە چەند ناوازەیە؟ باوکمان دەبیستێت و گوێمان لێ دەگرێت (زەبوورەکان ٥: ١–٣). باوکمان بە هەموو کەموکوڕی و لاوازییەکانمانەوە، دڵسۆزی و خۆشەویستی خۆیمان بۆ دەردەخات. (زەبوورەکان ١٠٣: ١٣). باوکمان بە خۆشەویستی خۆی داماندەپۆشێت، هەرچەندە ئێمە شایانی توڕەیین (ڕۆما ٨: ١–١٥). باوکمان پێداویستییەکانی ئێمە دابین دەکات و دیاری باشمان پێشکەش دەکات (مەتا ٦: ٨؛ ٧: ١١؛ یاقوب ١: ١٧). باوکمان بۆ چاکەی ئێمە بە خۆشەویستی خۆی تەمبێمان دەکات (عیبرانییەکان ١٢: ٥–١١). چ دەستکەوتێکی نایابمان دەبێت کاتێك بە خودا دەڵێین (ئەی باوکمان).

---

a J. I. Packer expounds on this in greater depth in his chapter “Sons of God,” in Knowing God (1973; repr. , Downers Grove, IL: Inter- Varsity Press, 1993).

جەی. ئای. پەکر بە باشترین شێوە باسی ئەم بابەتە دەکات:

> ئەگەر دەتەوێت بڕیار لەسەر کەسێك بدەین کە چەند لە باوەڕەکەی تێگەیشتووە، دەبێت بزانین کە چەند سەبارەت بە ڕۆڵەی خودابوونی خۆی بیردەکاتەوە یان چەندە خودا وەك باوکی خۆی دەبینێت. ئەگەر ئەم ڕوانگەیە تەواوی ڕەهەندەکانی ژیانی نوێژ و پەرستنی کەسەکە لەخۆ نەگرێت و ڕێبەرایەی نەکات، واتای ئەوەیە کە لە باوەڕەکەی تێنگەیشتوە. هەموو ئەوی کە مەسیح فێریمان دەکات، هەموو ئەوەی کە پەیمانی نوێ باشتر و نوێتر لە پەیمانی کۆن دەردەخات و هەر شتێك کە باوەڕی مەسیحی لە جولەکە جیادەکاتەوە، لە ناوهێنانی خودا بە وشەی باوکە. (باوك) ناوی خودایە لە باوەڕی مەسیحدا.[a]

بە درێژایی ژیانم شانازی ئەوەم هەبووە زۆر کەسانی گەورە وەك باوك بناسم. بەڵام، من پاڵەوانی خۆمم هەیە. لە دەیەی ڕابردوی ژیانمدا دوو باوکی نایابم هەبووە، کە شوان و هاوکارم بوون. ئەم دوو کەسە باوکی ئەو منداڵانەن کە بە دەست نەخۆشی ئۆتیسمەوە دەناڵێنن. هەرچەندە دونیا وەك کەسانێکی بە کەموکوڕی دەیانبینێت، ئەمە لە خۆشەویستی و هۆگربوونی ئەوان بەرامبەر بەم منداڵانە کەم ناکاتەوە. من خۆشەویستی بەبێ مەرجی ئەوانم بۆ منداڵەکانیان بینیوە، تەنانەت ئەوەشیان تێپەڕاندووە کەوا لە بارودۆخێکدا زۆر دایك و باوك لە منداڵەکانیان بێهوا دەبن.

ئەمە بەرەکەتە کە ئێمە ناوی خودامان وەك باوك دەهێنین. ئەم بەرەکەتداربوونەمان هی ئەوە نییە کە بەهۆی هێزی خەیاڵی خۆمان هەڵبژێردراوین. هیچ کەس لە ئێمە ئەستێرەیەکی وەرزشوان، خاوەنکارێکی سەرکەوتوو، یان قسەکەرێکی بلیمەت نییە، تاکو باوکمان لەبەر ئەم ناونیشانانە هەڵمانبژێرێت و شانازیمان پێوە بکات. بە پێچەوانەوە منداڵانێکی دەستبلاوین کە ئەو ڕێزەی خودا پێی بەخشیوین لە پێناو شتێکدا بەکاری دەهێنین، کە لەلای خودا پەسەند نییە. ئێمە منداڵانێکی بێ

a Packer, Knowing God, 201

هیواین کە پێویستمان بە باوکێکە پڕ لە خۆشەویستییەکی بێ مەرج، چونکە بەردەوامی لە تەواوی ڕووداوەکانی ژیانماندا شکست دەهێنین. خودا باوکێکی وایە بۆ ئێمە.

ئەمە خودایە کە دڵەکانمان بۆ نوێژکردن ئامادە دەکات، گوێ لە نوێژەکانیشمان دەگرێت، ئەمە هاندانێکی باشە بۆ نوێژکردن. ئێوە کەسێکتان هەیە کە بەڕاستی بە جوانی و بە تەواوی گوێتان لێ دەگرێت. هیچ لاوازی و کەموکوڕییەکی ئێمە ناتوانێت لە خودا دوورمان بخاتەوە. باوکمان گوێ شل دەکات و تامەزرۆی بیستنە لە ئێمە. نازانم چەند کات تێپەڕیوە لەو دوایین جارەی کە نوێژتان کردووە بەڵام، لێرەدا بابەتێك هەیە کە لێی دڵنیام: ئەو ڕێك ئێستا گوێی لێتانە. ئەو باشترین گوێگرە کە دەتوانین بیری لێ بکەینەوە.

کاتێك نوێژ دەکەین و دەڵێین «ئەی باوکمان» ئەمە نزیکی، دانایی و دانبەخۆداگرتن و گرنگیپێدانی ئەومان بەبیر دەهێنێتەوە. کاتمان نییە باسی هەموو ئەو ڕاستییە بێسنوورانە بکەین کە واتای ئەم وشەیە لەخۆی دەگرێت. بەڵام بزانن: خودا لە پلەی یەکەمدا بانگهێشتمان دەکات کە وەك باوك لە باوەشمان بگرێت.

## تێگەیشتن لە دەسەڵاتی «باوکمان لە ئاسمان»

نوێژی پەروەردگار دەستپێدەکات بە «ئەی باوکمان لە ئاسمانە» (مەتا ٦: ٩). نوێژەکەمان بە هێزێکی زیاتر لە گەرمی باوەشی باوکمان لەگەڵ ئێمە و کەسانی دیکە، دەست پێدەکەین؛ ئێمە بە هێزی متمانەیەکی زۆر بە کەسێك کە لە سەرەوەی هەموو دەسەڵاتێکەوەیە دەستدەکەین بە نوێژەکەمان. کاتێك نووسەرانی کتێبی پیرۆز باس لە ئاسمان دەکەن تەنها ئاماژە بە شوێنێك ناکەن، بەڵکو مەبەستیان دۆخێکی دەسەڵاتە یان دەستەواژەیەك بۆ نیشاندانی هێزێك. کاتێك دەڵێین بارەك ئۆباما لە کۆشکی سپی بوو، مەبەستمان ناونیشانی شوێنەکە نییە. مەبەستمان ئەوەیە ئەو بەرزترین پلەی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی هەیە و دەسەڵاتدارە. هەر وەها مەبەستی نووسەرانی کتێبی پیرۆز لەم نووسینە کە باوکمان لە ئاسمانە، نیشاندانی هێز و دەسەڵاتیەتی.

بیر لە زەبووری ١١٥ ئایەتی ٣ بکەنەوە: «خودامان لە ئاسمانە، هەرچی حەز بکات، دەیکات». بە دڵنیاییەوە، کاتێك مرۆڤایەتی بە دروستکردنی قوڵلەی بابل

بۆ گەیشتن بە ئاسمان، سەرپێچی فەرمانی خودایان کرد (پەیدابوون ١١)، خودا بە پێویستی زانی هەندێك بێتە خوارەوە تاکو ئەم قوللەیە ببینێت، پاشان هێزی خۆی بەکارهێنا و زمانیانی شێواند و بە هەموو زەویدا پەرتی کردن. کاتێك نوێژ دەکەین، دەست دەگرین بە هێزی بێسنووری یەزدانەوە. خودا ڕوخسەتی کەسی ناوێت و لەلایەن کەسەوە ناچار ناکرێت. کەس ناتوانێت بەرنامەکانی ئەو ڕابگرێت. باوکمان لە ئاسمان تواناداره! بەرنامەکانی هەمیشە سەرکەوتووە.

## خودا بە هەمان ڕادەی کە خودا میهرەبانە، توانادارێشە

دەربڕینی «ئەی باوکمان لە ئاسمان» بواری نوێژەکانی ئێمە دیاری دەکات (مەتا ٦: ٩). ئەم دەستەواژە لە دەستپێکدا بۆ نوێژکردن بانگهێشتمان دەکات، چونکە فێرمان دەکات، خودا هەروەها کە دڵسۆز و میهرەبانە، توانادارێشە. ئەو بۆ ئەنجامی هەموو کارێك دەسەڵاتدارە. لەبەر قوربانیبوونی عیسای مەسیح لەپێناو ئێمە ، وەك تەواوی شوێنکەوتوانی مەسیح دەبین بە بەشێك لە خێزانی خودا کە دەزانین نوێژەکانمان دەبیستێت و گوێمان لێدەگرێت و داواکارییەکانمان وەڵام دەداتەوە. هیچ دادگایەکی تێهەڵچوونەوە نییە بۆ ئەوەی خودا لە بڕیاری خۆی پاشگەز ببێتەوە. خودامان بەهێزترین گوێی جیهان و سەرەوەی جیهانی هەیە. ئەو هەمووان دەبینێت و دەیانناسێت و ڕاستەڕێیان دەکات. کەواتە پرسیارەکە بە شێوازێکی دیکە دەپرسین: ئەگەر بەهێزترین گوێی جیهان بە سەرنجەوە گوێتان لێ دەگریت، چ داواکارییەکتان دەبێت؟ ڕەنگە بەیاننامەیەکی دارایی درێژ لە کۆتایی ساڵدا؟ یان ڕاپۆرتێکی باشی تەندروستی لە دیداری دووبارەی پزیشکەکەتان؟ زانینی ئەوەی کە دەسەڵاتدارترین هێزی گەردوونە، ئامادەیە وەڵامی من بداتەوە، من دەوروژێنێت، هەروەها دڵنیام بۆ ئێوەیش بە هەمان شێوە دەبێت. من تۆ ناناسم، بەڵام دڵنیام داواکارییەکانت ڕێك وەك من نییە. ئێمە بەدیهێنراوێکی ئاڵۆزین بە کێشە و نیگەرانی ئاڵۆزەوە. بەڵام بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا شتێك لەسەر دڵت قورسە. ئەم هەفتە چی لە خودا داوا دەکەن کە لەوانەیە لە هەفتەی داهاتوودا کاریگەرییەکانی ببینن؟

چۆن ئەم زانیارییە دەربارەی گەورەیی و دڵسۆزی خودا، دەبێت کاریگەری لەسەر نوێژکردنمان هەبێت؟ یەکەم شت دەبێت بوێریمان پێ ببەخشێت. ئەی دەبلیو. تازر بەم شێوە وەڵام دەداتەوە: «لە نوێژکردندا، خودا لەگەڵ ئەو کەسەی

کە نوێژ دەکات یەکدەگرن، واتا خودا کە دەسەڵاتداری بەهێزە بەو کەسەوە پەیوەست دەبێت (بۆ ئەوەی لە هەمان کاتدا بن)، چونکە لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ، نزیك و بێ مەودا لەگەڵ دەسەڵاتدارێکی بەهێزدایە»[a] ئایا لەم خاڵەوە تێدەگەن کە لە کاتی نوێژکردندا ئەم جۆرە لە هێز بەردەستە بۆتان؟

دووەم، ئەمە دەبێت بێفیزیتان پێ ببەخشێت. نووسەری سیپارەی ژیرمەندی بەم شێوە فێرمان دەکات، «با دەمت لە قسەکردندا پەلە نەکات، با دڵیشت خێرا نەکات، لە دەربڕینی قسە لەبەردەم خودا، چونکە خودا لە ئاسمانە و تۆ لەسەر زەویت، لەبەر ئەمە با وشەکانت کەم بن» (ژیرمەندی ٥: ٢). خودا لێرە نییە بۆ ئەوەی بە ئاسانی ئارەزووەکانی دڵمان بداتێ، هەروەها لێرە نییە بۆ دابینکردنی دارایی پێویستمان کە ڕەنگە بۆ بتپەرستی بەکاری بهێنین. خودا خزمەتمان دەکات بۆ شکۆمەندی خۆی و ئێمە لەبەر ئەوەی کە بوونمان هەیە نەك بە پێچەوانەوە. لە نوێژکردندا پێش ئەوەی داوای نانی ڕۆژانە بکەین، دەبێت بە تەواوی دڵمانەوە شکۆمەندی خودا ڕابگەیەنین.

## ئامادەبوونی خودا مەزنترین بەخششی خودایە

لە نوێژی پەروەردگار (مەتا ٦: ٩-١٣) عیسا لە تێگەیشتنمان بۆ ئەوەی داواکارییەکانمان لە چییەوە دەست پێبکات، یارمەتیدەرمانە. لەدوای سەلماندنی ئەوەی کە خودا باوکمانە، کەسێکە کە بەو ڕادەیە میهرەبان و دڵسۆزە، تواناداریشە. هەروەها بەبیرمان دەهێنێتەوە کە مەبەستی دەسەڵاتی خودا بۆ گەشەکردنی خواستی خۆیەتی نەك خواستی ئێمە. مەسیح نیشانمان دەدات نوێژکردن دەبێت بە تامەزروییەوە بۆ ئامادەبوونی خودا پێش داواکردنی بەخششەکان دەست پێبکات. هەموو داواکارییەکان دەبێت بە کرۆکیبوونی خودا دەست پێبکات. فەرموون با ببینین:

> «ئەی باوکمان لە ئاسمان، با ناوت پیرۆز بێت، با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان.» (مەتا ٦: ٩-١٠)

ئەم نوێژە مرۆڤ لە ناوەندی وێنەکە دەسڕێتەوە. پێداویستی و خواستەکانی

---

a A. W. Tozer, Prayer (Chicago: Moody, 2016), 175.

دەکاتە قوربانی و بە یادمان دەهێنێتەوە کە گرنگترین شتەکان ئەوانە نین کە خودا بە هۆی دارایی و دەوڵەمەندیەکەی پێمان دەبەخشێت، بەڵکو ئەو شتانەیە کە بەهۆی ئامادەبوونی خۆی لە ژیانماندا پێمان دەبەخشرێت. لە تەواوی بەشەکانی کتێبی پیرۆزدا کەسانێك کە ئارامی و ئاشتیان هەیە، ئەوانەن کە زیاتر تامەزروی ئامادەبوونی خودان لە ژیانیاندا، تاکو داراییەکانی. عیسا لە سێ داواکاری سەرەتادا ئەمەمان فێردەکات.

## داواکاری یەکەم: پیرۆزیی و شکۆمەندیی خودا

«با ناوت پیرۆز بێت» (مەتا ٦: ٩)، باشتر بوو ئەگەر ئەم ئایەتە بەم شێوەیە وەرگێرانی بوو بکرێت (نوێژدەکەم با ناوت پیرۆز بێت). لە پەیمانی کۆندا کاتێك خەڵکی بە پێچەوانەی ڕاسپاردە و خواستەکانی خودا دەژیان، پێیان دەگوتن کە بە کردارە شەرانگێزەکانیان بێ ڕێزی بە ناوی خودا دەکەن. ئایەتی (با ناوت پیرۆز بێت) واتای ئەوەیە کە زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی ناوی خودا نیگەران بن، تاکو ناوی خۆتان. لەم نوێژەدا داوا دەکەین کە خودا ناوی پیرۆزی خوی لە پیسبوون بپارێزێت، تاکو خەڵکی وێنەی هەڵە و بەلاڕێدابراوی خودا، ڕەتبکەنەوە و وەرینەگرن. ناوی خودا پیرۆزە. هیچ کەسێك ناتوانێت ئەم ڕاستییە بگۆڕێت. ئێمە بە ساکاری داوای لێ دەکەین کە لە دونیادا کار بکات تاکو ناوی ئەو بەو جۆرەی شایانیەتی شکۆداربێت.

شکۆی خودا لە مەسیحدا دەرکەوت. کەواتە، «با ناوت پیرۆز بێت» بە واتای بەدەنگەوەهاتنی شایستەمانە بۆ پاشایەتی مەسیح. جیهانێك کە تێیدا دەژین لەژێر کاریگەری خودا نییە، تەنانەت بە ڕێژەی کەسێك کە لە هۆڵی زەماوەندا لە کاتی تێپەربوونی بوکە خان بۆ دانیشتنی لەسەر کورسیەکەی، دەکەوێتە ژێر کاریگەری و هەست بە خۆشی دەکات. ئەم کاریگەری وەرنەگرتنە لە شکۆی خودا کاتێك لە جەستەی مەسیحدا دەرکەوت بەو هۆکارەیە کە ئەوان بۆ بینینی شکۆی خودا لە مەسیحدا، کوێرن (بڕوانە دووەم کۆرنسۆس ٤: ٣-٦)، کەواتە لەم نوێژەدا ئێمە داوا دەکەین شکۆی خودا لە مەسیحدا ببینرێت و دەربکەوێت. جوانی ئەم ئایەتە ئەوەیە کە داوا دەکەین، هەرچی خودا دەیەوێت و پێشتر داناوە لە ژیانماندا بکرێت. ئەم جۆرە داواکردنە ئاوازی بەشەکانی دیکەی نوێژەکەمان دیاری دەکات. تەواوی ئەو شتانەی کە لە خودا داوای دەکەین لەم حەزە هەمەچەشنەیە سەرچاوە دەگرێت.

## داواکاری دووەم: با پاشایەتی خودا بێت

«با پاشاییەکەت بێ» (مەتا ٦: ١٠). ئەم ئایەتە نوێژێکە بۆ بڵاوبوونەوەی مزگێنی لە جیهاندا. ئێمە دەزانین کە مزگێنی مەسیح ئێمە دەگۆڕێت، کەواتە داوا دەکەین پاشایەتی خودا لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی مزگێنی مەسیح لە هەموو جیهاندا بەردەوامی هەبێت.

ئێمە بە گشتی لە ژیاندا ماندووین و هیوای دونیایەکی باشتر دەخوازین. دەمانەوێت بەختەوەرییەکی تەواو ئەزموون بکەین. هیواخوازی شوێنێکین کە فەرمانڕەوایی خودا تێیدا ناسراوبێت و خودا ستایش بکرێت. خودا بەڵێنی بەدیهاتنی ئەم هیوایەی پێداوین و بەڵێنەکەی ئەو هاندەرمان دەبێت. کاتێك باوکێك بەڵێن بە کچەکەی دەدات کە دەیبات بۆ دیزنی لاند (شارێکی یارییە لە پاریس)، ئەم منداڵە دەزانێت کە گرنگی ئەم گەشتە لە کاتی ڕویشتنەکەیدایە و لە تامەزرۆیی جێبەجیکردنی بەڵێنەکەی باوکی بە بەردەوامی دەپرسێت: باوکە! کەی دەڕۆین؟ خۆت بەڵێنت داوە! نوێژی «با پاشایەتیت بێ» بۆ ئێمە هاوشێوەی ئەم بابەتەیە.

ئێمە ناتوانین لە یەك کاتدا خزمەتی دوو گەورە بکەین. کەواتە دوو پاشا –ئێمە و خودا– لە یەك کاتدا لە شوینێك جێیان نابێتەوە. دەبێت چاوچنۆکی و حکومەتی تەکەکەسی ئێمە بمرێت. وەك شوێنکەوتووانی مەسیح، خواستی خۆمان لەناو دەبەین، ئەمە زۆر شکۆدارە چونکە داوای خواستی خودا دەکەین. «من لەگەڵ مەسیح لە خاچ درام، ئیتر من نیم ئەوەی دەژییێت، بەڵکو مەسیحە لە مندا دەژییێت. ئێستاش کەوا بە جەستە دەژیم، ئەوا بە باوەڕ بە کوڕی خودا دەژیم، ئەوەی منی خۆشویست و خۆی کردە قوربانی بۆ من» (گەلاتیا٢: ٢٠). نوێژی «با پاشایەتییەکەت بێ، با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان»، پێکەوە یەکگرتوومان دەکات و یارمەتیدەر و هاندەرمانە بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانی هاتنەوەی مەسیحی باڵادەستدا بمێنینەوە. ئەمە وا دەکات بەردەوام ئامادە بین و هەوڵ نەدەین سنووری پاشایەتییەك بۆ حەزە و چاوچنۆکییەکانی خۆمان دابمەزرێنین.

## داواکاری سێیەم: با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت

«با خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت» (مەتا ٦: ١٠). ئەم نوێژە داوای هاتنی پاشایەتی خودا دەکات. هەروەك پێشتر فەرمانڕەوایی و پاشایەتی ئاسمانەکانی

کردووە، لەسەر زەویش تامەزرۆ و چاوەڕێی هاتنی فەرمانڕەوایەتی و پاشایەتیەکەی دەبین. ئێمە خەڵکی ناچار ناکەین بە زورەملێ ملکەچی پاشایەتی خودا بن. ئێمە داوا دەکەین بە شادی و دڵگەرمییەوە ملکەچ بن، چونکە پێشتر لە باوەڕیاندا چەسپاوە کە خواستی خودا بۆ ئێمە بە تەواوی چاکەیە. ئێمە نوێژ دەکەین کە خواستی خودا لەسەر زەوی بەو جۆرە پەیڕەو بکرێت کە خۆی دایناوە؛ تەنانەت ئەگەر بە واتای ئازارچێژتن، قوربانیدان و مردنی ئێمەش بێت.

دامەزراندنی شانشینی خودا لەسەر زەوی واتای گواستنەوەی شانشینەکەیەتی بۆ شوێنێکی بچووکتر، ئەو کارەی کە کڵێساکان لە ڕێگای خزمەتکردن بە پەیامی مزگێنی مەسیح ئەنجامی دەدەن. هەرچۆنێك بێت، کڵێسا خۆجێییەکان، بنکەی پاراستنی پاشایەتی خودان. کەواتە نوێژکردن بۆ پەیڕەوکردنی خواستی خودا بە واتای نوێژکردنە بۆ بەردەوام دامەزراندنی کاری مزگێنی کە لە ڕێگای کڵێسا خۆجێییەکانەوە دەکرێت.

ئەم نوێژە بۆ بینین و سوودمەندبوون لە ئامادەبوونی خودایە لە ژیانماندا، بەڵام دونیا باوکێکی دەوێت خۆی لێرە نەبێت کە تەنها بۆ ڕۆڵەکەی مانگانە چەکێکی پارە دەنێرت و هیچ سۆزێکی ئەم باوکە نابینێت. ئەمە سەرسامکەرە کە خودا باوکێکە هەمیشە لێرەیە و بە هەموو جۆرێك پاڵپشتیت دەکات. بەو پێیەی کە ئێمە گوناهبارین، بە باشتری دەزانین خودا داواکارییەکانمان پێبدات و لە پێناویدا هیچ وەرنەگرێت. ئێمە حەز دەکەین پلان و بەرنامەی خۆمان جێبەجێ بکرێت، بەڵام لێرەدا عیسا فێرمان دەکات کە ئامادەبوون و هەبوونی خودا هەموو شتێکمان بۆ دابین دەکات و پلان و بەرنامەی باوکی ئاسمانیمان ئێجگار لەوەی ئێمە باشترە.

## کێشەی ڕاستەقینە: بێباکیە، نەوەک لێرە نەبوونی

کاتێك بەم شێوەیە نوێژ بکەین، چی بەبیرمان دێنێتەوە. یەکەم، جیهان وەك تابلۆیەکە بۆ پیشاندانی شکۆمەندی یەزدان. دووەم، زیاتر لەوەی پێویستمان بە هەوڵدان بۆ چاککردن و سڕینەوەی هەڵەکانمان بێت، پێویستمان بە خودایە. کێشەی ئێمە نەبوونی خودا لە جیهاندا نییە، چونکە ئەو لە هەموو شوێنێك و هەموو کاتێکدا هەیە. کێشەکە بێباکی ئێمەیە بەرامبەر ئامادەبوونی خودا، کاتێك کە سەرنج و بیرمان لەلای خۆمانە و هەروەها لە سەرنجدان و ڕێزگرتن و خۆشویستنی

کەسـانی دیکـە هەوڵـی باشـکردنی خۆمـان دەدەیـن، ئەمانـەش هـۆکارن بـۆ ئـەوەی سـەنجمان لەسـەر خـودا لابدەیـن.

چەنـد جـار خۆمـان بینیـوە کـە توانای خـواردن، خەوتـن یـان سـەرنجدانمان نەماوە؟ بـە هـۆکاری بێزێـزی بـە نـاوی خـودا. چەنـد جـار لەبـەر پشتگوێخسـتنی پاشـایەتی و مەبەسـتەکانی خـودا، لـە کاتـی نوێـژدا دەبینـن، لـە دەروونمانـدا هەسـت بـە نیگەرانـی و دڵەڕاوکـێ دەکەیـن؟ ئایـا ئـەم بـێ هیوایـی و شکسـتانە بـووە بـە بابەتـەی سـەرەکی نوێژەکانمـان؟ ئایـا بێزێـزی بـە خـودا وەك کێشـەی سـەرەکی دەبینـن لـە جیهانـدا؟ لـە هاوسـەرگیریتاندا؟ لـە کڵێسـاکەتاندا؟ عیسـا فێرمـان دەکات کـە بـۆ ئـەم بابەتانـە هـاوار بـۆ ئـەو بکەیـن، نـە بـەو هـۆکارەی کـە ئـەو پێویسـتی بـە ئێمەیـە بـۆ ئەنجامدانـی ئـەم کارانـە، بەڵکـو ئێمەیـن کـە پێویسـتمان بـە ئـەوە. ئامانجەکانـی ئێمـە لـە ململانێدایـە لەگـەڵ ئامانجەکانـی خـودا، چونکـە هەسـتەکانمان لـە ململانێدایە لەگـەڵ خۆشەویسـتی خـودا و لـە کۆتاییـدا ئـەم هەسـتانەن کـە لـە شـیوەگرتنی نوێژەکانمـان ڕۆڵدەگێرێـت.

نوێژکـردن بـۆ شـکۆداری و پاشـایەتی و مەبەسـتەکانی خۆمـان ئاسـانە. کاتێـك سـووکایەتیمان پێدەکرێـت یـان هەڵسـوکەوتێکی نەشـیاومان بەرامبـەر دەکرێـت و پشـتگوێ دەخرێیـن، کاردانەوەمـان چییـە؟ زۆرجـار کاتێـك هەسـتەکانمان بـە ڕوونـی دەردەکەوێـت کـە تـووڕە دەبیـن. ئەمـە ئاسـاییە نوێـژ بکەیـن بڵێیـن «ئـەی خودایـە، یارمەتـی کەسـانی بەرامبـەرم بـدە تاکـو بـە ڕێـز و وریاییێکـەوە هەڵسـوکەوتم لەگـەڵ بکـەن کـە مـن شـایانیم». هاوارکردنمـان بـۆ خـودا کاتێـك دەکەوینـە نـاو بارودۆخێکـەوە کـە بـەم شێوەیە سـەروەری و بەرژەوەنـدی و ئامانجەکانمـان دەخاتـە مەترسییەوە، چەنـد ئاسـانە! چ کاتێـك زۆرتـر لـە خـودا دەڕەنجێیـن و تـووڕە دەبیـن؟ بـە لایەنـی کـەم ئەگـەر وەك مـن بـن، ئـەو کاتانـەی کـە هەسـت دەکـەن خـودا کارێکـی بـە پێچەوانـەی حـەز و خواسـتی ئێـوە ئەنجام دابێـت. ئێمـە بـە پێویسـتی دەزانیـن کـەوا نوێـژ بکەیـن و بڵێیـن «ئـەی خـودا، تکایـە وا بکـە، هەمـوو شـتێك بـە حـەز و خواسـتی مـن بڕواتـە پێشـەوە. یارمەتیـم بـدە شانشـینی خـۆم دابمەزرێنـم».

خـودا کەسـانی بـاش و خـراپ لـە نوێژکردنـدا، تەنهـا لەسـەر هەڵسـوکەوتیان پۆلێـن نـاکات. چونکـە کەسـانێك هـەن کـە نوێـژ دەکـەن بـۆ سـەرکەوتنیان لـە دزیکـردن لـە بانـك و چاوەڕێـی وەڵامـی نەرێنیـش ناکـەن. بەڵکـو ڕەنگـە بـۆ هەندێـك بابـەت کـە پەسـەند و باشـن، نوێـژ بکەیـن، هەرچۆنێـك بێـت بـە شـێوارێکی کاریگەریـش دەپاڕێینـەوە کـە خـودا

بۆ بە دەستهێنانی بتەکانی ژیانمان دابینکەر بێت. خۆپەسەندی ئێمە وەك هێزی ڕاکێشانی زەوییە؛ بۆ خوارەوە ڕاماندەکێشێت! عیسا فێرمان دەکات کە خودای باڵادەست ئامانجی ئێمە بێت. ئەو دەیەوێت نوێژەکانمان لە بەرزبووبەوەدا بێت.

## خودا دێوی ناو چرای جادوویی نییە

نوێژکردن بۆ ئەوەی پێشینەیەك لە داواکارییەکانمان لە دڵماندا ئاشکرا ببێت، دەبێت بە هۆکاری ئەوەی ئەم وێنەیەی (خودا دێوی ناو چرای جادووییە و هەرچی داوا بکەین دەماندات) لە مێشکماندا بسڕینەوە. من پسپۆڕی بواری ئەم دێوە جادووییانە نیم؛ بەڵام لە فیلم و بەرنامەی تەلەڤزیۆنی، شتێکی لەم شێوە سەرنجڕاکێشەمان نیشان دەدەن: هیچ کەسێکی شوێنکەوتووی مەسیح هەوڵ نادات بەو شێوە لەگەڵ خودا گفتوگو بکات کەوا لەگەڵ دێوەکەی بدوێت. ئەوان لەبیری ناکەن داوای چی بکەن. ئەوان گفتوگو لەگەڵ دێوەکە بە دوایین چارەسەر دادەنێن. ئەوەی دێوێکی هەیە کێشەی نییە لە قسەکردن لەگەڵی، چونکە دێوەکە هەمیشە داواکارییەکانی خاوەنەکەی دابین دەکات. ئەم دێوە یەك کاری هەیە؛ بەجێهێنانی فەرمانی ئەو کەسەی کە بەستراوەتەوە بەوەوە و پابەندبوون بە فەرمانەکانی.

بەڵام کاتێك بەو شێوەیەی کە عیسا مەسیح فێری کردین، نوێژ بکەین، بەبیرمان دێتەوە کە ئامادبوونی خودی خودایە کە بەهاداره و هەروەها لە بەخششەکانی بەهادارترە. خودا بەرنامەکە ڕێکدەخات، وە ئەمە بۆ ئێمە باشترینە. کەواتە کاتێك بەم شێوازە پێکەوە نوێژ دەکەین، خودا وەك کۆمەڵگای باوەڕداران شێوەیەکمان پێ دەبەخشێت کە پشتبەستنمان بەو لە بنەڕەتدا مەرجدار نەبێت. ئێمە بە بەردەوامی پێویستمان بە خودایە و شادیمان پێش هەموو شتێك لە مەسیحدایە، بەبێ سەرنجدان لەو بەرەکەتە داراییانەی کە بە دەستیان دەهێنین. ئێمە دەزانین ئەم ڕاستییەی دڵخۆشمان دەکات چییە و چۆن لە ڕێگای نوێژکردنەوە لە دڵەکانماندا چەسپاوە، ئەوە میهرەبانی خودایە کە ئازموونی ئامادەبوونی شکۆی خۆی بە دڵی ئێمە بەخشیوە.

نوێژی پەروەردگار لە سەرەوەی تێگەیشتنی مرۆڤە. هەموو کەسێك دەتوانێت بە زارەکی و لاساییکردنەوەی هەندێك وشە لە نوێژدا ڕێکبخات، بەڵام ئەوانەی کە لە دڵەوە گۆڕاون دەتوانن نوێژێك بە خواستی خودا بکەن. وشەکان جادوویی

نین، هەروەهـا گوتنیـان بـە دەنگـی بـەرز ئامانجەکـە نییـە. ئەوانـەی خەڵکیـان بـە کویلـە دەگـرت سـەدان جـار بەیاننامـەی ڕاگەیاندنـی سـەربەخۆییان خوێندۆتـەوە کـە نووسـراوە «هەمـوو مرۆڤـەکان بـە یەکسـانی دروسـتکراون». نوێژکـردن وەك ڕۆڵگێرانێـك بـۆ دەربڕینـی وشـەکان بـێ سـوودە. خـودا مرۆڤـی وەك باڵنـدەی توتـی بەدینەهێنـاوە، بەڵکـو نوێژکـەری بـۆ سـتایش بەدیهێنـاوە.

ئەگـەر بـە ڕاسـتی بزانیـت کـە بانگکردنـی خـودا وەك بـاوك چ واتایەك لەخـۆ دەگرێت، هـەوڵ دەدەیـت کـە شـکۆی ئـەو بـە سـەراپای زەویـدا بڵاوبکەیتـەوە و هیـچ بانگکردنێـك بـەم قەبـارە گـەورە و شـکۆدار نابینیـت.

لەبیـر مەکـە، ئێمـە لـە داواکارییەکانمـان دەمانەوێـت کارێـك ئەنجـام بدرێـت کـە پێشـتر خواسـتی خـۆی لـە سـەرەیەتی.

## بنەماڵەیەکی یەکگرتوو

بـۆ کڵێسـا ئاسـان دەبێـت کـە لـە بەرنامـەی ڕکابەرایەتـی و هەروەهـا سـۆزداریدا، جیاوازییـان هەبێـت (بڕوانـە یاقـوب ٤: ١–٤). کۆمەڵگایـەك کـە بریتییـە لـە کەسـانی گوناهبـار و بـە تـەواوی پیرۆزنەکراو، ئاسـاییە لـە کاروبـاری یەکتریـدا دەسـتتێوەردانیان هەبێـت. کەواتـە کۆمەڵـەی بـاوەڕداران، بـە هەسـت و سـۆزی جیـاوازەوە دەتوانـن ڕوانگەیەکـی جیاوازیـان بـۆ بابەتـەکان هەبێـت.

هەرچۆنێک بێت، بەو شێوازەی کە مەسیح فێری کردووین، نوێژ دەکەین کە ئەم جیاوازییانەمان لەناو بچێت.

ئەگـەر بـە شـێوەیەکی سـەرەکی نیگەرانـی ژیانـت ئەوەیـە کـە نـاوی خـۆت گـەورە بکەیـت و ئـارەزووی ناوبانـگ بکەیـت، لـە کۆمەڵـگای بـاوەڕداران بـە مەسـیحدا تووشـی بێهیوایـی و خـەم دەبیـت، چونکـە لـە گونـاه بەدوورنابیـت. بـەڵام ئەگـەر نیگەرانیـی سـەرەکیت گەورەکـردن و شـکۆدارکردنی نـاوی خودایـە و بەرەوپێشـچونی ڕێـز و پاشـایەتی و ئامانجەکانـی خـودا لـە لات گرنگـە، ئـەوا لـە جیاتـی گونـاە، لـە ڕێـگای وەڵامـی مەسـیحەوە دەرفـەت بـۆ مەبەسـتەکانی خـودا دەڕەخسـێنیت.

ئایـا دەکرێـت لـە ڕووبەڕووبوونـەوەدا لەگـەڵ نادادپـەروەری نـاوی خـودا شـکۆدار بکرێـت؟ بـە دڵنیاییـەوە بەڵـێ. کاتێـك عیسـا بـە نادادپـەروەری لەسـەر خاچەکـە گیانـی

سپارد، ئەفسەرێکی ڕۆمایی ڕێزی گرت لە ناوی مەسیح وەك ناوێکی پیرۆز (مەرقۆس ١٥: ٣٩). عیسای مەسیح خۆی، بەم نوێژە بەزەیی و لێبوردەیی خودای ڕاگەیاند «باوکە، لێیان خۆشبە، چونکە نازانن چی دەکەن» (لۆقا ٢٣: ٣٤). کەواتە، تەنانەت ئازموونە ناخۆشەکانمان ڕێگایەکە بۆ نیشاندانی لێبووردەیی خودا و لە کۆتاییدا دەرەنجامەکەی شکۆمەندی ناوی خودایە.

عیسا ڕاسپاردە و پێشینەییەکانی بۆ نوێژەکانمان دیاریکردووە. کاتێك ئەندامانی کڵێسا پێکەوە کۆدەبنەوە و نوێژ دەکەن، ئەم داواکارییە هاوبەشەمان بەبیر دەهێنێتەوە: ئەوەی کە پاشای پاشایان بێت و شانشینەکەی دابمەزرێنێت. ئەم شێوازە نوێژکردنە یارمەتیدەرمانە وازبهێنین لەوەی بیر لە پلە و پێگەی خۆمان بکەینەوە، بەڵکو لە بەرامبەردا داوا لە خودا بکەین، بە خواستی خۆی پێگەیەکی دروستمان لە کڵێسا و جیهاندا بداتێ. دیسان کۆمپاسەکانمان ئاراستە دەکاتەوە و کاتژمێرەکانمان ڕێك دەکات، تاکو هەموومان پێکەوە بە یەك ئاراستە ڕێنمایی بکات و یەکگرتوومان بکات. ئەمە بە یادمان دەهێنێتەوە کە بەبێ گوێدانە باوردۆخەکەمان –دەوڵەمەند یان هەژار، پیر یان گەنج، خێزاندار یان سەڵت، زۆرینەیی یان کەمینەیی– هەموومان پێویستمان بە یەك شتە: ئامادەبوونی بەهاداری خودا.

# بەشی چوارەم

# خۆراکی ڕۆحی

## خۆراکی ڕۆح: خواردنی ژەمێك پێکەوە

یەکێـك لـە گەورەتریـن کێشـەکان لـە ژیانمـدا، گۆڕینـی خۆراکـی ڕۆحییـە بـە کاری بازرگانـی. پـاش نزیکـەی یـەك دەیـە ژیانـم لـە ئاتلانتـا، دەتوانـم بـە شـارەزایی دەربارەی ئـەم شـوێنە قسـە بکـەم. ئاتلانتـا پـڕە لـەو ڕیسـتورانتانەی کـە بـە دڵـی خەڵکـن لـە ئامادەکردنـی خواردنـی بـە تاموچێـژ. ئـەوان بـە خێرایـی و پێشـتر خواردنـەکان ئامـادە دەکـەن تاکـو بتوانـن نارەزایـی خەڵکـی بڕەوێننـەوە لـە نۆرەگرتنێکـی دووورودرێـژدا. لـە ڕووی تیۆرییـەوە، خۆراکـەکان یەکسـانن، بـەڵام کاتێـك بـە ئارامـی چێشـتلێنان دەکرێتـە قوربانـی خێـرا ئامادەکردنـی، شـتێك لـە تامـی دەگۆڕدرێـت. ئـەم بابەتـە دەربـارەی خۆراکـی ڕۆحیـش هـەروا دەبێـت؛ ئێـوە هەرزانـی دەکـەن.

چاوەڕوانـی بەشـێکی گرنگـە لـە خۆراکـی ڕۆحـی، چونکـە سـەبارەت بـە پەیوەندیمـان لەگـەڵ خێـزان و هاوڕێکانمـان، ئەمـە خۆراکێکـی ڕۆحییـە. ئەمـە دەربـارەی پێکـەوە کۆبوونـەوە و چێـژ وەرگرتـن لـەو کاتانەیـە کـە لـەلای یەکتردایـن. هەروەهـا دەربـارەی پێکـەوە ئاسـوودەبوون لـە دوای ژەمێـك نـان خواردنـە.

دەربـارەی نوێژکردنیـش دەبێـت وا بیربکەینـەوە. مـن لـەو بڕوایـەدام ئەمـە مەبەسـتی عیسـایە کاتێـك لـە بەشـی دووەمـی نوێـژی نموونەییـدا باسـی دەکات.

## نوێژکردن لە پێناوی ڕزق و ڕۆزی: زیاترە لە دابینکردنی پێداویستیەکان

نوێژەکـە بـە داواکردنـی ئامادەبوونـی خـودا بـەر لـە داواکردنـی نانـی ڕۆژانـە دەسـتپێدەکات. بـەڵام نوێـژ نابێـت بەمـە کۆتایـی بێـت. ئێمـە هێشـتا پێداویسـتی دیکەمـان هەیـە. بـەو هـۆکارەی کـە ئـەو پێمـان دەڵێـت خـواردن و جلوبـەرگ مەبەسـتی سـەرەکیمان نەبێـت، واتـای ئـەوە نییـە کـە پێویسـتمان بـە خـواردن و جلوبـەرگ نییـە. عیسـا داوامان لێ دەکات داوای سێ شـتی دیاریکراو بکەین: ڕزق و ڕۆزی، لێبووردەیی، پارێـزگاری. ئەمانـە هەمـوو ئـەو شـتانە نیـن کـە دەتوانیـن داوا لـە خـودا بکەیـن، بـەڵام چوارچێوەیەکمـان پێـدەدەن بـۆ پێشـینەیی ڕێکخسـتنێك لـە داواکارییەکانمـان.

## ڕزق و ڕۆزی

عیسا یەکەم جار پێمان دەڵێت کە داوای «نانی ڕۆژانەمان» لە خودا بکەین (مەتا ٩: ١١). لێرەدا سەرنج بدەن، ئەو داوامان لێ دەکات داوای نانی ڕۆژانە بکەین، نەك نانی هەفتانە، نەك نانی مانگانە، نەك هەژمارێکی پاشەکەوتی بانکی، نەك خانوویەکی جوانکیلە. ئەو داوامان لێدەکات کە بۆ نانی ڕۆژانە پشت بە خودا ببەستین. خاڵی سەرەکی ئەم بابەتە هاوشێوەیە بە نوێژی ئاگور لە سیپارەی پەندەکانی سلێمان بەشی ٣٠ ئایەتی ٧ هەتا ٩؛ ئاگور بەم شێوە نوێژ دەکات:

«ئەی یەزدان، دوو شتم لێ داوا کردیت، لێمی قەدەغە مەکە پێش مردنم: شتی پووچ و قسەی درۆم لێ دووربخەوە، هەژاری یان دەوڵەمەندیم مەدەرێ، بەڵام نانی پێویستی خۆم پێ بدە، نەوەك تێر بم و نکوڵیت لێبکەم و بڵێم: "یەزدان کێیە؟" یان نەوەك هەژار بم و دزی بکەم و ناوی خودای خۆم بێ ڕێز بکەم.» (پەندەکانی سلێمان ٣٠: ٧ – ٩).

سەرنجت دا؟ ئاگور بە تەنها حەزی لە دابینکردنی پێداویستیەکانی نییە. ئەو دەیەوێت دڵنیا بێت کە بێڕێزی بە ناوی خودا نەکات –نە زۆر و نە کەم. ئەو لە ڕادەبەدەر باسی ئەوە دەکات کە خودا بۆ شتە ناپێویستەکانیش هەمان خودایە. کەمتر باسی نیگەرانی دەکات (کەواتە بە تەنها ئەو شتەی ئەمڕۆ پێویستمە بمدەیێ و سبەی دێمەوە. با بەردەوام پشت بە تۆ ببەستم و هەر ڕۆژێك بە چۆنییەتی پەیوەندییەکەم لەگەڵ تۆ دەربکەوێت کە دابینکەری نانی پێویستی ڕۆژانەی من و هەموو پێداویستیەکانی منی). عیسا بە هەمان شێوە مەبەستی ستایشی ناوی خودایە کە لە بەشی ڕابردووی ئەم کتیبەدا تاوتوێمان کرد (با ناوت پیرۆز بێت). شێوازی پەیوەندی ئێمە بە داواکردنی بەرەکەتی داراییمانەوە وێنەی شکۆی خودا دیار و بەرجەستە دەکات، هەروەها دەتوانێت کاڵی بکاتەوە. نوێژی داواکردنی ڕزق و ڕۆزی لە نوێژی ستایش جیاناکرێتەوە؛ وە پشتبەستنی ڕۆژانە و بەردەوامیمان دەردەخات.

ئێمە ڕاهاتووین لەسەر ئەوەی ڕێك پێش ژەمی نانخواردنمان نوێژ دەکەین. بەڵام ڕانەهاتووین بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستین لە خودا دوا بکەین نانی ئەمڕۆمان بداتی. بۆچی؟ چونکە ئێمە بە لایەنی کەم لە ڕۆژئاوادا ئەمانەمان هەیە، هەژماری

بانکی، کار، کارتـی دیـاری، یـان کەسـانیك کـە لانیکـەم ژەمـە خواردنیکمـان قـەرزارن! کەواتـە دڵنیایـن کـە ئەمـڕۆ نـان دەخۆیـن! زۆر بـە کەمـی کەسـێك بیـر لـە برسـێتی دەکاتـەوە. بیروکـەی نوێژکـردن بـەم شـێوازە لـە بەیانیـدا، فەرمـی دەردەکەوێـت. ئێمـە بـێ گومانیـن لـەوەی کـە نانـی ڕۆژانەمـان دەبێـت، چونکـە بـەم جـۆرە بیردەکەینـەوە کـە بـە هـەوڵ و تێکۆشـانی خۆمـان بەدەسـتمان هێنـاوە! لـە هەمـان کاتیشـدا بیـر دەکەینـەوە کـە بـە ڕێـژەی پێویسـت نیمانـە!

ئـەم جـۆرە لووتبەرزییـە، پـەرە بـە بـێ منەتـی و ناسوپاسـی دەدات. کاتێـك کـە سوپاسـکردن نامێنێـت بـە خێرایـی لـە جێـگای ئـەو چاوچنۆکـی دێـت و جێـگا بـۆ هیـچ ناهێڵنـەوە. کەسـانی چاوچنـۆك بـە متمانـەوە دەڵێـن: «مـن بـۆ ئـەم داراییـەی کـە هەمـە، زۆر هەوڵـم داوە و ئێسـتا دەبێـت چێـژی لـێ وەربگـرم. بۆچـی دەبێـت چاودێـری کەسـانێك بکـەم کـە خۆیـان نابەرپرسـیار بـوون؟». بیـر لـەوە دەکەینـەوە کـە ڕزق و ڕۆزی ئێمـە لـە دەرەنجامـی هەوڵەکانـی خۆمانـە و دەبێـت بـە حـەزەی خۆمـان شـێوازی دابەشـکردنی دیـاری بکەیـن.

بـەڵام مەسـیح ئـەو ڕۆخسـەتەمان ناداتـێ، وە ڕامـان دەسـپێرێت کـە بـۆ نانـی ڕۆژانـە نوێـژ بکەیـن و لەیـاد نەکەیـن کـە هەمـوو ڕزق و ڕۆزییـەك بەخششـە لـە لایـەن یەزدانـەوە.

## لێخۆشبوون

دواتـر عیسـا پێمـان دەڵێـت ئێـوە بـەم شـێوەیە نوێـژ بکـەن، «لـە گوناهەکانمـان خۆشـبە، وەك چـۆن ئێمـە لەوانـە خۆشـدەبین کـە خراپەمـان بەرامبـەر دەکـەن» (مەتـا٦: ١٢ ). ئـەم داواکارییـە لـە جەرگـەی بـاوەڕی مەسـیحدا شـاراوەیە کـە بـە یادمـان دەهێنێتـەوە، ئاشـتی ئێمـە لەگـەڵ خـودا هەمیشـە لـە ڕێـگای لێخۆشـبوونی خـوداوە بەدەسـت دێـت نـەك لـە ڕێـگای کـرداری خۆمانـەوە.

ژیـان، مـردن، وە هەسـتانەوەی عیسـا مەسـیح تەنهـا هیـوای زینـدووی ئێمەیـە بـۆ لێخۆشـبوون لـە گونـاە. ئێمـە نـە داوا دەکەیـن خـودا دەربـارەی لێخۆشـبوون لـە گوناهەکانمـان پێداچوونـەوە بـکات و نـە کاتـی زۆرترمـان بداتـێ بـۆ دانـەوەی قەرزەکانمـان. ئێمـە داوای لێخۆشـبوون دەکەیـن و بـە کـردەوەی خۆمـان بەدەسـتی ناهێنیـن. هـەر جارێـك کـە داوای نانـی ڕۆژانـە دەکەیـن، دەبێـت داوای لێخۆشـبوون لـە گوناهیـش بکەیـن. بـە ئەنجامدانـی ئـەم کارە لایەنـی کـەم دوو بابەتمـان بـە بیردێتـەوە:

(١) شكسـتە بەردەوامەکانمـان و (٢) تامەزرۆیـی خـودا بـۆ لێخۆشـبوون لـە ئێمـە. تێپەڕاندنـی ڕۆژێکـی بەبێ نوێژکـردن، واتـای ئەوەیـە خڵەفاندنمـان بۆ دروسـت دەبێت کـە وا بیربکەینـەوە، بـە هـۆی کردارەکانمانـەوە لەگـەڵ خـودا پەیوەندییمـان باشـە و پێویسـتمان بـە نوێژکـردن نییـە! بـەڵام هەرگیـز وا نییـە و وایـش نابێـت.

کاتێـك دڵمـان ڕازی نەبـووە بـەوەی پێویسـتمان بـە لێخۆشـبوونی خودایـە، واتـای ئەوەیـە لـە هێشـتا دڵمـان تووشـی ڕقـی و سەرسـەختی بـووە و لەسـەر گوناهەکانـی کەسـانی دیکـە چڕبووینەتـەوە و گوناهـی خۆمـان نابینیـن (بڕوانـە مەتـا ١٨: ٢١–٣٥). لـەم بارودۆخـەدا ئێمـە بـە دڵنیاییـەوە خۆمـان لـە لێخۆشـبوون بـەدوور دەگریـن.

ئایـا دەبینـن کـە ئێمـە هەمـوو ڕۆژێـك لـە ڕادەبـەدەر و بـە بێهیواییـەوە پێویسـتمان بـە نوێژکردنـە؟ «لـە گوناهەکانمـان خۆشـبە، وەك چـۆن ئێمـە لەوانـە خۆشـدەبین کـە خراپەمـان بەرامبـەر دەکـەن» (مەتـا٦: ١٢ ). عیسـا ئەمـە دەزانێـت کـە بـۆ ئـەوەی نـاوی خـودا شـکۆدار بکەیـن، هەمـوو ڕۆژێـك دەبێـت گوناهەکانمـان بەبیـر خۆمـان بهێنینـەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـن پێویسـتمان بـە لێخوشـبوون و نیعمەتـی خودایـە.

## پارێزگاری

لـە کۆتاییـدا مەسـیح فێرمـان دەکات کـە بـەم شـێوەیە نوێـژ بکـەن «مەمانخـەرە تاقیکردنـەوە، بەڵکـو لـە شـەیتان ڕزگارمـان بکـە، چونکـە هەتاهەتایـە پاشـایەتی و هێـز و شـکۆ هـی تۆیـە. ئامیـن» (مەتـا ٦: ١٣). هـەروەك لێخۆشـبوون لـە گوناهانـی ڕابـردوو، پارێزگاریمـان لـە گوناهانـی داهاتـوو لـە مەسـیحدا، دەسـتەبەر دەبێـت. ئـەم پارێزگارییـە دەبێـت هەبێـت. کێشـەکە لێرەدایـە کـە ئێمـە بـە نیگەرانییـەوە کاردانەوەمـان لەگـەڵ ئەزمـوون هەیـە، پێمـان وایـە کـە ناتوانیـن بگوڕدرێیـن، بـە لووتبەرزییـەوە بیـر دەکەینـەوە، پێمـان وایـە کـە بـە هێـزی خۆمـان دەتوانیـن بەرگـە بگریـن.

کەواتـە عیسـا مەسـیح پێمـان دەڵێـت کـە نوێـژ بکەیـن بـۆ نانـی ڕۆژانـە، لێخۆشـبوون لـە گونـاه، وە پارێزواویمـان، ئەمـە تەنهـا بـۆ بەدەسـتهێنانیان نییـە، بەڵکـو بـۆ ئـەوەی لەسـەر بناغـەی ئـەم داواکارییانەمـان کەسـایەتیمان شـێوە بگرێـت. ئـەو فەرمـان دەدات کـە نوێـژ بکەیـن بـۆ ئـەو شـتانەی ئاواتەخوازیـن هەمـان بێـت. چونکـە خۆمـان ناتوانیـن بـە دەسـتی بهێنیـن وە لـە کۆتاییـدا ئـەم بابەتانـە لەلامـان ئاسـایی و سروشـتی دەبـن، کـە هـۆکارن بـۆ بێرێزیکـردن بـە نـاوی پیـرۆزی خـودا.

## نوێژکردن بۆ خێزانەکەمان بە جێناوی کۆ

کاتێک عیسا فێری قوتابییەکانی دەکات کە چۆن نوێژ بکەن، داوایان لێدەکات کە تەواوی پێداویستییەکانی یەکتریان لەیاد بێت، نەوەک بە تەنها بیر لە پێداویستییەکانی خۆیان بکەنەوە. بۆیە دەبینیین کە جێناوی کۆ بەکاردەهێنێت «پێمان بدە... لە گوناهەکانمان خۆشبە... مەمانخەرە تاقیکردنەوە.» بە دڵنیاییەوە ئەمە سەبارەت بە نوێژکردن لە شوێنە گشتییەکاندا جێبەجێ دەکرێت. کاتێک بە کۆمەڵ نوێژ دەکەن با نوێژەکەتان ئەم وشانەی لەخۆبگرێت «ئێمە، بۆ ئێمە، وە بە ئێمە».

تەنانەت کاتێک کە بە تەنهایی نوێژ دەکەن، دراوسێ و نزیکەکانیان لەپێش چاو بێت. بە هەر ڕێگایەک کە دەکرێت خۆشەویستی خۆمان بۆیان دەربڕین و لێیان بێ ئاگا نەبین. ئەگەر لەو بڕوایەداین کە مەسیح بەو ڕێژەیە چاکە شتێک بە ئێمە ببەخشێت، کەواتە بەو ڕێژەیە چاکە کە بەوانیش ببەخشێت. نوێژکردن بە ناوی کۆ بەو شێوەیەی کە مەسیح فێری کردین، یەکێک لە باشترین شێوازەکان بۆ دەربڕینی خۆشەویستی بۆ کەسانی دیکە، ئەوەیە کە تەنانەت کاتێک کە لەپێش چاومان نین و لێمان دوورن، ئێمە لەبیریان ناکەین.

کاتێک نوێژ دەکەین بۆ داواکردنی شتە باشەکانی وەک نانی ڕۆژانە، لێخۆشبون لە گوناه و پارێزگاری، کاتێک بیر لە وشەی «ئێمە» دەکەیتەوە چ کەسێک دێتەوە یادت؟ وای دەبینم کەسانێک کە خۆشەویستن لە لات و وەک خۆت خۆشت دەوێن.

بەڵام ئایا دەتوانیت بۆ کەسانێک کە هۆکاری شکستی تۆ بوون و خەمبار یان تۆڕەیان کردوویت، داوا لە خودا بکەیت بەرەکەتیان پێبدات بۆ نانی ڕۆژانە و لێخۆشبوونی گوناه و پارێزگاری؟ ئایا ناوی ئەم کەسانە لە لستی نوێژکردنت دەسڕیتەوە هەتا ئەو کاتەی بە دەرەنجامێکی باش دەگەن و خۆیان چاک دەکەن؟ زۆر ئەستەمە کە دوژمنەکانمانیشمان بخەینە ناو پۆلێنی وشەی "ئێمە» و نوێژی بەرەکەتیان بۆ بکەین. ئێمە دەتوانین بۆ ڕوخان و لەناوچوونیان نوێژ بکەین و داوای نەفرەتیان بۆ بکەین، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا نوێژ دەکەین بۆ بەرەکەتداربوون و سەرکەوتنیان؟ نوێژی ئێمە بۆ یارمەتیدانە لە ڕووبەڕووبوونەوەیان، بەڵام دەبێت ئەمە نوێژی چاککردنیان بێت.

ڕەنگە لە کاتی نوێژکردن و بەکارهێنانی جێناوی کەسی یەکەمی کۆ «ئێمە»، یەک کەسی تایبەتی ناسراو بێتەوە بیرت، نەک گرووپێک لە کەسانی نامۆ. نوێژێکی ناڕوون بۆ خوشک و برایانێکی نادیار، یارمەتیمان نادات. هەرچونێک بێت، ئەمە نیشاندەری بێئاگایی ئێمەیە و یارمەتی کەسێک نادات و هەروەها خودا شکۆمەند ناکات. جۆت چارلس ڕایەل دەڵێت:

> دانپێدانانی گشتی بە گوناهباربوونمان نابێت بەس بێت، ئێمە دەبێت بە ناوهێنانی ئەو گوناهە تایبەتەی کە ویژدانمان پێمان دەڵێت، دانپێدانان بکەین! داواکردنی پیرۆزبوون بە گشتی بەس نییە؛ ئێمە دەبێت داوای یەک بە یەکی ئەو نیعمەت و میهرەبانیانە بکەین کە تێیاندا هەست بە کەموکوڕی دەکەین. ئەمەی کە بە خودا بڵێین لەناو کێشە و ناخۆشیداین بەس نییە، دەبێت کێشەکە بە تەواوی وردەکارییەکانیەوە شی بکەیبەوە... سەبارەت بە نەخۆشێك کە بە پزیشکەکەی دەڵێت نەخۆشم و هەرگیز باسی وردەکارییەکانی نەخۆشییەکەی ناکات، چۆن بیر دەکەنەوە؟ سەبارەت بە ژنێك کە بە هاوسەرەکەی دەڵێت خەمبارە و هۆکارەکەی باس ناکات، چۆن بیر دەکەنەوە؟ سەبارەت بە منداڵێك کە بە باوکی دەڵێت لەناو کێشەدایە و هیچی دیکە ناڵێت، چۆن بیر دەکەنەوە؟ مەسیح زاوای ئاسمانی، پزیشکی ڕاستەقینەی ڕۆح، باوکی ڕەسەنی هەموو گەلەکەی خۆیەتی، کەواتە وەرەن ئەم پەیوەندییە بەبێ مەرجی ئەو بە هەستەکانمان نیشان بدەین. [a]

دانایی و ئەندێشەی ڕایل تەنها بە شێوەی تاکەکەسی لە ژیانماندا بەکار نایەت، بەڵکو لە پێکەوەبوونماندا ڕەنگدانەوەی دەبێت. کاتێك بۆ کەسانی نادیار، نوێژی ناڕوون دەکەین ئەوی کە پێویستمانە بۆ نوێژەکەمان لە دەستی دەدەین. بۆ کاریگەربوونی ئامادەبوونی خودا لە نوێژەکانماندا، نابێت بابەتی بنەڕەتی

---

a J. C. Ryle, A Call to Prayer: With Study Guide (Pensacola, FL:Chapel Library, 1998), 34, Kindle.

کێشـەکانمان لـە خـودا بشـارینەوە. بـەڵام ئەگـەر نوێژەکانمـان پـڕ بکەیـن لـە داواکاری ورد و دیاریکـراو بـۆ کەسـێکی تایبـەت و ناسـراو، بەرپەرچـی مەترسـییەکانی نوێـژی نادیـار بۆ کەسـی نادیـار دەدەینـەوە. ئەوجا چێژوەرگرتـن لـە نوێژکـردن بـۆ کەسـێکی دیـار و تایبـەت، دەسـت پێـدەکات.

رایل بەردەوام دەبێت و دەڵێت:

> ئێمـە بـە سروشـت هەموو خۆپەرسـتین، وە ئـەم خۆپـەرستییەمان پێـوە چەسـپاوە و هەڵواسـراوە، تەنانـەت پاش باوەڕهێنانیشـمان. ململانـێ و خواسـتێك هەیـە دەربـارەی بیرکردنەوەمـان سـەبارەت بـە ڕۆح، دژایەتـی و ململانێـی ڕۆحـی، گەشـەکردنمان لـە بـاوەڕدا، وە لەبیرکردنـی یەکتـری، لـە ئێمـە دا بوونـی هەیـە. کەواتـە لـە دژی ئـەم ڕەوتـە، هەمـووان پێویسـتمان بـە چاودێـری و هەوڵێـك هەیـە، نـەك تەنهـا لـە نوێژکردنمانـدا، بەڵکـو لـە هەمـوو بوارێکـدا. ئێمـە دەبێـت هـەوڵ بدەیـن ڕۆحـی پێکەوەبوونمـان بەهێـز بکەیـن و کاتێـك لـە بـەردەم تەختـی پاشـایەتی نیعمەتـی خـودا ڕاوەسـتاوین نـاوی کەسـانی دیکـەی جگـە لـە خۆمـان بێتـە سـەر زمانمـان و داوای بەرەکەتیـان بـۆ بکەیـن. ئێمـە دەبێـت هـەوڵ بدەیـن کـە تـەواوی جیهـان، بێبـاوەڕەکان، جـووەکان، هەمـوو ئـۆل و مەزهەبەکانـی مەسـیحی، تـەواوی بـاوەڕداران بـە مەسـیح، ئـەو وڵاتـەی کـە تێیـدا دەژیـن، وە نەتەوەکەمـان لـە دڵـدا هەڵبگریـن و نوێژیـان بـۆ بکەیـن. خێزانەکەمـان، هاوڕێکانمـان و ئـەو کەسـانەی کـە دەیانناسـین و پەیوەندیمـان لەگەڵیـان هەیـە، یـەك بـە یـەك دەبێـت کاتـی نوێژکـردن لـە یادمـان بـن. ئەمـە بەرزتریـن جـۆری خزمەتکردنـە. ئـەو منـی خۆشـدەوێت و لـە نوێژکردنـدا ئەمـەم بـۆ دەردەبڕێـت. ئەمـە بـۆ تەندروسـتی ڕۆحـی خۆمانـە، چونکـە هەسـتی هاوسـۆزی لـە ئێمـەدا بەهێـز دەکات و دڵمـان فـراوان دەبێـت، ئەمـەش لـە بەرژەوەنـدی کڵێسـاکەماندایە. تایـەی ئۆتۆمبێلـی بڵاوکردنـەوەی مزگێنـی مەسـیح بـە نوێژکـردن

دەجۆڵێت. ئەم نوێژانە بە ڕادەی پاڕانەوەی موسا لەسەر چییا و تێکۆشانەکەی یەشوع لەپێناو ئامانجی خودا، دەکرێت کارا و کاریگەر بێت. بەم شێوەیە دەتوانین وەك مەسیحی سەروك کاهین بین کە ناوی گەلی خۆی لە بەرامبەر خودای باوکدا دەهێنێت. چ ئیمتیاز و شەرەفێکی گەورەیە کە هاوشێوەی مەسیح بین. ئەگەر ناچار بە هەڵبژادنی گەلی کڵێساکەم، ئەوا نەتەوەیەك هەڵدەبژێرم نوێژیان بۆ بکەم.[a]

رایل ڕازی نەبوو بە دیار نەکردنی وشەی «ئێمە»، ئێمەش دەبێت وەهابین. کڵێسای خۆجێیی دەبێت بناغە و دامەزراوەیەك بێت کە بە باشی گاریگەری هەبێت لە نوێژی بە کۆمەڵی ئێمەدا و بمانپارێزێت. هەرچەند ڕێگای دیکە بۆ نوێژی بە کۆمەڵ و ملکەچبوون بۆ ئەم ڕاسپاردەیە هەیە، بێجگە لە کڵێسای خۆجێیی. بەڵام من لەو بڕوایەدام کە کڵێسای خۆجێیی باشترین ڕێگایە بۆ پێناسەکردنی وشەی «ئێمە» لە نوێژکردنماندا. کڵێسای خۆجێیی وەك باخچەیەکە کە نوێژەکان تێیدا گەشە دەکەن. کڵێسا شوێنێکی نموونەیی دابین دەکات کە سوودەکانی نوێژکردن بە بەرزترین ئاستی پێویست دەگەیەنێت و لە هەمان کاتدا ئەو مەترسییانەی لووتبەرزی و خۆپەرستی کەم دەکاتەوە کە پێشتر ئاماژەمان پێکردن.

هەموو شوێنکەوتوانی مەسیح دەبێت ئەندامی کڵێسایەکی خۆجێیی بن. کڵێسای خۆجێیی جۆری خۆی بۆ تەواوکردنی پەیامی لە (پەیدابوون ٢: ١٨) پێشکەش دەکات: «باش نییە بۆ ئادەم بە تەنها بێت...». ڕەنگە باوەڕدارێك هەتیو بێت و لەم دونیایەدا خێزانێکی نەبێت، ڕەنگە هاوسەری نەبێت یان ئەو هاوسەرەی کە خۆشیدەویست لە دەستی دابێت. یان لەسەر باوەڕەکەی لەلایەن کەلتوری کۆمەڵگاکەیەوە ڕەتکرابێتەوە و خۆی لە گەمارۆی کەسانێك ببینێتەوە بە کەلتورێکی جیاوازەوە. سەرەڕای هەموو ئەمانە باوەڕدار بە مەسیح بە پەیمان بەستنی لەگەڵ کڵێسایەکی خۆجێییدا، هەرگیز تەنها و بێکەس نابێت. تاکو کڵێسا وەستاوە، کە هەتاهەتایە دەوەستێت، هەر شوێنکەوتوویکی مەسیح هەمیشە بەشێکە لە «ئێمە». کڵێسای خۆجێیی ئەم ڕوانگە پەسەند دەکات و بەرجەستەی دەکات —لە خۆشەویستیدا، لە کرداردا، وە بە تایبەت لە نوێژدا.

a . Ryle, A Call to Prayer, 34–35

با وردببینەوە لە چۆنیەتی کارکردنی وشەی «ئێمە» لە نوێژی بە کۆمەڵدا و سەرنجمان لەسەر نانی ڕۆژانە بێت، وای دابنێین کە نوێژ دەکەین بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی «ئێمە» و لە دەرەنجامدا موچەکەمان زیاد دەبێت، لە هەمان کاتدا کەسێکی دیکە کارەکەی لە دەست دەدات من ناتوانم بە تەنها بڵێم: «بەخێر بچن، جلی گەرم لەبەر بکەن، تێر بخۆن» (بڕوانە یاقوب ٢: ١٥–١٦). من دەبێت وای دابنێم کە ئەم بەرەکەتداربوونەی من مەرجدارە بەوەی کە من گرنگی بە کێشەی کەسێکی دیکە بدەم و لە باوەڕدا گەشە بکەم. بەم شێوەیە خودا لە ڕێگای نوێژەکەی منەوە، چاوچنۆکیم لێ دوور دەکاتەوە و بە ئازادی خۆم ئەو بەرەکەتە داراییەی کە خودا بە منی بەخشیوە، لەگەڵ کەسانی دیکەدا بەشی دەکەم. هەروەها، خودا لووتبەرزی لەو کەسە دوور دەخاتەوە و ئەوبەخششەی کە لەلایان خوداوە هاتووە وەربدەگرێت. ئەم کارە جیا لەوەی کە خزمەتکردنی یەکترە، تابلۆیەکیشە کە ڕەنگدانەوەی دانایی و چاکەی خودا نیشان دەدات.

وشەی «ئێمە» لە نوێژەکانمان بۆ لێخۆشبوون و پارێزگارییمان، چۆن کار دەکات؟ وای دەبنین من نوێژدەکەم کە خودا لە گوناهەکانم خۆشبێت. دواتر لە ناوەندی نوێژکردنم بۆ کەسانی دیکە، ناوی کەسێکی نەناسراو یان ناسراو دەهێنم کە پێشتر بێڕێزی بە من کردووە و دێتەوە یادم، من بۆ لێخۆشبوونی ئەو ئامادە نیم، چی ڕوودەدات؟ ئێستا دەبێت بڕیار بدەم، دەتوانم داوا لە خودا بکەم لە دووڕوویی و دوودڵی ببورێت و یارمەتیدەرم بێت کە دیسان پەیوەندییەکەم لەگەڵ ئەو کەسە چاك بکەمەوە و بە ئاشتی لەگەڵی بژیم، یان دەتوانم بە پاساو هێنانەوە بۆ لێنەبووردنم وا نیشان بدەم کە دووڕو نیم. هەروەها دەتوانم بە تەواوی لە ململانێ لەگەڵ جێناوی کۆ، دەست هەڵبگرم و بڕیار بدەم کە پەیوەندی من لەگەڵ ئەم هاوڕێیەم بێگومان پەیوەست نییە بە پەیوەندی من لەگەڵ خوداوە.

لەڕاستیدا، نوێژکردن بۆ نانی ڕۆژانە، لێخۆشبوونی گوناه و پارێزراوبوونی کەسانی دیکە، ئەم مۆڵەتەمان پێ نادات کە بە نەزانی و نەفامیەوە دووڕوویی لە باوەش بگرین. بە پێچەوانەوە بە ئاشکراکردن و پاککردنەوەی دەروونمان بە چەندین ڕێگا پیشوازیمان لێ دەکات بۆ ئەوەی هاوشێوەی مەسیح بین. خودا هەوڵ نادات کە تەڵەمان بۆ دابنێت، بەڵکو هەوڵ دەدات لە تەڵە شاراوەکانی ڕێگای باوەڕ، ڕزگارمان بکات.

ئەمـە ڕێـك ئەوەیـە کـە نوێـژی نموونەیـی مەسـیح بـە شـێوەی سـەرووی سروشـتی دەردەخـات. ئێمـە دانایـی و زیرەکـی و هێزێکـی وامـان نییـە کـە پێداویسـتییەکانی تەنانـەت خۆشـمان دابیـن بکەیـن، چ بـگات بـەوەی بتوانیـن پێداویسـتی خەڵکـی دیکـە دابیـن بکەیـن. هەرچیمـان هەبێـت بگـرە لـە زیرەکـی و دەسـەڵات و بەرەکەتمـان لـە خـوداوە سـەرچاوە دەگرێـت. ئێمـە ناتوانیـن بـە نیعمەتـی خۆمـان لـە خەڵکـی ببوریـن کاتێـك بێڕێزیمـان پـێ دەکـەن. بـە تەنهـا نیعمەتـی بێ سـنووری خودایـە کـە وەریدەگرین و دەتوانیـن بـۆ لێبووردنـی کەسـانی دیکـە بـەکاری بهێنیـن. ئێمـە هێـزی پێویسـت بـۆ نکوڵـی لـە چێژەکانـی گونـاه و ڕاکـردن لـە تەڵەکانـی وەسوەسـەمان نییـە. لەبـەر ئەمـە ڕۆژانـە پێویسـتمان بـە یارمەتـی کەسـێکە کـە هەمـوو شـتێکمان بـە دڵفراوانـی پـێ ببەخشـێت و هەمیشـە پارێزگاریمـان لـێ بـکات. عیسـای پـەروەردگار لـە ڕێـگای نوێژکردنـەوە خـۆی فێرمـان دەکات کـە ئێمـە زۆر لـە پێویسـتیداین و خـودا بـە شـێوازیکی باوەڕپێنەکراو بەخشـەندەیە. کاتێـك بـۆ نانـی ڕۆژانـە، لێخۆشـبوون لـە گونـاه و پارێزراوبـوون، نوێـژ بـۆ یەکتـری دەکەیـن، خـودا زۆر بـە پەرۆشـە بـۆ بەشـداریکردنی هەمـووان لـە میوانـی چاکـە و بەختـەوەری فراوانـی خـۆی. خۆراکـی ڕۆحـی ئـەو بـۆ ئێمـە یـە کـە پێکـەوە وەك خێزانێـك لـە ڕێـگای نوێژکردنـەوە دەیخۆیـن.

# بەشی پێنجەم

# ڕەگەکان

# زیادبوونی خێزان

## ئامادەکاری بۆ خراپترین

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ مایك تایسۆنی پاڵەوانی جیهانیی یاری بۆکسێن پێش دەستپێکردنی پێشبڕکێ، پرسیاریان لێکرد کە ڕای خۆی دەربارەی شێوازی یاریکردنی کەسی بەرامبەری دەرببڕێت؛ تایسۆن وەڵامی دایەوە و گوتی: «هەر کەسێك پێش ئەوەی مشتێك لەناو دەمی دەدرێت، پلانێکی هەیە.»

هەر بەم شێوە، هەر کەسێك بۆ ئەوەی چۆن براوە بێت هەتا کاتێك کارەساتێك لە ژیانیدا ڕوونەدابێت، پلانی هەیە. هەر کە سەرلێشێواوی و سەرگەردانی هاتە ئاراوە، تەواوی خواست و هێز و هێمنیمان وەك دوو ددانی پێشەوەی بۆکسێنەرەکە لەناو دەچێت. هەر لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە هەتا ئێستاش وشەکانی تایسۆن کاریگەرییان لەسەر بەجێهێشتووم، هەرچەندە من بەشێك نەبووم لە شەڕەکە.

مردنی برا گەورەکەم گەورەترین سەرسامی من بوو، هەتا چەند هەفتەی دواتردا ڕووبەڕووی سوپرایزێکی دیکە بوومەوە: لەوەی کە باوەڕ و متمانە و پابەندبوونم بە مەسیح لەناوچوو، زۆر حەپەسام. کاردانەوەکەی سی. ئێس. لویس لەدوای لە دەستدانی هاوسەرەکەی لە منیشدا ڕوویدا: «خودا هەوڵی نەداوە قووڵیی باوەڕ یان خۆشەویستی من ئەزموون بکات، تاکو لە باشی و خراپی من تێبگات، چونکە ئەو پێشتر من دەناسێت، ئەمە من بووم کە ئەوم نەدەناسی... ئەو دەیزانی کە پەرستگای منماڵێکی لە پووش دروستکراوە. تەنها ڕێگا بۆ تێگەیشتنی من ئەوە بوو کە ئەم پەرستگایە بڕووخێنم.»[a] مشتێك لە ڕوومەتم درا و متمانەم بە خودا لەناوچوو. هێزم لەبەر نەما و هیچ شتێکم پێ نەمابوو. هەر کەسێك تاکو پێش ئەوەی مشتێکی لێبدەن، پلانێکی هەیە.

---

a C. S. Lewis, A Grief Observed (1961; repr. , New York: Bantam,1976), 61

لە کۆتاییدا تێبینی دەکەن کە هەریەك لە ئێمە دەبێت لەگەڵ کێشەکان ململانێ بکەین. مەبەستم نەك تەنها کارەساتە گشتییەکانی وەك مردنی ئازیزانمان، نەخۆشی درێژخایەن، مردن، تەڵاق، لەدەستدانی کار نییە. من دەربارەی ئەو ئازارە بێهاوتایەی کەسێك قسە دەکەم کە لەسەر وەفاداری بە خودا لە دونیایەکی کەوتوودا تووشی دەبێت. پابەندبوونی هۆشیارانە بە مەسیح وەك هەنگاونان بۆ ناو مەیدانی بۆکسێنە. تەنانەت ئەگەر لە کۆتاییدا براوەی مەیدانەکە بیت، خۆت ئامادە دەکەیت لێی بدەیت؛ وە ئەم لێدانە نەبوو ئەگەر لە دەرەوەی مەیدانەکە بووایین.

من دەربارەی ژیانێکی سەڵتی دوور و درێژ و پڕ لە تەنهایی قسە دەکەم، چونکە ئێوە بڕیارتان داوە، ڕێپێدان بە عیسا بدەن کە ئارەزووە سێکسیەکانتان جڵەوگیر بکات. من دەربارەی لەدەستدانی کار قسە دەکەم، چونکە خۆتان بەدوورگرتووە لە ملکەچنەبوون بۆ ڕاسپاردەکانی کتێبی پیرۆز. من دەربارەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ خەمۆکی و دڵەڕاوکێ قسە دەکەم، چونکە لە بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر وەك ڕاکردنێکی کاتی لە خەمەکانتان، خۆت بەدوورگرتووە. ئەم لستە دەکرێت هەروەها بەردەوام بێت. هەندێك جار وەفاداری و ملکەچبوون بۆ خودا دەمانخاتە ناو بارودۆخێکەوە کە هەست دەکەین وەك لە سێدارەدانە، لەم کاتانەدا چ هەڵوێستیکتان دەبێت؟ ئێمە پێمان خۆشە وا بیربکەینەوە کەماڵی باوەڕمان دەکرێت لە دژی ئەم زریانە خوراگربێت، وە دەزانین کە دەبێت ئەم ماڵە بە بەردەوامی بەهێز بکرێت. کەواتە چۆن بۆ ئەم زریانە ئامادە دەبین؟ ئەگەر ڕاوەستین تاکو بکەوینە ناو تاقیکردنەوە، ئەوا زۆر درەنگ دەبێت. ئێمە دەبێت چالاك بین. ئێمە دەبێت لە دوورەوە زریانەکە ببینین و دیوارەکانی خانووەکەمان بەهێز بکەین. هێزیك کە بۆ خوراگری پێویستمانە، لە کۆتاییدا لەلایەن خوداوە دێت و ئەو هێزە لە نوێژکردندا بەدەست دەهێنین.

نوێژەکان ڕەگەکانی ئێمەن. ڕەگەکانی درەختێك ئیشێکی قورسیان هەیە کە دەبێت دارەکە بەهێز بکەن، کەچی ئەم کارە قورسە بە شاراوەیی ئەنجام دەدن. هەروەها دەربارەی نوێژ دەتوانین وا بڵێین، چونکە نوێژی بە کۆمەڵ وەك ڕەگێکی ڕاستەقینەیە کە لە باوانەوە پێکەوە گرێمان دەدات. نوێژکردنی بە کۆمەڵ هێز و میراتی ئێمەیە، وەك کەسانێك کە لەبەر وەفاداری بۆ خودا باری ئازارێکی زۆرمان هەڵگرتووە.

ئەگەر بەشەکانی ڕابردووی ئەم کتێبە شێوازی کرداری نوێژکردنیان لە وتاری سەرچیای مەسیح فێرکردین، کەواتە نوێژی مەسیح لە باخی گەتسیمانی کارێکی گەورەترمان بۆ پێشنیار دەکات سەبارەت بەوەی چۆن نوێژەکە بکەین، دەڵێت.

## تۆ وەك ئەوەی بیری لێدەکەیتەوە بەهێز نیت

لە بەیتوونەکە، لە کاتی دوایین شێوی مەسیح، عیسا باس دەکات کە بەم نزیکانە ئازار دەچێژێت. بەڵام ڕاستییەکانی ئەوانیش باس دەکات کە دەترسن و ڕادەکەن و بەجێیدەهێڵن، بەڵام مەسیح بەڵێن دەدات کە نیعمەتی خۆی لەسەریان هەڵناگرێت. ئەوان هێزیان نییە لەلای مەسیح ڕاوستن و خۆڕاگر بن، بەڵام هۆکاری ڕویشتنی ئەو بۆ لای خاچ، ئەم لاوازییەی ئەوانە. لە داهاتوودا ئەوان شکست دەهێنن، لە کاتێکدا ئەم شکستەیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر خۆشەویستی و پابەندبوونی ئەو بە بەڵێنەکانی نابێت. چ بەرەکەتێکی نایابە کە مەسیح شکستەکانی ئێمە دەزانێت، تەنانەت کاتێك کەوا هێشتا ڕوویان نەداوە، بەڵام هەرچۆنێك بین ئەو بۆ بەڵێنەکانی وەفادار و پابەندە.

دواتر عیسا قوتابییەکانی دەبات بۆ شوێنێك بە ناوی گەتسیمانی، کە لەوێدا شتێك زیاتر لە وتاری عیسا دەربارەی نوێژ دەبینین؛ واتا نوێژکردن بە کردار.

**شوێن:** باخی گەتسیمانی وەك ژوورێکی خودایی بوو. لەنێوان دوایین شێو خواردن و ناپاکی گرتنەکەی عیسادا، ئەو بۆ خۆڕاگربوون لە بەرامبەر پەستانێکی زۆردا بوو. گەتسیمانی بە واتای گوشەری زەیتوون دێت. پەستان دەخرایە سەر زەیتونەکان و ڕۆنێکی لێ دەردەچوو کە بۆ دەستنیشانکردنی پاشاکان و کاهینەکان بەکاردەهات. لێرەدا عیسا بۆ دەستنیشانکردنی خۆی کەوتە ژێر پەستانێکی زۆرەوە.

**هاوڕێیان:** لە کاتێکدا لەگەڵ قوتابییەکانی پێکەوە لە باخەکە کۆبووبوونەوە، تەنها پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای لەگەڵ خۆی برد لێی نزیک بن (مەرقۆس ١٤: ٣٣). بۆچی تەنها ئەم سێ کەسە؟ ڕەنگە بە هۆکاری ئەوەی ئەوان پێیان وابوو بەهێزترین خواست و هێزیان هەیە. یاقوب و یۆحەنا پێشتر گوتبوویان کە دەتوانن هەمان ئەو جامە بخۆنەوە کە عیسا دەیخواتەوە (مەرقۆس١٠: ٣٥-٣٩). پەترۆس بەڵێنی دا کەوا هەتا مردن لەگەڵی بێت (مەرقۆس ١٤: ٢٩-٣١).

ڕەنگە عیسا ویستبێتی بە تایبەت ئەم بابەتانە لە کەسایەتی ئەودا ڕاست بکاتەوە.

کاتێک کچە ساواکەم بۆ یەکەم جار لە نەخۆشخانە بۆ ماڵەوە هاتەوە، براز دوو ساڵانەکەم، جەکسۆن، کارێکی سەرنجڕاکێشی کرد. ئەو دەستیکرد بە قسەی منداڵانە لەگەڵ کچەکەم. قسەی منداڵانە؟ بۆ جەکسۆن ڕوونم کردەوە کە لە ڕاستیدا ئەو ساوایە. جەکسۆن ڕەنگە چەند وشەیەک بزانێت، بەڵام داییان بۆ دەبەست و خۆی نەیدەتوانی خواردن ئامادە بکات، هەروەها پیشەیەکی نەبوو. ئەویش وەک کچەکەی من هێشتا منداڵ بوو. هەردووکیان لە یەک ئاستدا بوون. پێم وایە عیسا کەوا پەترۆس و یاقوب و یۆحەنای لەگەڵ خۆی بردووە تاکو هەمان بابەتیان نیشان بدات.

عیسا هیچ دەرفەتێکی بۆ فێرکردنی قوتابییەکانی لە دەست نەدەدا، تەنانەت لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مردنیشدا. لە ڕاستیدا ئازار و پەژارەکەی هەلێکی فێرکاری بوو. بەڵام لێرەدا عیسا خەریکی ئەنجامدانی کارێکی دیکەی بێجگە لە فێرکاری بوو. ئەو دەیویست هەست بە پاڵپشتیکردنی ئەوان بکات. عیسا خودای بەجەستەبوو بوو، هەڵنەبژێردرابوو کە لەسەر زەوی بە تەنها بژیێت. هەرچەندە قوتابییەکانی نەیانتوانی جامەکەی لەگەڵ بخونەوە، بەڵام هەبوونی ئەوانی لە تەنیشت خۆی بەهادار دەبینی.

**بارودۆخ:** کاتێک عیسا ئەو سێ قوتابییەی لەگەڵ خۆی برد کەوا خۆیان پێیان وابوو بەهێزترینن، بە وتەی دانایی و قوڵ قسەی لەگەڵ نەکردن، بەڵکو لاوازی خۆی پێگوتن. «**پێی فەرموون:** زۆر دڵتەنگم، خەریکە بمرم، لێرە بمێننەوە و ئێشک بگرن. »(مەرقۆس١٤: ٣٤). کاتێک پێکەوە نوێژ دەکەین، ڕێک هەمان کار ئەنجام دەدەین. ئێمە لاوازییەکانی خۆمان قبووڵ دەکەین و دانیان پێدادەنێن، هەووەها ڕایدەگەیەنین کە تەنها پشت بە خودا دەبەستین. ئەمە بارودۆخە دروستەکەی نوێژکردنە.

عیسا هەروەها دەرفەتمان پێدەدات لاواز بین، وە هانمان دەدات وەک نموونەی خۆی لە لاوازیەکانماندا هاوار بۆ خودا بکەین.

**پەستان:** کاتێک عیسا دەڵێت کە هاتووە بۆ ئەوەی لەپێناو خەڵکێکی زۆردا ژیانی خۆی بکاتە قوربانی (بڕوانە مەرقۆس ١٠: ٤٥)، لەڕاستیدا کاتێک دەڵێت زۆر دڵتەنگم و خەریکە بمرم، مەبەستی مردن بۆ کڕینەوەی ئێمەیە، چونکە ئەمە زۆر ئەستەم و قورسە کە لەپێش خودا ڕاوەستین و لەبەر گوناهەکانمان تاوانبار بکرێین، تەنانەت بیرکردنەوە لەم بابەتە بەرەو خەمۆکیەکی قووڵمان دەبات. ئێستا بیهێنە پێش چاوی خۆت کە هەموو خەڵکی دونیا بۆ تاوانباربوونیان لە پێش خودای دادپەروەر ڕاوستاون. بەڵام خودا میهرەبان و دڵسۆزە، بەڵام خودا تاوانباران بەبێ سزا ئەستۆپاک ناکات (بڕوانە دەرچوون ٣٤: ٧). بەم شێوەیە خودا بۆ ماوەی چەندین سەدە حوکمدانی خۆی دواخست، تاکو ئەوەی عیسای نارد و جامی تووڕەیی خودای هەتا دوایین دڵۆپ خواردەوە.

ئەمە ئەو مزگێنییەی ئینجیلە کە پێمان ڕدەگەیەنێت، بۆ ئێمە کە باوەڕمان پێ هێناوە. عیسا لەجیاتی ئێمە سزاکەی وەرگرت، نرخی گوناهی دا، وە لەبڕی هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دەهێنن جامی تووڕەیی خودای خواردەوە. ئەگەر تەواوی خەڵکی جیهان بگەڕێنەوە و تۆبە بکەن، هەموویان دەتوانن ئەم دیاری ڕزگارییە وەربگرن. پێویست ناکات سزای تاوانیان وەربگرت -تەنانەت یەک تاوانیشیان! ئەمە هەواڵە خۆشەکەیە.

**متمەنە و ڕەزامەندی: عیسا قوتابییەکانی فیرکرد کە لە کاتی ئاشتیدا چۆن نوێژبکەن و هەروەها بۆ کاتی ئازارەکان، چوارچێوەیەکی بۆ نوێژکردن پێدان. ئەوەی لە پۆلی فێرکاریدا فێری بوون ئێستا لە کاتی قەیرانەکاندا بە کرداری بۆیان وێنای دەکات.**

سەرسام نابم کەوا ڕایل، ئەو وتاربێژە بەساڵاچووە دەڵێت: «تەختەکانی مردن، نهێنی زۆر دەدرکێنن»[a]، **با ئەم وتەیە لە بیرتان بمێنێت. عیسای مەسیح لە مەیدانی مردندا، چاوی بڕییە چاوەکان، هەرچەند لە چارەنووسی ڕێگری لێنەکراوی خۆی**

a J. C. Ryle, A Call to Prayer: With Study Guide (Pensacola, FL: Chapel Library, 1998), 11, Kindle

ئـاگادار بـوو. ئـەو چـۆن ڕووبـەڕوی چارەنووسـی خۆی بـووەوە؟ لەسـەر ئەژنۆکانی دانیشـت و نوێـژی کـرد. ئـەم فێرکارییـەی لـە نوێژکردنـدا زیاتـر لـە بیروکەیـەك بـوو، ڕاسـتییەکی تاقیکـراوە و سـەلمێندراو بـوو. ئەمـە ڕاسـتترین و پاکتریـن شـێوەیە لـە نوێژکردنـدا.

**ئـەی باوکـە:** کاتێـك عیسـا نوێـژ دەکات، بانگـی خـودا دەکات وەك «بـاوك» (مەرقـۆس ١٤: ٣٦). لـە کاتێکـدا کـە ئێمـە زۆربەمـان دووژمنـی خـودا بوویـن، عیسـا ئـەم نـاوە دۆسـتانەیەی بـۆ خـودا بەکارهێنـا. ئـەو دەیزانـی بانگـی کەسـێك دەکات کـە گـوێ لـە هـاواری دەگرێـت و گرنگـی بـە تەندروسـتی ئـەو دەدات. ئـەو بانگـی خـاوەن کارێـك نـاکات کـە بـۆ بەرژەوەنـدی خـۆی پـێ لەسـەر کارمەندەکـەی دادەنێـت. بەڵکـو باوکـی بانـگ دەکات کـە لـە ئەزەلـەوە خۆشـی ویسـتووە.

**یارمەتـی: متمانـە بـە توانـای خـودا.** دواتـر عیسـا هـاواری کـرد، فەرمـووی: «بابـە! باوکـە، هەمـوو شـتێك بـۆ تـۆ دەبێـت، ئـەم جامـەم لەسـەر لاببـە، بـەڵام نـەك بـە خواسـتی مـن، بەڵکو بـە خواسـتی تـۆ.» (مەرقـۆس ١٤: ٣٦). لـە کاتـی بێهیواییـدا نوێـژ لـەوەوە دەسـت پێـدەکات کـە ئاگاداریـن خـودا دەتوانێـت هەرشـتێکی مەحـاڵ بـکات. نوێژێـك بەبـێ ئـەم زانیارییـە بوونـی نییـە! وە کـێ باشـتر لـە عیسـا دەزانێـت کـە خـودا دەتوانێـت هەرچـێ مەحاڵـە ئەنجامـی بـدات.

لـەم دواییانـەدا، لـە کاتـی خوێندنـەوەی کتێبـی شـێرلوك هولمـز، شـتێك کـە جـان واتسـۆنی یاریـدەدەری گوتـی، کاریگـەری لەسـەر کـردم کاتێـك کـە واتسـۆن لـە ڕووبەڕووبوونـەوە لەگـەڵ کێشـەیەکی دیکـەی مەحاڵـدا، گوتـی: «من هێندە لە سـەرکەوتنە بەردەوامەکانـی هولمـز ڕاهاتبـووم، کـەوا ئەگـەری شکسـتی ئـەوم بـە تـەواوی لـە مێشـکی خـۆم سـڕیبووەوە»[a]. واتسـۆن هێنـدە لـە دیتنـی کارە سەرسـووڕهێنەرەکانی شـرلۆك ڕاهاتبـوو کـە بێگومـان دەیزانـی شـرلۆك کارە مەحاڵـەکان ئەنجـام دەدات. سـەبارەت بـە خـودا بـە هەمـان شـێوەیە. یەکێـك لـە مامۆسـتاکانی یەزدانناسـی دەڵێـت: «ئـەوەی خودا لـە ڕابـردوودا ئەنجامـی داوە، مۆدێلێکـە لـە بەڵێنەکـەی کـە لـە داهاتووشـدا ئەنجامـی دەدات، هەرچەنـد کـە خـودا هێنـدە داهێنـەرە کـە هیـچ کارێکـی دووبـارە بـە هەمـان شـێوە ئەنجـام نـادات»[b]

---

a . Sir Arthur Conan Doyle, The Greatest Adventures of Sherlock Holmes (New York: Fall River

b Press, 2012), 151. Thank you to James Allman, Dallas Theological Seminary

قوتابییەکان دەیانویست خودا لە چوارچێوەیەکی تایبەتدا سنووردار بکەن، کاتێك کە مەسیح لەگەڵیان لە ڕێ دەڕۆیشت، سنوورەکانیان داڕوخا. ئاوی کرد بە شەراب– سنوورەکان گەورەتر بوون. کوێر دەبینێت و شەل دەڕوات– سنوورەکانی هەڵگرت. پێنج هەزار کەس تێربوون– دیسان سنوورەکان فراوان بوون. لەعازەر لە مردن هەستایەوە و زیندوو بووەوە– سنوورەکان نەمان! عیسا بۆ نەهێشتنی گومان و دوودڵی یارمەتی دەدان، بەڵام خۆی هیچ سنوورێکی بۆ گومان و دوودڵی نەبوو. ئەو دەیزانی کە هیچ کارێك بۆ خودا مەحاڵ نییە، کەواتە بەم جۆرە بە متمانەوە نوێژی دەکرد. ئەگەر کەسێك هەبێت ڕێگایەکی دیکە دابین بکات، ئەو کەسە خودی خودایە!

کەواتە گوێم لێ بگرە، ئەگەر لە توانایی و دەسەڵاتی خودا دڵنیا نەبم، بە بەردەوامی نوێژ ناکەم. زۆربەی هەرە زۆری شکستەکانی ئێمە لە نوێژکردندا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بیردەکەینەوە، ئەگەری شکست لە خودادا بوونی هەیە. ئەمە هۆکارێکە بۆ ئەوەی داوای کاری مەحاڵ لە خودا نەکەین، بە پێچەوانەوە بەدوای شتێکدا دەگەڕێین کە خۆمان دەتوانین ئەنجامی بدەین.

**هیوا: ڕەزامەندی لە کاری خودا.** عیسا نوێژەکەی خۆی بەم ڕستەیە تەواو دەکات: «بەڵام نەك بە خواستی من، بەڵکو بە خواستی تۆ» (بڕوانە مەرقۆس ١٤: ٣٦). هەرچەند نوێژەکە بەوە دەستپێدەکات کە خودا توانایی ئەنجامی کاری مەحاڵی هەیە، بەڵام ئارامی لەوەدا دەست ناکەوێت کە بە تەنها وای دابنێین خودا دەتوانێت چ کارێك ئەنجام بدات و دواتر چاکەکانی ئەو بە هەژمارکردنی ژمارەی کارەکانی بخەملێنین. توانایی ئەو دەبێت هۆکارێك بێت بۆ بەرزکردنەوەی دڵمان و داوای کاری مەحاڵ بکەین. سەروەری ڕەها و دەسەڵاتی بەهێزی ئەو دەبێت لە باوەڕماندا چەسپاو بێت، وە بە بیرمان بهێنێتەوە کە خودا دەتوانێت هەموو کارێك ئەنجام بدات، بەڵام ناچار نییە –ئێمە دەبێت بە ئارامی دەروونی تەواوەوە متمانەی پێبکەین و ئارامی ڕاستەقینە بە تەنها لەمەدایە.

بە هەر جۆرێکی دیکە بیر بکەینەوە بە ناڕەزایی و نائارامی دەروونمان تەواو دەبێت، بە تایبەتی ئەگەر بەڵێنێك بخەینە ئەستۆی خوداوە کە هەرگیز نەیداوە. کاتێك خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە بە ڕێژەی ئەو کاتانەی وڵامی ئەرێنی نوێژەکانمان وەرگرتوە پێوانە بکەین، بەردەوام لە نائارامیدا دەبین. هیوای درۆیینە بەپیتترین خاکە بۆ گەشەی ناڕەزایی و نائارامی.

عیسا یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین دەبێت دڵەکانمان ڕادەست بکەین، وەڕادەستکردنەکە پێویستی بە پێداگرییە. باخی گەتسیمانی نیشانمان دەدات کە عیسا ئەم چەند وشەیەی یەك جار بە زمان نەگوتووە و دواتر هەستێتەوە و لە ئەرکی خۆی بەردەوام بێت. ئەو چەندین جار داواکارییەکەی دووبارە کردەوە. عیسا چەند کاتژمێرێکی بەم نوێژە بەسەربرد، «هەمان وتەی دووبارە کردەوە» (بڕوانە مەرقۆس ١٤: ٣٩). ئەو لە پێداگری بەردەوام بوو.

هەندێك جار پێداگری لە داواکارییەکی تایبەتدا، گەمژانە دەردەکەوێت، بەتایبەتی کاتێك کە ناتوانین لەم بڕوایەدا بین کە «خواستی خودا بێت». هەرچەند عیسا نیشانمان دەدات کە پێداگری لە هەندیك لە نوێژەکانمان باوەڕی لاوازمان دەرناخات، بەڵام، دەکرێت نیشانەی باوەڕێکی بەهێز بێت. ئەگەر بڕوام وابێت کە خودا ناتوانێت یان نایەوێت کارێك بکات، چیتر داوای لێ ناکەم! هەرچۆنێك بێت، پێداگری لە نوێژدا واتای ئەوەیە کە چۆن خواستی خۆم ڕادەستی خواستی ئەو دەکەم و بەردەوام پێداگر دەبم. نوێژی بەردەوام بەم شێوە دەڵێت: «دەزانم کە دەبێت داوای خواستی تۆ بکەم، بەڵام ناتوانم، کەواتە ئەی یەزدان یارمەتیم بدە هەرچی تۆ دەتەوێت، منیش بمەوێت. یارمەتیم بدە تاکو لە گوێڕایەڵیکردنی تۆدا بەپەلە بم».

## دڵە ڕادەستکراوەکان و دەستە بەهێزکراوەکان

لە کاتێکدا عیسا لە نوێژدا بەردەوام هەوڵی دەدا، قوتابییەکانی نوستبوون (بڕوانە مەرقۆس ١٤: ٣٤-٤٠). لە کاتێکدا کە داوای لێکردن بەئاگا بن و نوێژ بکەن (مەرقۆس ١٤: ٣٨)، وە نوێژکردنی بەستەوە بە هێزی خۆڕاگری لە بەرامبەر تاقیکردنەوەدا. بەڵام گوێڕایەڵی نەبوون. ئەوان هەمان بارودۆخی نوێژەکەیان هەبوو و لە ژێر پەستانی هەمان دڵەڕاوکێدا بوون کە عیسای مەسیح ناچار بوو لەژێر پەستانیدا بێت، دڵۆپە خوێن وەك ئارەقە لەنێوچەوانیان بڕژێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوان لە باخەکەدا لە تاقیکردنەوەی وەفاداری شکستیان هێنا، ڕێك وەك ئادەم و حەوا. خواستی ئەوانیش وەك ئێمە بە ڕادەی پێویست نەبوو.

بەڵام عیسا لە نوێژکردن بەردەوام بوو. ئەو دەڵێت خۆی ڕادەستی خودا دەکات و ئەزموونی هێزکی باوەڕپێنکراو دەکات بۆ ئەرکەکەی (بڕوانە لۆقا ٢٢: ٤٣). عیسا

بەم نموونەیەی خۆی بەبیرمان دەهێنێتەوە کە ڕادەستکردنی دڵەکانمان ڕێگایەکە بۆ بەهێزکردنی دەستەکانمان لە نوێژدا.

ئایا سەرنجتان داوە کە وا دیارنییە عیسا وەك ئێمە هەوڵ نادات لە وەڵامی خودا تێبگات بۆ نوێژەکەی؟ یەکێك لەو شتانەی کە قورسە و لە کاتی نوێژکردندا سەرمان لێ دەشێوێنێت ئەوەیە کە نازانین کەی و چۆن وەڵامی نوێژەکانمان وەردەگرین. سەبارەت بە ئێوە نازانم، بەڵام من هەرگیز دەنگی خودام بە ڕوونی نەبیستوە لەگەڵم قسە بکات. کەواتە مادام بە گشتی ئاوا قسەمان لەگەڵ ناکات، چۆن بزانین کە چ کاتێك دەبێت بەرەو پێشەوە بجوڵێین؟ وادیار نییە کە مەسیح لەم کاتەدا بە ڕوونی دەنگی خودا ببیسێت، بەڵام ئەو متمانە بە وەڵامی خودا دەکات و بە دڵنیاییەوە بڕیار دەدات و بۆ ئەرکەکەی بەڕێدەکەوێت.

عیسا بە بینینی کۆمەڵێك خەڵکی تووڕە کە لێی نزیك دەبوونەوە، بە قوتابییەکانی خۆی گوت: سێیەم جار گەڕایەوە، پێی فەرموون: «هێشتا نوستوون و پشوو دەدەن؟ بەسە! کاتەکە هاتووە. ئەوەتا کوڕی مرۆڤ دەدرێتە دەست گوناهباران. هەستن با بڕۆین، ئەوەتا ئەوەی بە گرتنم دەدات نزیك بووەوە» (مەرقۆس ١٤: ٤١–٤٢). عیسا لێرەدا بابەتێکمان فێردەکات: ڕەنگە تێگەیشتنەکان بە لاڕێمان ببەن، بەڵام ئەمە چارەسەرەکە نییە. عیسا لە نوێژکردن و فێرکردنی قوتابییەکان بە پێداگرییەوە بەردەوامە، تاکو کۆمەڵێك خەڵك پەیدابوون کە بۆ دەستگیرکردنی هاتبوون. (بڕوانە لۆقا ٢٢: ٤٧). لەم قۆناغەدا، ئەو دەیزانی خودا فەرمووبووی: «نا، ڕێگایەکی دیکە نییە». کەواتە عیسا بە ئاراستەی خواستی خودا بەڕێکەوت. ئەمە ئەوە نەبوو کە خواستی خۆی بوو، بەڵام لێی هەڵنەهات و ملکەچ بوو، چونکە دەیزانی ئارامترین شوێن لە خواستی خودادایە، تەنانەت ئەگەر بە واتای مردنیشی بێت.

عیسا جگە لەوەی بە ئاراستەی خواستی خودا دەڕویشت، لە تەواوی ئینجیلەکاندا وەك کەسێك پێناسەکراوە کە لە کاتی لە خاچدانی بە ئارامی و بەهێزەوە ڕاوەستاوە. عیسا لە گەتسیمانی ئازاری چێژت، بەڵام بەرگەی خاچی گرت. ئەشکەنجەیان دا، بەڵام تۆڵەی نەسەندەوە. تاجێك لە دڕك لەسەر سەری دادەنێن، بەڵام لاینادات. بە قامچی لێیدەدەن، بەڵام نایەوێت ئەم کارە ڕاوەستێنن. هێندە هێمنە کە تەماشای گریانی دایکی دەکات و بە یۆحەنا دەڵێت: ئاگات لە

دایکم دەبێت؟ دایە، یۆحەنا دەبێت بە کوڕت. ئەو دڵنیایە لەوەی دایکی چاودێری دەکرێت. لە کاتێکدا کە لەسەر خاچەکە هەڵواسراوە و خوێنی ناو سییەکانی دەیخنکاند، دوایین هەناسەکانی بۆ هەڵکێشانی هەوای پاك بەکارناهێنیت و زیاتر تەماشا دەکات و هەناسە بەهادارەکانی لەپێناو تۆبەکردنی گوناهباران بەکاردەهێنێت و دڵنیایی دەدات بە دزەکەی تەنیشتی کە لێخۆشبوونی وەرگرتووە. ئەو دوایین هەناسەکانی بۆ هاوارێکی پاڕانەوە بەکارهێنا و داوای لێخۆشبوونی کرد بۆ ئەو کەسانەی کە نەگەڕاونەتەوە و تۆبەیان نەکردووە.

ئەوەی تێگەیشتین، وێنەی کەسێکە کە شەوێك لە نوێژدا ئازاری چێژت و تەواوی دڵی خۆی ڕادەستی خواستی خودا کرد. وێنەی کەسێکمان پێگەیشت کە هێز و خواستی خۆی بۆ ئەنجامی خواستی خودا دانا –تەنانەت هەتا مردن. هەرچەندە باوباپیرانمان، ئادەم و حەوا، ملکەچی خواستی خودا نەبوون، بەڵام عیسا ئەو کارەی کرد. هەرچەند ئازارکێشانی مەسیح بێ هاوتا و دەگمەن بوو و هەرگیز دووبارە نابێتەوە، بەڵام نموونەیەك لە وەفاداری مەسیحی نیشانداین. ئێمە بە ڕادەستکردنی دڵەکانمان لە نوێژدا دەستەکانمان هێزدار دەکەین و بە هێزەوە بەرەو پێش دەڕۆین.

## بەبێ حاڵەتی گۆشەگیری

نوێژنەکردن وەك چاوبەستێکە کە لە مەترسییەکانی دەوروبەرمان بێ ئاگامان دەکات، هەستیکی درۆیین و بوێریەکی ساویلکانەمان دەداتی کە وا بیر بکەینەوە هیچ پێویستمان بە یارمەتی خودا نییە. قوتابییەکانی مەسیح لە ئارامی شەودا نوستبوون، لە کاتێکدا کە عیسا چاوی بڕیبووە جامی تووڕەیی خودا. نوێژ لە مەترسییەکانی دەورەبەرمان و بێهێزییەکانمان ئاگادارمان دەکاتەوە لە کێشەکاندا. هەروەها نوێژ ئاگادارمان دەکاتەوە لەو یارمەتیدەرەی کە ئارامی ئێمەیە. ئێمە بەئاگا دەهێنێتەوە کە هەست بە لاوازییەکانمان بکەین و بزانین کە لە ئاستیکی باوەڕپێنەکراودا بێهێزین و ئارامیی ژیانمان پەیوەندی بە هێزی خۆمانەوە نییە.

چیرۆکی گەتسیمانی هێندەی سەبارەت بە «سەرکەوتنی هێزی نوێژکردن»ە، بە هەمان شێوە سەبارەت بە «شکستی دڵنیایی نوێژ نەکردنە». ئەم بەشە دانراوە لەنێوان ئەو قوتابییانەی عیسا کە بەڵێنی وەفاداری دەدەن و ئەوانەی لە ترسدا

ڕایانکرد. لەنێوان پەترۆسێك کە گوتی: «گیانم بۆ تۆ دەبەخشم» و پەترۆسێك کە نکوڵی لە مەسیح کرد. کە وەك بابوڵەیەکی نان و سەوزە پێچراوەتەوە. قوتابییەکان بەڵێنی گەورە دەدەن، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا لەبەر نوێژنەکردنیان هەڵوێستەکانیان بێهیوایی پێوە دیارە.

وەفاداری عیسا بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی، بە نوێژکردنەکەی پەیوەست بوو، هەروەها کە بێباوەڕی قوتابییەکان پەیوەست بوو بە نوێژ نەکردنیان. عیسا کاتێك هۆشدارییان دەداتێ، پێکەوە کۆیان دەکاتەوە و دەڵێت: «ئێشك بگرن و نوێژ بکەن، تاکو نەکەونە ناو تاقیکردنەوەوە. ڕۆح چالاکە بەڵام جەستە لاوازە.» (مەرقۆس ١٤: ٣٨).

سێ ڕۆژ لەدوای مردنی مەسیح لەسەر خاچ، کاتێك قوتابییەکان عیسای مەسیحیان بە زیندوویی بینی، حەپەسان. کاتێك عیسا ئەوەی خودا خواستی لەسەر بوو، بە ئەنجامی گەیاند، دەرەنجامی مردنی لێکەوتەوە، بەڵام مردن ئامانجی کۆتایی نەبوو، هەروەها بۆ هەموو کەسێك کە متمانە بە خودا دەکات وا دەبێت: لە نوێژدا هێزێك وەردەگرێت بۆ بەرنگاربوونەوەی ئازارەکان.

لە سیپارەی کرداری نێردراواندا دەبینین کە قوتابییەکان پێشوازی دەکەن لە فێرکاری و نموونەکانی مەسیح و بەکاریدەهێنن، بۆیە دەرەنجامی نایاب دەبینن. لە بەشی چوارەمدا، پەترۆس و یۆحەنا بە ناڕەوا دەدرێنە بەر ئەشکەنجە و لێدان و دواتر لە بەندیخانە دەکرێن. ئەوان لەبەر دادپەروەری و ڕاستی ئازار دەچێژن و خودا لە بەندیخانە ڕزگاریان دەکات. ئایا دەزانن دواتر چییان کرد؟ ئەوان لەگەڵ هاوڕێیانیان کۆدەبنەوە و نوێژێکی بە کۆمەڵ دەکەن (بڕوانە کردار ٤: ٢٣–٣١). ئایا دەزانن داوای چی دەکەن؟ ئەوان نوێژ دەکەن کە خودای دەسەڵاتداریان، هێز و بوێرییان بداتێ تاکو خواستی ئەو بەجێبهێنن.

لە بەشی پێنج، دیسان دەستبەسەر دەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن و فەرمانیان پێدەکرێت کە چیتر دەربارەی عیسا قسە نەکەن. بەڵام ئەوان بە شادییەوە ئەوێ بەجێدەهێڵن. بەڵێ، بە شادییەکی وەسف نەکراوەوە! وە دیسان و دیسان دووبارەی دەکەنەوە (بڕوانە کردار ٥: ٤٢). چ گۆڕانێك بەسەر قوتابییە خەواڵووەکاندا هاتووە؟

ئەوان لە ڕێگای نوێژکردنەوە هێزی خودایان بەدەستهێناوە. کاتێك ئەوان دڵەکانی خۆیان ڕادەست و ملکەچی خودا کرد، خودا دەستەکانی ئەوانی بەهێز کرد

و دواتـر دەسـتیان کـرد بـە گـۆڕان بـەرەو هاوشـێوەبوونی ڕزگارکەرەکەیـان و لـە کۆتـاییـدا زانییـان کـە ئینجیـل ژیانـی ئـەوان لەپێـش چـاوی خەڵـك ناگۆڕێـت و بەهێزیـان نـاکات، لەجیاتـی ئـەوە بـە شـێوازێکی تایبـەت و لەپێـش چـاوی خـودا و خێزانـە بـاوەڕدارەکان بـە مەسـیح دەیانگۆڕێـت و بەهێزیـان دەکات.

# بەشی شەشەم

# شکۆمەندی

## ڕۆڵی نوێژکردن لە پەرستنی بە کۆمەڵدا

### بەشداربوون نەك تەماشاکردن

پێشتر بڕوام وا بوو کە حەزم لە یاری بەیسبۆڵ نییە. هەر کاتێك شەوان خەوم لێ نەدەکەوت، هەندێك تەماشام دەکرد. دواتر ڕۆژێك لە قوتابخانەی ناوەندی بووم کە هاوپۆلەکانم بە تۆپی تێنس و تۆپوەشێنە ئەلەمنیۆمەکانەوە هاتن بە دوامدا، ئۆتۆمبێلەکان و ستوونی کارەبایی سەر شەقامەکانمان بۆ سنووردارکردنی شوێنی یارییەکەمان بەکارهێنا، یەکسەر دەستمان بە یاری کرد. بەڵام دەزانن چی ڕوویدا؟ لەناکاو خۆش و دڵگیر هاتە پێش چاوم، چەندین کاتژمێر یاریمان کرد و بە تێپەڕبوونی کاتمان نەزانی. چیدی یاری بەیسبۆڵ ئەوە نەبوو کە بێزاری دەکردم، پێشتر بە تەنها تەماشام دەکرد، بەڵام ئێستا چی ڕوویدا؟ خەریکی بەشداریکردنم لە یارییەکەدا. بەهای وەرزش بە بەشداربوون تێیدا پێوانە دەکرێت نەك بە تەنها تەماشاکردنی.

پەرستنی بە کۆمەڵ– مەبەست ئەو کات و شوێنەیە کە کڵێسا پێکەوە بۆ پەرستنی خودا کۆدەبنەوە –بە واتای بینەری یارییەکی ورزشی نییە کە کورسییەك وەربگرێت بۆ ئەوەی لە ڕێگای گوتنی گۆرانی ڕۆحی یان گوێگرتن لە وتارە کۆمێدییەکان سەرقاڵ بێت. بە داخەوە زۆربەی خەڵکی چوونە کڵێسا وەك چوونە یاریگەییەکی وەرزشی دەبینن کە بڕۆن و تەماشای یارییە خوازراوەکەیان بکەن. وەك خاوەن بلیتێکی پێشبڕکێ وەرزشییەکان. بەڵام وەك بەشداربوونی من لە یارییەکەدا، پەرستنی بە کۆمەڵ بە واتای بەشداریکردنە نەك بە تەنها بینەربوون.

زۆربەی کڵێساکان هەوڵیان داوە کە پەرستن و ستایشی بە کۆمەڵیان بە شێوەیەك دابنێن کە بینەریان کەمتر بێت و بەشداربوویان زۆرتر بێت. هەندێکیان هەوڵیان داوە بەرنامەکانی پێش و پاش پەرستن بە جۆرێك ڕێکبخەن کە هەموو ئەندامەکانیان تێیدا بەشداربن. هەندێك لەم ئەندامانەی کڵێسا لە بەرامبەر ئەم

ئایەتـە بەناوبانگـەی «نزیکەکـەت وەك خـۆت خۆشبوێ» تووشـی نیگەرانـی و دڵەڕاوکـێ بـوون، هەندێك کەشوهەوایەك دەڕەخسـێنن کـە خەڵکـی لـە کاتـی گوێگرتـن لـە وتارەکـە بـە دەنگـی بـەرز کاردانەوەیـان هەبێـت و هەندێـك وشـەی وەك «ئامیـن، هەلیلویـا،...» بڵێـن. هەندێك وتاردانیـان بـە تـەواوی لابـردوە و دەڵێـن: قسـەکردنی کەسـێك بـە تانهـا هۆکارێکـە بـۆ بێزاربوونـی خەڵکـی و بەربەسـتە بـۆ هاتنـی بـاوەڕداران و بەشـدارییان لـە کۆبۆنـەوەکان. هەوڵـدان بـۆ ڕازیکردنـی خەڵکـی و گرنگیـدان بـە حەزەکانیـان، کارێکـی باشـە، بـەڵام نابێـت ئامانجـی سـەرەکی کۆبوونەوەکانـی پەرسـتن بێبایـەخ بـکات.

ئێمـە پێکـەوە بـۆ دیـداری خـودا کۆدەبینـەوە و خـودا بـەردەوام خواسـتی لەسـەر ئەوەیـە کـە لـە ڕێـگای پێکەوەبوونـەوە باشـتر بیناسـین، بـەڵام نایەوێـت بەشـداربوونمان لەگـەڵ یەکتـر، کاریگـەری هەبێـت لەسـەر پەیوەندییەکەمـان لەگـەڵ خـودا. کەواتـە وشـەی خـودا دەبێـت لـە کۆبوونەوەکانـدا بەشـێکی سـەرەکی و کرۆکی بێت. لەم بەشـداربوونەمان دەبێـت وتـاری وشـەی خـودا ببیسـتین، گۆرانـی ڕۆحـی بڵێیـن، پێکـەوە بـە کۆمـەڵ نوێژێك بکەیـن کـە لـە کتێبـی پیـرۆز فێرببوویـن و ئامادەبوونـی خـودا دڵمـان پڕبـکات.

## پێکەوە نوێژکردنمان، چۆن دەردەکەوێت؟

ئەگـەر دەزانیـن نوێژکـردن بـۆ بەهێزکردنـی یەکگرتویـی و بەشـداربوونمان لـە کاتـی دیـداری خـودا دانـراوە، کەواتـە گرنگـە کـە چۆنیەتـی نوێـژی بـە کۆمـەڵ تاوتـوێ بکەیـن. نوێـژی بـە کۆمـەڵ ڕێگایەکـە کـە فێـری گەلـی کڵێسـاکەمانی دەکەیـن چـۆن لەگـەڵ خـودا پەیوەنـدی دروسـت بکـەن. کاتێـك پێکـەوە نوێـژ دەکەیـن، هەندێـك بـاوەڕی هەڵـە دەربـارەی خـودا تاوتـوێ دەکەیـن و ئـەو بابەتانـەی کـە گرنگـن و لێیـان کەمتەرخەمیـن، نوێـژی بـۆ بکەیـن. هەروەهـا نیشـانی دەدەیـن کـە نوێژکردنـی پێویسـت کاتێکـی دیاریکـراوی ناوێـت.

ئێمـە ناتوانیـن گریمانـەی ئـەوە بکەیـن کـە خەڵکـی دەزانـن چـۆن نوێـژ بکـەن، بـەم هۆکارەیـە کـە نوێژەکانمـان هەمـوو هەفتەیـەك دەگۆڕێـن. کتێبـی پیـرۆز چـوار نموونـەی نوێژکردنمـان فێـردەکات کـە چوارچێوەیەکمـان پێشـکەش دەکـەن بـۆ ئـەوەی جەختیـان لەسـەر بکەینـەوە و زمانـی نوێـژی بـە کۆمەڵـی ئێمـە بـن. وا بیـر ناکەمـەوە کـە هیـچ یـەك لـەم چـوار جـۆرە نوێـژە بـۆ تـۆ بابەتیکـی نـوێ بێـت. ئەگـەر ئازموونـی بەشـداریکردن لـە کڵێسـات هەبێـت، ڕەنگـە دەربـارەی نموونـەی ئـەو نوێـژەت بیسـتووە کـە لە سـیپارەی

کرداری نێردراواندا ئاماژەی پێکراوە: ستایش، دان پێدانان، سوپاس، وە داواکاری. هەرچەندە ڕەنگە نوێ نەبێت، بەڵام بەکاربردنی دارشتنێك لەم چوار بابەتە لە نوێژی بە کۆمەڵدا پێویستە تاکو کەشوهەوایەکی پێکەوەبوون دروست بکات کە هەموو خەڵکی پێکەوە خودا بپرستن.

## پەرستن: ئایا دەزانیت لەگەڵ کێ قسە دەکەن؟

دەزانن لەگەل کێ قسە دەکەن؟ دەبێت بزانیت من کێم؟ لە تەمەنی گەنجێتی تەمەنمدا زۆر گوێم لەمە بووە. بە گشتی کاتێك لەگەڵ مامۆستا، ڕاهێنەر یان کەسایەتیەکی گرنگی دیکە، بابەتێکی نائاساییم باس دەکرد یان بە نائاسایی هەڵسوکەوتم دەکرد. ئەم دەستەواژەیە دەکرێت بە واتای سەرزەنشتکردن بێت، بەڵام دەکرێت بە واتای هاندانیش بێت. لەبیرمە جارجار لە دایکم نزیك دەبوومەوە تاکو لەبەر ئەو کاتانەی کە دڵم شکاندووە داوای لێبووردنی لێبکەم. من شەرمەزاری بووم و ئەو بە میهرەبانییەوە وەڵامی دەدامەوە: «نازانی لەگەڵ کی قسە دەکەی؟» ئەمە پرسیارێکی زارەکی بوو بۆ ئەوەی کە بیرم بخاتەوە کە «ئەو کێیە؟» —ئەو دایکێکی میهرەبانە. بەبیرهێنانەوەی کەسایەتی دایکم بۆ ترس و نیگەرانییەکانی من دژە ژەهرێك بوو. بە هەمان شێوە، ئەمە ئەو مەبەستەیە کە نوێژی پەرستنی ئێمە بۆی دارێژراوە.

پەرستن و شکۆدارکردنی خودا بناغە و بنەمایەکە کە نوێژی بە کۆمەڵ دادەمەزرێنێت. کەچی هەندێك جار لە نوێژی بە کۆمەڵدا دەیسرینەوە و گرنگی پێ نادەین. لە کڵێسای ئێمەدا نوێژی ستایش بە گشتی لە دەستپێکی کۆبوونەوەکەماندا ئەنجام دەدرێت. ئێمە دەمانەوێت بە دڵەکانمان بیسەلمێنین کە قسەکردن لەگەڵ خودا بۆ ئێمە جێگای شانازییە. ناسینی خودا نیعمەتێکە، بەڵام ئەم ناسینە بە خێرایی دەکرێت بگۆڕدرێت بە ئاگادارکردنەوەیەك. نوێژی ستایش بەبیرمان دەهێنێتەوە کە لەگەڵ کێ قسە دەکەین. پێش ئەوەی ناوی خودا بهێنین بۆ ڕاستی لە بەڵێنەکانی، دەبێت بەبیرمان بێتەوە کە لەگەڵ خودایەکی وەفادار قسە دەکەین و بە قوربانیبوونی عیسای مەسیح دەتوانین بە بوێرییەوە لێی نزیك ببینەوە. بەڵام دەبێت خۆمان نزم بکەینەوە و بەبێ لووتبەرزی لێی نزیك ببینەوە.

لە نوێژی ستایش و شکۆدارکردنی خودا، دەمانەوێت لە بیرمان بێت کە

خـودا چۆنـە، نـەك تەنهـا كارەكانـی ئەومـان لەبیـر بێـت. ئێمـە بـۆ سـیفەت و تایبەتمەندییەكانـی ستایشـی دەكەیـن، وەك پیرۆزبوونـی، دڵسـووزی و چاكەكانـی، تەنانـەت بـۆ توورەییەكـەی. سەیروسـەمەرەبوونی ئـەم شـێوازە نوێژكردنـە ئەوەیـە كـە بـە تەنهـا ژماردنـی یـەك بـە یەكـی تایبەتمەندیەكانـی خـودا نییـە، بەڵكـو نوێـژی سـتایش لـە دەسـتپێكی بەرنامەكانـی كڵێسـادا هـەوری بێـزاری و نەبوونـی خۆشەویسـتی دەڕەوێنێتـەوە.

یەكێـك لـە ڕۆژەكانـی جەژنـی لـە دایكبوونـی مەسـیح، هاوسـەرەكەم دیارییەكـی وەرگـرت لـە هاوڕێیەكـی ئەزیزمـان. بـۆ مـاوەی هەفتەیـەك سـندوقی دیارییەكـە نەكرایـەوە و لـە ژێـر داری كریسمەسـەكەمان دانرابـوو، هیـچ هەسـتیكی بـە هێـزی ئەرێیـی و نەرێنـی نەبـوو. كەچـی كاتێـك سـندوقەكەی كـردەوە لـە خۆشـیدا چـاوی پـڕ فرمێسـك بـوو. چـی گـۆڕا؟ كاتێـك كـە دیارییەكـەی كـردەوە، ناوەڕۆكـی ڕاسـتەقینەی ئـەو شـتەی بـۆ دەركـەوت كـە شـاراوە بـوو و نەیتوانـی لـە خۆشـیدا فرمێسـكەكانی ڕابگرێـت.

ئەمـە ئـەو كارەیـە كـە لە نوێـژی ستایشـدا ئەنجامی دەدەیـن. ئێمە بـە وردی و تەنانەت بـە خەیـاڵ كەسـایەتی خـودا دەكەینـەوە و تەمومـژی خەواڵووبـوون و ماندووبوونمـان لەنـاو دەچێـت و هەمـووان پێكـەوە پـڕ لـە شـادی دەبێـن.

ئێمـە دەبێـت فێرببیـن كـەوا نـەك بـە گشـتی، بەڵكـو بـە تایبەتـی خـودا شـكۆدار بكەیـن و ئەمـە یارمەتیـدەرە كـە بەكارهێنانـی دەسـتەواژەی بێواتـا و نـاڕوون كـەم ببێتـەوە و هەروەهـا ئـەو بۆشـاییانەی كـە خەڵكـی بـە حـەزی خویـان دەیهێننـە نێـو پێناسـەكردنی خـوداوە، پڕببێتـەوە. بـۆ نموونـە ستایشـی خـودا دەكەیـن بـۆ هەتاهەتایی بوونەكـەی، چونكـە لـە ئەزەلـەوە تاكـو هەتاهەتایـە ئـەو خودایـە (بڕوانـە زەبوورەكان ٩٠: ٢). ئـەو بـۆ هەمیشـە لەسـەر تەختـی فرمانڕەوایـی دانیشـتووە و شـایەتی لـە دایكبوونـی فەرمانـڕەوا خراپـەكان بـووە. خـودا لـە سكـی دایكیانـەوە تاكـو ڕۆژی مردنیـان دەزانێـت. خـودا هەرگیـز ناترسـێت. ئـەوان دێـن و دەڕۆن، بـەڵام تەختـی پاشـایەتی خـودا بـۆ هەمیشـە دەمێنێتـەوە. ئـەو هەرگیـز بڕیارێـك نـادات لـە ترسـی ئـەوەی كەسـێكی دیكـە جێـگای بگرێتـەوە. ئـەو لـە پشـت دیـواردا خـۆی نەشـاردۆتەوە؛ بـەو واتایـەی كـە ئێمـە دەتوانیـن متمانـەی پـێ بكەیـن كـە ئـەو هیـچ مەبەسـتێكی نهێنـی نییـە بـۆ ئـەوەی فەرمانمـان پێبـكات. پێویسـتە ئێمـە بـە درێژایـی نوێـژی ستایشـمان ڕەچـاوی ئـەم ئەزەلـی و هەتاهەتاییـەی بوونـی ئـەو بكەیـن.

قووڵبوونـەوە لـە ناسـینی تایبەتمەندییەکانـی خـودا بـەو واتایـە دێـت کـە دەبێـت ئێمـە سـەرنج بخەینـە سـەر تایبەتمەندییەکانـی خـودا، تاکـو هەندێـك جـار بـە نەزانینـی ڕاسـتییەکان ناچـار نەبیـن بـە داواکردنـی لێبـووردن. ئەمـە نیشـانمان دەدات کـە دەبێـت هەمـوو تایبەتمەندییەکانـی خـودا لەبیـر نەکەین، تەنانـەت تووڕەیی و سزادانیشـی. کاتێك لـە نوێـژی بـە کۆمەڵـدا باسـی ئەمانـە دەکەیـن واتـای ئەوەیـە کـە دادپـەروەری خودامـان لـە بیرنەکـردووە. تووڕەیـی ئـەرك نییـە، بەڵکـو پارێـزگاری کردنمانـە لـە گوناهکـردن، واتـە هۆکارێکـە کـە لـە لاوازییەکانمـان دەمانپارێزێـت. ئـەو دادپـەروەرە و ناتوانێـت بـە ئاسـانی چاوپۆشـی لـە گونـاه بـکات و شـێوازی سـزادانی بـۆ خراپـەکاران ترسـناکە. بۆیـە دەترسـین لـەوەی خـودا تـووڕە بکەیـن. بـەڵام ئـەو کەسـانەی کـە بـە قوربانـی مەسـیحی ڕۆڵـەی خـودا پارێـزراون، پەنایەکیـان هەیـە، کەواتـە زانیمـان پیـرۆزی خـودا بـۆ پارێـزگاری لـە ئێمەیـە نـەك بـۆ سـزادانمان.

ئایـا دەزانیـت لەگـەڵ کـێ قسـە دەکەیـت؟ مـن دڵنیـا نیـم لـە تـەواوی ئـەو کەسـانەی بـۆ کۆبوونـەوەی کڵێسـا دێـن، ئـەم پرسـیارە لەخۆیـان بکـەن. تەنانـەت ئەگـەر بزانیـن، لەبیـری دەکەیـن. بـەڵام ستایشـکردن لـە نوێـژدا ئەمەمـان بەبیـر دەهێنێتـەوە.

## دانپێدانان: هەروەها منیش گوناهبارم!

ئەگـەر نوێـژی پەرسـتن بـە دروسـتی ئەنجـام بدەیـن، ئـەو کاتەیـە کـە دانپێدانـان ڕۆح و دەرونمـان ڕوونـاك دەکاتـەوە. کاتێـك باسـی پیـرۆزی و چاکـەی خـودا دەکەیـن، گوناهـی خۆمـان دەردەکەوێـت. کاتێـك بیـر لـە لێخۆشـبوونی گوناهەکانمـان دەکەینـەوە لـە ڕێـگای نیعمەتـی مەسـیح، ڕێنمایـی دەکرێیـن بـۆ دانپێدانـان.

بەشـی سـێیەم لـە سـیپارەی پەیدابـوون، دەقـی سـیناریۆیەك بـۆ شـانۆگەری نییـە. ئـەم بابەتـە بـە تایبەتـی نووسـراوە تاکـو هەلومەرجێـك بـۆ پلانـی خـودا بـۆ لێخۆشـبوون لـە گوناهبـاران دابیـن بکرێـت. کاتێـك موسـا داوا دەکات کـە شـکۆی خـودا ببینێـت، یەکەمیـن شـتێك کـە خـودا دەربـارەی خـۆی باسـی دەکات ئەمەیـە کـە ئـەو خودایەکـی لێبووردەیـە (بڕوانـە دەرچـوون ٣٤ :٦ –٧). کـەس ناچـاری نـاکات لێبـووردە بێـت، بیرۆکـەی خۆیەتـی. خـودا ئامـادەکاری کـردووە کـە خراپـەکاران سـزا بدریـن و هەروەهـا گەلەکـەی خـۆی لێخۆشـبوون وەربگـرن –تـەواوی ئەمانـە بەبـێ پەڵەدارکردنـی نـاوی پیـرۆزی خـۆی و لـە ڕێـگای قوربانیبوونـی مەسـیح لـە جیاتـی ئێمـە ئەنجامـدراوە.

(بڕوانــە ڕۆمــا ٣: ٢١–٢٦). لێبــووردن و کراوەیــی خــودا هاندانێکــە بــۆ بەرەنــگاری بەرامبــەر بــە کەموکــوڕی و لاوازییەکانــی ئێمــە. بیــر لــەو کــوڕە بکەنــەوە کــە ماڵــی باوکــی لــە خراپــەکاری لــووش دا و ئینجــا بــە هــۆش خــۆی هاتــەوە و زانــی کــە باوکــی کەســێکی بەخشــندەیە (لۆقــا ١٥: ١٧–١٩). میهرەبانــی باوکەکــە وایکــرد کوڕەکــە بگەڕێتــەوە و دان بــە گوناهــی خۆیــدا بنێــت.

کاتێــك لــە ئەندامانــی خێزانــی کڵێســاکەمان دەبیســتین کــە دانپێدانــان دەکــەن، دەبێــت بیربکەینــەوە کــە: « هەروەهــا منیــش گوناهبــارم». ئێمــە بــە گشــتی گونــاه لــە ژیانــی خۆمــان بــە بچــووك دەبینیــن، بــەڵام لــە ژیانــی کەســانی دیکــە بــە گــەورە دەیبینیــن. کاتێــك دەبیســتین کەســانی دیکــە دان بــە گوناهەکانیــان دەنێــن، ســەرنج دەدەیــن کــە چــۆن ئــەو بابەتانــەی لــە هەفتــەی ڕابــردوودا گرنگیــم پێنــەدا و نەمبینــی لــە ڕاســتیدا هەتــا ڕادەیــەك خراپتــر بــوو لــەوەی بیــرم لــێ دەکــردەوە. بــە یادمــان دێنێتــەوە کــە بــۆ شــادی خۆمــان چەنــد هیوامــان بــە شــتی پــوچ هەبــووە و ناچــار دەبیــن دانیشــین و گــوێ بگریــن و یادەوەرییەکانمــان دووبــارە بکەینــەوە و بڵێیــن: «منیــش! هەروەهــا منیــش! مــن خراپتــرم ئەنجامــداوە لــەوەی کــە ئــەوان گوتیــان.»

کۆمەڵگایــەك کــە بــە شــێوازێکی ئاســایی پێکــەوە دان بــە گوناهەکانیــان دەنێــن، کۆمەڵگایەکــی شــادە و لەگــەڵ گەشــەکردنی بەردەوامــدا، بەخشــندە و جێگیــر دەبێــت.

**کۆمەڵێکــی دڵخــۆش**: دانپێدانانــەکان بــۆ دروســتکردنی پەرســتن دیزایــن کــراون، بــەڵام لەبــەر ئــەوەی قووڵایــی دڵمــان دەگەڕێــت و دەمانپشــکنێت، زۆربــەی کاتــەکان لەبیــری دەکەیــن. دانپێدانــان نــەك تەنهــا بــێ هیواییمــان لــێ دوور دەخاتــەوە، بەڵکــو دەبێــت هــۆکاری شــادیمان بێــت. دڵســۆزی و چاکــەی خــودا بــە تایبــەت لــە پشــتەوەی شکســتەکانمانەوە بــە ڕوونــی دەدرەوشــێتەوە. زەبوورەکانــی ٣٢ و ٥١ هــەردووکان بــۆ تۆبەکــردن ناوبانگیــان هەیــە و دەربڕینێکــن بــۆ شــادی و جوانــی لێبووردەیــی خــودا. لــەدوای داپێدانانــی نووســەری زەبــوورەکان، ئــەم کەســە گوناهبــارە هەرکەســێك کــە دەیناســێت بانگهێشــتی دەکات بــۆ ئــەم لێبووردنــەی خــودا (بڕوانــە زەبــوورەکان ٣٢: ١١؛ زەبــوورەکان ٥١: ١٤).

ئێســتا ئــەم ئازموونــە لەلایــەن هەمــوو ئەندامانــی کڵێســاکەتانەوە، چەنــد هێنــدە بکــەن. ئایــا دەتوانــن ئاســتی ئــەم شــادی و خۆشــییە وێنــا بکــەن؟

**کۆمەڵێکی گەشەکردوو:** تۆبەکردن لەگەڵ باوەڕدارانی دیکە پێکەوە، هاندانێکی گەورەیە بۆ مزگێنیدان. زەبووری ١٣٠ وێنەیەکی تەواومان لەسەر ئەم بابەتە دەداتێ، لە ئایاتی ١ هەتا ٦ نووسەری زەبوورەکە هاواری پارانەوە بۆ خودا دەکات و داوای یارمەتی لێ دەکات، هەموو هیوای بە بەڵێنەکانی خودایە. لە ئایاتی ٧ و ٨ کاردانەوەی خۆی بۆ وەرگرتنی یارمەتییەکە نیشان دەدات. هەروەها دەیەوێت تەواوی نەتەوەکانی دونیا ئەم کڕینەوە لە گوناه و خۆشەویستی نەگۆڕی خودا ئەزموون بکەن. لێبووردنی خودا زۆر باشە کە بۆ خۆمان وەریبگرین، بەڵام دەبێت بۆ کەسانی دیکەیش داوای بکەین. کاتێك لێبووردن لە گوناه بە شێوەی جەماوەری لە ڕێگای دانپێدانانەوە ئەزموون دەکرێت، پەیامی مزگێنی بە تایبەتی کار دەکات و بە گشتی ڕادەگەیەندرێت. کۆمەڵگایەك کە ئازادانە پێکەوە دان بە گوناهەکانیان دەنێن، تامەزرۆی ئەوە دەبن کە ئازادانە دەرەنجامەکەی دابەش بکەن. ئەم کۆمەڵگایە ئاماژە بە جیهانێك دەکەن کە بەرەو مردن دەچێت: «وەرن، تام بکەن و ئەو لێبووردنە ببینن کە ئێمە چێژتمان و بینیمان».

**کۆمەڵێکی میهرەبان:** هەروەها کە لە نوێژی پەروەردگاردا بینیمان (بڕوانە مەتا ٦: ٩–١٣)، ئەگەر نوێژەکانمان بە کورتی بکەین و بەچاوێکی بەرتەسکەوە ببینین، ناتوانین داوای لێبوردن لە خودا بکەین. کۆمەڵی باوەڕدارانی مەسیح کاتێك پێکەوە دان بە گوناهەکانیان دەنێن، دەبێت بە بەردەوامی لەیادیان بێت کە خۆیان گوناهبارانێکن کە هەموو ڕۆژێك پێویستیان بە لێخۆشبوونی خودا هەیە، کەواتە ئێمە دەبێت لەو بارودۆخە تێبگەین کە بەرامبەرەکەمان خراپە دەکات؛ چاوەڕێی کارێکی وەهاش لە خۆمان بکەین. بە بیرمان بێتەوە کە مەرجی لێخۆشبوونی خودا لە ئێمە خۆشەویستی ئەوە نەك داوای لێبووردنەکەی ئێمە، وە لە کۆتاییدا ئێمە دەبێت وەهابین بۆ ئەو کەسانەی خراپەمان بەرامبەر دەکەن. کاتێك پێکەوە دانپێدانان دەکەین ئیرەیی و ململانێ و ڕکابەرایەتیمان تێدا نامێنێت و کۆمەڵگایەکی ئاشتیخواز دروست دەبێت.

**کۆمەڵێکی ڕەسەن:** نوێژی دانپێدانان، هەمووان وا لێدەکات بیر بکەنەوە و بێفیز و ڕووڕاست دەکات و مەحاڵە لەگەل کەسێك بە شێوازێکی لووتبەرزانە وبێڕێزانە هەڵسوکەوت بکەین. کاتێك بەڕێزترین کەسایەتیەکانی جەماوەرەکەمان لە نێوانماندا ڕێبەرایەتی نوێژی دان پێدانان دەکەن، ئەگرکەسێك بە پێویستی نەزانێت

دان بەگوناهەکانیدا بنێت، کە دەبینێت ڕابەرانی کڵێسا باسی خاڵە لاوازەکانیان دەکەن، ئەوا ئەوانیش چیتر خاڵە لاوازەکانی خۆیان بە سەیروسەمەرە و ناڕەوا نابینن. نوێژی دان پێدانان بۆ ئەو باوەڕدارانەی کە ویژدانێکی لاوازیان هەیە، بەیاد هێنانەوەیەکە کە هیچ تاقیکردنەوەیەك نییە کە کەسانی دیکە توانایان نەبێت بە سەریدا زاڵ ببن، تەنانەت کەسانێك کە لە چاوی ئەوانەوە باوەڕدارێکی لاواز بوون. دان پێدانانی گشتی ڕێگا بۆ هەمووان هەموار دەکات، کە ئەمە لە خۆیدا شایەتیەکی گەورەیە بۆ باوەڕداەران و بێ باوەڕانیش.

## سوپاسکردن: بۆچی من؟

لە ڕێگای نوێژی پەرستنەوە بە یاد دێنینەوە کە خودا ناچار نییە هیچ ئەرکێکی لە بەرامبەر بە ئێمەدا هەبێت. لە ڕێگای دانپێدانانەوە بە یاد دێنینەوە کە خودا لەڕاستیدا کارێکی بۆ ئێمە ئەنجام داوە، کە ناچار نەکراوە ئەنجامی بدات. ئەو ئێمەی بەدیهێناوە، چاودێریمان دەکات، دابینکەرمانە، لێمان خۆشدەبێت و وەك ڕۆڵەی خۆی قبووڵمان دەکات —ئەم لستە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت. خودا لەگەڵ هەموو دروستکراوەکانی خۆی لە زۆر ڕووەوە میهرەبانی دەنوێنێت. بەڵام بە شێوازێکی تایبەت لەگەڵ ڕۆڵەکانی خۆی میهرەبانە. خودا بە دەسەڵاتەوە لە ئاسمان دادەنیشێت و هەرچەند کە ئێمە گوناهبارین، چاکەمان لەگەڵ دەکات، ئەمە هۆکارێکمان پێدەدات بۆ ستایشکردنی.

تەنها وەڵامی گونجاو بۆ نیعمەتی خودا، سوپاسکردنە. بەڵام زۆربەی کات وەڵامەکەمان وا دەردەکەوێت کە خودا قەرزاری ئێمەیە، کە بە ڕوونی لە بۆڵەبۆڵ و ناڵەناڵکردنماندا دیارە! باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی بزانین کە دڵمان پڕە لە پێزانین یان بێمنەتی، ئەوەیە کە مەبەستی خۆمان لەم پرسیارە ڕچاو بکەین «بۆچی من؟» دڵێك کە بێمنەتانە وەك ئەوەی خودا قەرزداری بێت، داوا بکات، دەڵێت: «ئەی خودایە، بۆچی داواکارییەکەم بەو شێوەی من خواستم لەسەرە جێبەجێی ناکەیت؟» بەڵام دڵێکی بێفیز دەپرسێت، بۆچی من؟ بە واتای ئەوەی ئەی خودایە بۆچی هێندە لەگەڵ من چاکەت کرد؟ من شایانی تۆ و هیچ یەك لە نیعمەتەکانت نیم. کات دانان بۆ سوپاسکردنی خودا لەبەر کارێکی تایبەت کە خودا بۆ ئێمەی کردووە، دەبێت بە ئاراستەی سوپاسکردن و بێفیزی دڵمان گەشە بکات. کاتێك

ئێمە گلەیی و بۆڵەبۆڵ دەکەین، دەبێت لە ڕێگای سوپاسکرنەوە بانگهێشت بکرێین تاکو نیعمەتەکانی خودا لەسەر ژیانمان بەبیر بهێنینەوە کە شایانی نەبووین، وە لە یادی نەکەین کە هەموو ئەمانەمان بە میهرەبانی و نیعمەتی خودا وەرگرتوە.

ئەم کاتدانانە بۆ سوپاسکردنی خودا لە کۆبوونەوەکانی کڵێساکەماندا زۆر گرنگە، چونکە ڕۆحێکی شکاو دەکرێت بەربەستێك بێت بۆ بیستنی قسەکانی خودا (بڕوانە دەرچوون ٦: ٩). ئەگەر دراوێکی ئاسنی بخەینە بەرچاومان دەکرێت هەتاو بشارێتەوە و وا بکات چیتر نەبینین، بەم شێوازەش کاتێك زۆر سەرنج بخەینە سەر کێشەکانمان، ناتوانین شکۆی خودا ببینین.

من هەندێك جار هێزی بێ سنووری خودا لەبەرچاو دەگرم و دواتر بیر دەکەمەوە لە هەموو ئەو شتانە کە لەم دونیایە و لە ژیانمدا شکستی پێهێناوم، وە دەست دەکەم بە گلەییکردن. بەڵام شایەتی ئەوەم کە خوشك و برایانم سەرەڕای کێشە جۆراوجۆرەکانی ژیانیان، دیسان سوپاسی خودا دەکەن و ئەمە هانم دەدات کە دڵم بە ئاراستەی سوپاسکردن و شادی ببەم. ئێمە وەك شوێنکەوتووانی مەسیح لە کڵێسادا دەبێت سەبارەت بەو بابەتانە خەمبار بین کە لە جیهاندا هەڵە و خراپەکارییە؛ بەڵام هەمیشە لەبەر کەسایەتی و بەڵێنەکانی خودا دڵشاد بین (بڕوانە کۆرنسوس ٦: ١٠). نوێژی سوپاسکردن ڕێگە دەدات تاکو تیشکی شکۆی خودا بەسەر وردەکاری کێشەکانماندا سەربکەوێت.

## داکۆکی و پاڕانەوە: ئێمە پێویستمان بە یارمەتی تۆیە!

لەدوای ئەنجامدانی ئەو نوێژانەی کە هەتا ئێستا باسمان کرد، لە یادمان بێت کە کاتێك پشت بە خودا دەبەستین ئەو خۆی شکۆدار دەکات. خودا چاودێری ئەو کەسانە دەکات کە پەنای بۆ دەبەن (بڕوانە نەحەمیا ١: ٧). لەم سەردەمەدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، باری سەرشانمانی قورستر کردووە، واتا کێشەکانی ئێمە لەگەڵ کێشەکانی دونیا تێکەڵ بووە. دونیای سۆشیال میدیا دێت و دەپرسێت: گوێت لە هەواڵەکان بووە؟... نموونەیەکی دیکە لە توندوتیژی پۆلیس... یاسایەك پەسندکراوە کە بەهاکانی مەسیحی سووك کردووە و وەك کاری شەیتان دەردەکەوێت...هەڵبژاردنێکی یەك جەمسەری دیکە... شکستی کەسایەتی ڕابەرێکی مەسیحی... شەهیدێکی دیکە... منداڵ لەباربردنێکی دیکە... هاوڕێیەکی

دیکە شێرپەنجەی هەیە... وە هەروەها ئەم هەواڵە ناخۆشانە بەردەوامن. لە کاتێکدا نامانەوێت کۆتایی بەم جۆرە گفتوگۆیە بهێنین، لە هەمان کاتدا دەمانەوێت لەگەڵ کەسێك گفتوگۆ بکەین کە لە ئاسمانە! نوێژی داواکردن لە کاتی پەرستنی بە کۆمەڵدا ئەم دەرفەتەمان دەداتێ کە باری خەمی خۆمان لەلای خودا بەجێبهێڵین.

لە کڵێساکەمان، ئەندامانی کڵێسا، لە نوێژی ستایش، لە دانپێدانان و سوپاسگوزاریدا ڕێبەرایەتی ئێمە دەکەن. ئێمە وەك شوانەکانی کڵێسا بڕیارمان داوە کە ڕێبەرایەتی نوێژی داواکاری بکەین. ئێمە ئەم کارە دەکەین تاکو ڕێژەی ئەو داواکارییە بەرز بکەینەوە کە گەلی کڵێساکەمان باوەڕی هەیە دەتوانێت لە خودای داوا بکات. لەم سەردەمەدا کە باوەڕی مەسیحی بە ئارامی و خۆشی بۆ پێشەوە دەچێت، دەتوانین دەستنیشانی بکەین کە خەڵکی داواکاری سنوورداریان هەیە و کورتبینن. ئێمە دەمانەوێت نیشانی بدەین کە کێشە نییە داوای چاکبوونەوەی نەخۆشی لە خودا بکەین، وە هەروەها کێشە نییە بە بەردەوام هەمان نوێژ بکەین. کێشە نییە داوای شتێك لە خودا بکەین بەبێ ئەوەی هەمیشە بڵێین: «ئەی خودایە! ئەگەر بە خواستی تۆیە». بە دڵنیاییەوە ئێمە دەمانەوێت کە دڵمان پێش هەموو شتێك داوای خواستی خودا بکات. بەڵام زۆربەمان گومانمان هەیە لە توانایی و ویستی خودا بۆ ئەنجامی کاری گەورە لە ژیانماندا. ئێمە دەمانەوێت بە داواکاری شتی گەورە گەورەیی عیسا پێشان بدەین. هەندێك جار خودا بە خواستی خۆی وەڵامی «نا» دەداتەوە —وە لەم ڕێگایەوە ئێمە لەگەڵ یەکتر گەشە دەکەین. بەڵام ئێمە بەردەوامین لە داواکردنی شتی گەورە و دەبینین کە زیاتر لەوەی دەتوانین داوای بکەین یان بیری لێ بکەینەوە، وەڵاممان دەداتەوە. لە هەر حاڵەتێکدا، کاتێك پێکەوە داوای یارمەتی لە خودا دەکەین، باوەڕمان وەك خێزانێك پێکەوە بەهێز دەبێت.

## پەیڕەوکردنی نوێژ بە کرداری

ڕەنگە پێویستی و سوودبەخشیی تەواوی ئەم نوێژانە ببنین، بەڵام لە هەمان کاتدا بپرسین: «چۆن هەموو ئەمانە لە ماوەی یەك کۆبوونەوەی کڵێسادا بە کرداری پەیڕەو بکەین؟» لێرەدا سێ ڕێکار هەیە کە ڕەنگە یارمەتیدەریان بێت.

یەکەم، گەشە و بنیادنانی شوێنێك کە هەمووان خۆیان بە بەشداربوو ببینن،

ئەمـە بـە واتـای وەلانانـی ڕابەرەکـە نییـە. کڵێسـایەك کـە ڕانەهاتـوون لەسـەر ئەنجامی ئەم چـوار جـۆرە نوێژکردنـە لـە بەرنامـەی خزمەتـی هەفتانـەدا، پێویسـتیان بـە ڕابەرانێکـە کـە ئـەم چوارچێوەیـان پێشـکەش بـکات و فێریـان بـکات. ئەمـە نوێژێکـی تایبـەت نییـە و ئـەم بابەتـە دەبێـت هـۆکاری نوێـژی بـە کۆمەڵـی کڵێسـا بێـت. کەواتـە شـوانەکانی کڵێسـا دەبێـت گرنگـی بـدەن بـە کەسـایەتی و شایسـتەیی ئـەو کەسـانەی کـە داوای بەئەنجـام گەیاندنـی نوێـژەکان دەکـەن.

دووەم، کەسـانێك کـە لـە نـاو کۆمەڵەکـەدا بـە دەنگـی بـەرز نوێـژ دەکـەن، دەبێـت پێشـتر ئامادەکارییـان کردبێـت. هەرچەنـدە ناتەوێـت کـە نوێـژەکان وەك نووسـراوێك بخوێنێتـەوە و ناویـان لـە نوێـژەکان دابنێیـت، هەروەهـا جیـاوازی بکرێـت، بۆیـە ئامـادەکاری پێویسـتە و دلەڕاوکـێ و دووبارەبوونـەوەی بەبـێ بیرکردنـەوە کـەم دەکاتـەوە. ئـەم کارە یارمەتـی بـاوەڕداران دەدات بـە ئاگایـی، هۆشـیاری، هەسـتیاری و بەخاڵبەندییەکـی ڕێکـەوە نوێـژ بکـەن و ئـەم بابەتـە هۆکارێکـە بـۆ هێشـتنەوەی ئـارەزووی گوێگـرە بەشـداربووەکان لـە کاتـی نوێژکردنـدا. پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا پێویسـتی بـە سـەرنجدان، بیرکردنـەوە و شـەفافیەتە. یارمەتـی ئـەو کەسـانە بـدەن کـە نوێـژ دەکـەن تاکـو هەمـوو ڕەهەندەکانـی ئـەو کارەی ئەنجامـی دەدەن، ڕچـاوی بکـەن، کـەوا ئەمەیـە: ڕێنماییکردنـی گەلـی خـودا بـۆ پەرسـتنی خـودا.

سـێیەم، بـە هێواشـی بـڕۆ. ئێمـە پەلەمـان نییـە. نوێژکـردن بەشـێکی گرنگـە لـە خزمەتـی کڵێسـادا کـە ناتوانیـن چاوپۆشـی لـێ بکەیـن و کورتـی بکەینـەوە.

## پەیوەندی جۆراجۆر

ئێمـە وەك کڵێسـا، دەمانەوێـت کـە پێکـەوە و بـە کۆمـەڵ پەروەردگارمـان بپەرسـتین. ئێمـە دەمانەوێـت نەتـەوە جیاوازەکانـی خـودا نیشـان بدەیـن، کاتێـك بـە شـێوازی جۆراوجـۆر قسـە لەگـەڵ خـودا دەکـەن. ئێمـە دەمانەوێـت ئەندامانـی کڵێسـاکەمان و سـەردانیکەرانی دیکـە ببینـن کـە ئـەو نوێـژە گرنگـە بـە شـێوازی جیـاواز و لـە کاتێکـی کەمـدا، دەکرێـت. هەمـوو ئەمانـە کاتێـك ئەگـەری ئەنجامـی هەیـە کـە لـە ڕۆژی فەرمـی کۆبوونـەوەی کڵێسـاکەماندا زیاتـر جەخـت لەسـەر نوێژکـردن بکەینـەوە.

خـودای ئێمـە حـەز بـە پەیوەندییەکـی قـووڵ دەکات لەگـەڵ گەلەکـەی. هەرچەنـدە ئـەم پەیوەندییـە قووڵتـر بێـت، پەیوەندییـەکان هەمەجۆرتـر دەبـن. ئێمـە بـە درێژایـی

نوێـژی پەرسـتنمان بـەدوای ئـەم بابەتـە ناوازەیـەدا دەگەڕێیـن کـە «خـودا کێیـە؟». ئێمـە لـە دڵسـۆزی و میهرەبانـی خـودا لـە کاتـی نوێـژی دانپێدانانمـان تێدەگەیـن. لـە کاتـی نوێـژی سوپاسـکردندا بیـر لـە هەمـوو ئـەو کارە چاکانـە دەکەینـەوە کـە خـودا بـۆ ئێمـەی کـردووە. ئێمـە پشـت بـەو دەبەسـتین و لـە کاتـی نوێـژی داواکاریـدا هەسـت بـە هێـزی ئـەو دەکەیـن. بـە گشـتگیرکردنی ئـەم نوێژانـە لـە بەرنامـەی کۆبوونەوەکانمانـدا، پانتایـی و قووڵایـی پەیوەندییەکەمـان لەگـەڵ خـودا دەردەخەیـن.

لـە دەسـتپێکی کاری شـوانایەتیم، سـەردانی کڵێسـایەکم کـرد کـە ئـەو بابەتانـەی وەك مۆسـیقا و شـێوازی وتـاردان، بـە دڵـی مـن نەبـوو، بـەڵام بـەم شـێوازەی کـە لـەم کتێبـە باسـم کـرد، گرنگییـان بـە نوێـژ دەدا. نوێژکـردن ڕۆڵـی سـەرەکی و بنەڕەتـی هەبـوو لـە پەرسـتنەکانیاندا. هەتـا ئـەو کاتـەی هەسـتیکی وام ئەزمـوون نەکردبـوو، هەرچەنـدە لـە وتارەکـە شـتێك فێـر نەبـووم، بـەڵام هەسـتم کـرد کـە منیـش لەگەڵیـان بەشـدارم، چونکـە داوایـان لـێ کـردم لەگـەڵ گەلـی خـودا و لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ خـودا بەشـداربم. وەك یـاری تۆپـی پـێ کارێکـی تیمـی بـوو. شـتیك کـە دەکـرا وەك بینەرێـك هەسـتی بێـزاری و ماندووبوونـم پێبـدات، بـە پێچەوانـەوە منـی وەك بەشـداربووێك هۆگـری خـۆی کـرد. کاتێـك پێکـەوە لـە ڕێـگای نوێژکردنـەوە لـە پەرسـتنی بـە کۆمەڵـدا بەشـدار دەبیـن، بـە شـێوازێکی بێهاوتـا تامـەی شـکۆی خـودا دەکەیـن.

# بەشی حەوتەم

# پشتبەستن بە خودا

## ڕۆڵی نوێژ لە پەرستنی بە کۆمەڵدا

### پشتبەستنە یان فێربوون؟

لە ساڵی ١٩٩٢، ئەو کاتە من تەمەنم هەشت ساڵان بووم، تازە يارییەکانی ئۆڵۆمپیادی هاوینەم تەماشا کردبوو. بڕیارم دا کاتێك گەورە بووم ببم بە پاڵەوانی یاری جیمناستیك، بەڵام پێش هەموو شتێك دەبێت فێرببم کە تەقلە بە پشتدا لێبدەم. من ڕۆیشتم بۆ کتێبخانەی قوتابخانەکەمان و لە کتێبێکی جیمناستیکمدا نهێنیەکانی وەرزشەکەم پەیداکرد. لەو بەشەوە وردبوومەوە کە باسی جووڵەکانی یارییەکەی دەکرد و چەندین جار خوێندمەوە. لەدوای تەواوبوونی قوتابخانە دۆشەکەکەم لە ژوورەکەم هەڵگرت و لە باخچەی حەشەکەمان دامنا، دەستمکرد بە ئەنجامدانی ئەوەی خوێندبوومەوە.

با چەند دیمەنێك بەرەو پێشەوە بچین، وە من ببینن کە لێو و ڕوومەتم بەستراوە و بە شەلە شەل دەگەڕامەوە ژوورەکەم. وادیارە خوێندنەوە لەسەر یاریەکە لە ئەنجامدانی ئاسانترە! دەبووایە مەشق بکەم. دەبێت فێرببم چۆن کاتێك لە هەوادا بەرز دەبنەوە، بۆ هەڵگرتنی کێشی لەشم پشت بە دەستەکانم ببەستم.

هەروەها کە دیارە، ئێوە ناتوانن بابەتی پشت بەستن بە دەستەکانتان لە ڕێگای خوێندنەوە، فێر ببن یان فێر بکەن. ئەم بابەتە بە فێرکاری مسەوگەر نابێت، بەڵکو بە مەشقکردنی کرداری بەدەست دێت. هەروەها کە من بە خوێندنی کتێب فێر نەبووم کە جوڵەیەکی وەرزشی دروست بکەم، ئێوەش دەبێت فێری کڵێساکەتان بکەن کە بە تەنها لە ڕێگای پێشنیارکردن و هەندێك دەستەواژە ناتوانن پشت بە خودا ببەستن. کردار پێویستە و کردارەکەش نوێژکردنەکەیە. کڵێسایەك کە مەشقی نوێژکردن دەکات باشترە لە کڵێسایەك کە فێری دەبێت؛ ئەم کڵێسایە پشت بە نوێژ دەبەستێت. ئەمە زیاتر لە کڵێسایەکە کە بە تەنها دەزانێت و کرداری نییە؛ ئەمە ئەو کڵێسایەیە کە هەست بە نوێژکردن دەکات. ئێمە لە ڕێگای نوێژی بە کۆمەڵەوە فێردەبین پشت بە خودا ببەستین.

## پشت پێ بەستن بە زۆرەملێ

کڵێسای ئێمە ناچارکرا پشت بە نوێژکردن ببەستێت. ئازار لە سەرەتای ژیانی کڵێساکەماندا پێویستی ئێمە ی بە خودا بەرجستە دەکرد. لە نۆ مانگی سەرەتای کڵێساکەمان هیچ هاوسەرگیرییەك، لەدایکبوونێك، بەئەندامبوونێك و باوەڕهێنانێکی تێدا نەبوو. وروژاندنێك کە پێویست بوو لە کڵێسایەکی گەنجدا ببینرێت کە تەمەنی ئەندامانی بیست بۆ سی و هەندێك ساڵ بوو، نەدەبینرا. بە پێچەوانەوە، وەك زستانی شاری سیاتێل خەمناك بوو. لە مانگی ئاداردا یەکێك لە ئەندامانی کڵێسا کۆچی دوایی کەسێکی ڕاگەیاند کە بۆ ئەو وەك دایك و مامۆستایەکی خۆشەویست بوو. لە مانگی نیساندا براکەم کوچی دوایی کرد. لە مانگی ئایاردا، خوشکی یەکێکی دیکە لە ئەندامانی کڵێساکەمان بەهۆی شێرپەنجەوە گیانی سپارد. لە ڕۆژی حەوتی مانگی کانوونی دووەم ساڵی ٢٠١٥، ڕێك ڕۆژی ڕاگەیاندنی کڵێساکەمان هەواڵی کۆچی دوایی داپیرەی هاوسەرەکەممان پێگەییشت.

ئەم بارودۆخە لە مانگەکانی تەموز، ئاب، ئەیلول و تشرینی یەکەمدا بەردەوام بوو. هەندێك جار هەواڵێکی خۆشی وەك هەواڵی لەئاوهەڵکێشان هەبوو، لە مانگی تشرینی یەکەمدا یەکێك لە ئەندامانی کڵێساکەمان کە خاتوونێکی پەنجا و سێ ساڵان بوو بەهۆی دەستنیشانکردنی نەخۆشی شێرپەنجەکەی لە نەخۆشی گوناهی خۆی ئاگادار بووەوە. بەڵام لە ٣٠ کانوونی دووەمی ٢٠١٦ دا، هەمان نەخۆشی شێرپەنجە کە مەسیحی پێناساند، لە ئێمەی وەرگرتەوە و بە دیداری عیسای مەسیحی ڕزگارکەری شاد کرد. کاتێك لە ئاوهەڵکێشانمان بۆ دەکرد، خۆشحاڵ بووین، وە کاتێك لەدوای چەند مانگێك بە خاکمان سپارد، خەمبار بووین.

ژیان ئیفلیجی کردبووین. شادی دووردەکەوتەوە و خەم و پەژارە نزیك. ئێمە ناچار کراین کە فێر ببین لە کاتی چاودێریکردنی یەکتریدا پشت بە خودا بەستن چ واتایەکی هەیە. ئێمە وشەی ئاقڵانە و سەرچاوەی پێویست بۆ چارەسەرکردنی پێداویستییەکانی یەکترمان نەبوو. بۆ هەڵگرتنی ئەو بارانەی کە لە سەرمان ئەرك بوو، هەڵیبگرین، تەیار نەبووین یان بە دروستی تەیار نەکرابووین. لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئێمە یەك وانە فێربووین: کاتێك لە ژیاندا دەکەون، بۆ هەستانەوە بە پەلە مەبن. بەڵکو بەپەلە بن بۆ تەماشاکردنی خودا لە نوێژدا. ئێمە لە قوتابخانەی کێشە و مەینەتیدا، فێری پشتبەستن بە خودا بووین.

ئیستا پرسیاری من لە ئێوە ئەمەیە: باوەڕدارانی کڵێساکەی ئێوە لەڕاستیدا لە کوێ فێردەبن کە پشت بە خودا ببەستن؟ ئایا مەودایەك بۆ فێربوونی ئەم پشت بەستنە هەیە؟ ئایا کاتێکی دیاریکراو هەیە؟ یان بیرۆکەی ئەوەمان هەیە کە خەڵکی ڕێکار و هێڵکاریەکان لە وتارەکە وەربگرن و دواتر بە تەنهایی بەشی پشت پێبەستن بۆ خۆیان شیکار بکەن و فێری ببن؟ خۆشبەختانە چاوەڕوانی داهێنانانەمان لێ ناکرێت. ئێمە ناچار نین کە ستراتیژ یان ڕێکاری بەرنامەیەکی نوێ بۆ یارمەتیدانی خەڵکی فێرببین، تاکو واتای پشت پێبەستن بە خودایان فێر بکەین. ئێمە بە تەنها دەبێت دەربارەی ئەو شتەی پێشتر خودا پێشکەشی کردووین، توێژینەوە بکەین. تەنانەت ئەگەر بە خێرایی تەماشایەکی وشەی خودا بکەین دەبینین کە چارەسەرێکی دروستمان لە بەردەست دەبێت.

## سەرنجدا لەسەر شتە دیارەکان

یەکێك لە گرنگترین وانەکان کە لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز فێری بووم، ئەم دەستەواژەیە بوو: «سەرنجت لەسەر شتە دیار و ئاشکراکان بێت». یەکەم هەنگاومان لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزدا گەڕان بەدوای ئەو شتانەیە کە بۆ هەر خوێنەرێك ڕوونە. بە وردبینی دەست پێمەکەن، بە وێنەیەکی گەورە کە لە ئاسمانەوە گیراوە دەست پێبکەن. بۆ تێگەیشتن لە نوێژکردن لە ژیانی کڵێساییدا، دەبێت بە تەنها سیپارەی کرداری نێردراوان لەبەرچاو بگرن.

بۆ ڕوونی، وردەکاری گرنگە. تەواوی کتێبی پیرۆز لە سروشی ڕۆحی خودایە و نووسەرەکانی کەسانێکن کە خودا بە وردبینی هەڵیبژاردوون. لۆقا، پزیشکێك کە سیپارەی لۆقا و کرداری نێردراوانی نووسیوە، بۆ ڕاپۆرتیکی ورد و ڕێکوپێك لەسەر ژیانی عیسا (بڕوانە لۆقا ١: ١–٣)، وە بۆ دامەزراندنی کڵێسا (بڕوانە کردار ١: ١–٣)، بە وردی نووسیویەتی. ئەو دەیویست خوێنەرەکانی دڵنیا بکاتەوە لەوەی کە خۆی فێرکرابوو.

لۆقا کڵێسا وەك کۆمەڵێکی نوێژ پێناسە دەکات. تەنانەت خوێندنەوەیەکی خێرای سیپارەی کرداری نێردراوان، بەربڵاوی و فراوانبوونی نوێژی کڵێسامان نیشان دەدات.

- قوتابییەکان هەموویان پێکەوە نوێژ دەکەن بۆ دانایی لە هەڵبژاردنی ڕابەریکی دیکە لەجیاتی یەهوزا (بڕوانە کردار ١: ١٢–٢٦)

- کڵێسا وەك ڕیتم و ترپەیەك بۆ ژیانی تەواوی باوەڕداران بە بەردەوامی نوێژدەکات. (بڕوانە کردار ٢: ٤٢–٤٧)
- پەترۆس و یۆحەنا لە کاتی نوێژکردندا پێکەوە بۆ پەرستگا چوون (بڕوانە کردار ٣: ١–٣)
- کڵێسا بۆ وەرگرتنی بوێری و ئازایەتی لە بەرپەرچدانەوەی دژایەتییەکان، نوێژ دەکەن. (بڕوانە کردار ٤: ٢٣–٣١)
- کڵێسا بۆ بەرەکەتداربوونی ڕابەرە هەڵبژێردراوەکان نوێژ دەکات، نێردراوان پابەندن بە نوێژی بە کۆمەڵ. (بڕوانە کردار ٦: ١–٦)
- ستیفانۆس، یەکەم شەهید لە کاتی گیان سپاردنیدا، داوای لێخۆشبوون دەکات بۆ ئەو کەسانەی شەهیدی دەکەن و نوێژ دەکات. (بڕوانە کردار ٧: ١٤–١٥)
- پەترۆس و یۆحەنا لەگەڵ باوەڕدارە پیرۆزەکانی دیکە لە شاری سامیرە نوێژ دەکەن تاکو ڕۆحی پیرۆز وەربگرن. (بڕوانە کردار ٨: ٢٢–٢٤)
- پەترۆس فەرمان بە بە شیمۆنی جادووگەر دەکات کە تۆبە بکات و بۆ لێخۆشبوون لە مەبەستی خراپی دڵی نوێژ بکات، شیمۆن داوایان لێ دەکات نوێژی بۆ بکەن. (بڕوانە کردار ٨: ٢٢–٢٤)
- پەترۆس نوێژ دەکات و ژنێکی بینی کە مردووان هەڵدەسێنێتەوە. (بڕوانە کردار ٩: ٤٠)
- کۆرنیلیۆس بەردەوام نوێژی دەکرد کە خودا ڕێگای ڕزگاری نیشان بدات. (بڕوانە کردار ١٠: ١–٨)
- پەترۆس لە ڕوانگەیەکی تەسکەوە نوێژ دەکات و خودا سەرنجی ئەوای فراوانتر کرد. (بڕوانە کردار ١٠ : ٩–٢٣)
- کڵێسا پێکەوە بۆ دەربازبوونی پەترۆس لە زیندان نوێژ دەکات.

(بڕوانــە کــردار ١٢: ١–٥)

- کڵێســا بــەڕۆژوو دەبێــت و نوێــژدەکات و خــودا پــەرە بــە ژمــارەی بــاوەڕداران دەدات. (بڕوانــە کــردار ١٣: ١–٣)
- پۆڵــس و بەرنابــاس پیرانــی کڵێســا هەڵدەبژێــرن و بــە ڕۆژوگرتــن و نوێژکردنــەوە بــە مەســیحی باڵادەســتیان دەســپێرن. (بڕوابە کــردار ١٤: ٢٣)
- پۆڵــس و ســیلا پێکــەوە لــە بەندیخانــەدا نوێــژ دەکــەن (هیــچ شــتێك ناتوانێــت بەربەســت بێــت لــە نوێژکردنــی ئــەم برایانــە پێکــەوە). (بڕوانــە کــردار ١٦: ٢٥)
- پۆڵــس کاتێــك پیرانــی کڵێســای ئەفەســۆس بەجێدەهێڵێــت لەگەڵیــان نوێــژ دەکات. (بڕوانــە کــردار ٢٠: ٣٦)
- پۆڵــس لەگــەڵ خێزانــی خــودا، پێــش ئــەوەی بەرنامــەی گەشــتەکەی بــۆ ئۆرشــەلیم ڕێــك بخــات، نوێــژ دەکات. ئەمــە لــە کۆتاییــدا گەشــتێکی دەریایــی بــوو کــە بڕیارەکــەی ســەبارەت بــە مردنــی لــە ڕێگای مەســیحدا، لێــرەدا ئازمــوون دەکــرا (بڕوانــە کــردار ٢٠: ٢٤؛ ٢١ : ١–١٤)
- لۆقــا و پۆڵــس و ســتافی کەشــتییەکە پێکــەوە نوێژیــان کــرد کاتێــك لــە مەترســی تێکشــکان و نوقمبــوون دەترســان. (بڕوانــە کــردار ٢٧: ٢٩)
- پۆڵــس بــۆ پیاوێــك نوێــژ دەکات کــە تــا و ســکچوونی هەبــوو، چــاك دەبێتــەوە و دواتــر نەخۆشــەکانی دیکــەی دوورگەکــە هاتنــە لای و چاکبوونــەوە. (بڕوانــە کــردار ٢٨: ٨–٩)

دەزانیــت مەبەســتم چییــە؟ نوێژکــردن لــە ســیپارەی کــرداری نێردراوانــدا نزیکــەی ٢١ جــار باســکراوە. ســەرەڕای ئەمــە، هەمــوو ئــەم نوێژانــە بــە سروشــتی بــە کۆمــەڵ دەکرێــن. هــەر کاتێــك باســی نوێــژ دەکرێــت بــە هێــزەوە کەســانی دیکــەش دەگرێتــەوە و لەخۆیــان دەگرێــت. تەنانــەت کاتێــك کەســێك بــە تەنهــا نوێــژ دەکات، پەیوەنــدی نێــوان خــۆی و کەســانی دیکــە دەگرێتــەوە، (بــۆ نموونــە، ســتیفانۆس نوێــژ دەکات کــە خــودا

لـە بکوژەکانـی خۆشـبێت و ببـن بـە خێزانـی خـودا، یـان پەتـرۆس و کۆرنلیـۆس لـە ڕێـگای نوێـژی تایبەتـەوە لـەلای یەکتـر کۆدەبنـەوە). لۆقـا جەختدەکاتـەوە کـە کاری کڵێسـا دەبێـت زیاتـر بێـت لـە فێـرکاری ڕاسـتییەکان سـەبارەت بـە خـودا. بۆچـی ئەمـڕۆ ئـەم جـۆرە نوێژکردنـە لـە زۆربـەی کڵێسـاکاندا چاوپۆشـی لـێ دەکرێـت و لەبیرکـراوە؟

## دووبارە پێداچوونەوەی کۆبوونەوەکانی نوێژکردن

هەروەهـا کـە لـە بەشـی پێشـووی ئـەم کتێبـەدا چۆنیەتـی نوێژکردنمـان لـە کاتـی پەرسـتنی کڵێسـادا تاوتـوێ کـرد، لێـرەدا دەمانەوێـت ڕووێکـی دیکـەی بابەتەکـە بخەینـەڕوو. تەرخانکردنـی کاتێکـی تایبـەت لـە کڵێسـادا بـە مەبەسـتی نوێژکردنـی بـە کۆمـەڵ، پێویسـت و گرنگـە. ئـەم کاتـە تایبەتـە جیـاوازە لـە کاتـی کۆبوونەوەی سـەرەکی کڵێسـا و هێنـدەی ئـەو پێویسـتە هەبێـت. نوێژکردنـی ئێمـە لـە کۆبوونەوەکانـی کڵێسـادا وەك تەماتـەی تەنیشـت کەبـاب وایـە، وتـاردان لەسـەر کتێبـی پیـرۆز، کەبابەکەیـە، بـەڵام لـە کۆبوونەوەکانـی تایبـەت بـە نوێـژ جێگاکـە دەگۆڕدرێـت و نوێژکـردن کەبابەکەیـە، واتـا لێـرەدا نوێژکـردن خواردنـی سـەرەکی و گرنگـە. کاتێـك پێکـەوە پشـت بـە خـودا دەبەسـتین باشـتر دەتوانیـن چاودێـری یەکتـری بکەیـن.

دەزانیـن کـە بیرۆکـەی کۆبوونـەوەی نوێـژ زۆر درەوشـاوە دەرناکەوێـت. کێشـەکە لەوێدایـە کـە کڵێسـاکان و شـوانەکانیان بـەردەوام هەسـت بـە پەسـتانی چەواشـەکاری و داهێنانـی نـوێ دەکـەن. کۆمەڵـگای ئێمـە تووشـی هەوەسـی نوێگـەری دەبێـت؛ کەواتـە بابەتـە ئاسـایی و لاوەکیـەکان بـەردەوام بـێ بەهاتـر دەبـن. خەڵکـی بـەدوای بابەتـی نـوێ و وروژێنـەردا دەگەڕێـن. شـوانانێکی وەك مـن تووشـی دوودڵـی دەبیـن کـە بیـری لـێ بکەینـەوە، ئێمـە پێویسـتمان بـە هەندێـك ڕووداوی وروژێنـەرە کـە سـەرنجی خەڵکـی ڕابکێشـین. بەهەرحـاڵ، کۆبوونەوەکانـی نوێژکردنمـان بـە کەمـی وروژێنـەر دەردەکـەون. خەڵکـی دەچنـە نـاو ژوورێکـەوە بارەکانیـان لەگـەڵ یەکتـری دابـەش دەکـەن، وە پێکـەوە بـە چـاوی داخـراو و سـەری کزەوە بـۆ لای خـودای دەهێنـن.

ڕاسـتییەکە ئەوەیـە کـە ئێمـە پێویسـتمان بـە داهێنانـی نـوێ نییـە. ئێمە پێویسـتمان بەوەیـە کـە چالاکیەکانـی کڵێسـاکەمان ئامانجـدار و پـلان بـۆ داڕێـژراو بـن. کۆبوونـەوەی نوێژکـردن بـە واتـای ئـەوە نییـە کـە بـە تەنهـا پێکـەوە کات بەسـەر ببەیـن بـۆ چـای و شـیرنەمەنی خـواردن، بەڵکـو دەبێـت هاوشـێوەی دامەزراوەکانـی پاشـکەوتکردن بێـت.

ئێمـە وەك ئۆتۆمبیلێكـی بـێ سـندوقین كـە بڕیـار نەبـووە نیگەرانـی و دڵەڕاوكـێ لـە دەروونمـان هەڵبگریـن. (بڕوانـە زەبـوورەكان ١٣: ٢)، بەڵكـو بڕیـار وا بـوو كـە تـەواوی بارەكانمـان لەبـەردەم خـودا دابنێیـن. كڵێسـا ئـەو شـوێنەیە كـە خەڵكـی بـە بارەكانیانەوە دێـن و بەبـێ بـار دەڕۆنـەوە، چونكـە هەمـوو بـارەكان و نیگەرانییەكانمـان لەنـاو دەسـتی خـودا جێگـای دەبێتـەوە. لێـرەدا، ئێمـە كۆدەبینـەوە تاكـو پێكـەوە، وە لەپێنـاو یەكتـری پشـت بـە خـودا ببەسـتین. كات و شـوێنێكی وەهـا بـۆ كڵێسـاكەتان كـەی و لـە كوێیـە؟

## بەرپرسیارێتی هەڵسەنگاندنێكی نوێ

دامەزرانـدن یـان دووبـارە پێداچوونـەوە بـە كۆبوونەوەیەكـی نوێـژی جێگیـر و بـەردەوام بـۆ هـەر كڵێسـایەك لانیكـەم دوو كار ئەنجـام دەدات:

(١) هۆكارێكـە بـۆ بەهێزكردنـی بەرپرسـیارێتیمان بەرامبـەر بـە یەكتـر. (٢) خشـتەیەكی هەڵسـەنگاندنی نوێمـان پـێ دەبەخشـێت كـە یارمەتیدەرمانـە بـۆ ئـەوەی باشـتر تێبگەیـن كـە چـۆن دەتوانیـن بـاری گونـاە و خـەم و پـەژارەی كەسـانی دیكـە هەڵبگریـن و هەڵسـوكەوتمان باشـتر پێوانـە بكەیـن.

كاتێـك لـە ماتەمـی كەسـانی دیكـە دەگریێیـن و لـە كاتـی شـادییەكانیان شـادی دەكەیـن (بڕوانـە ڕۆمـا ١٢: ١٥)، بەبیرهێنانەوەیەكـە كـە ئێمـە بەشـێكین لـە خێزانێـك. لـەم خێزانـەدا هـەر یـەك لـە ئێمـە ناسـنامەیەكی گەورەترمـان هەیـە. واتـا «مـن» دەبێـت بـە «ئێمـە». ئێمـە چیتـر وەك یـەك كـەس بـە دونیایەكـی تایبـەت بـە خۆیـەوە، هەژمـار ناكرێیـن. ئێمـە ئەندامێكـی پەیوەسـتین بـە یـەك لەشـەوە و بانگهێشـت كراویـن تاكـو لەگـەڵ یەكتـری بـە شـادییەوە سوپاسـی خـودا بكەیـن و پێكـەوە خەمباربیـن. چیـدی، خۆشـی و ناخۆشـییەكانمان تایبـەت و نهێنـی نیـن؛ بڕیـارە خێزانەكـە هەسـت بـە خۆشـی و ناخۆشـییەكانی یەكتـر بكـەن. تـەواوی كەسـانی نـاو كۆمەڵگاكـە بانگهێشـت كـراون كـە شـادی و چاكـەی خـودا لـە ژیانـی یەكتـردا ئازمـوون بكـەن و لـە هەمـان كاتـدا هاوبەشـی ئازموونـە ناخۆشـەكانی ژیانـی یەكتـر بـن، تەنانـەت ئەگـەر هۆكارێـك بێـت بـۆ تێكشـكانی خۆمـان. ئێمـە وەك خێزانێـك كۆدەبینـەوە كـە بابەتەكانـی ژیانمـان لەگـەڵ یەكتـر بـاس بكەیـن و بـۆ ستایشـكردن و داواكـردن لـە بـەردەم خـودا دایانبنێیـن.

پێكـەوە نوێژكـردن ناوەڕۆكێكـی نوێمـان بـۆ پێناسـەكردنی سـەركەوتن دەداتـێ. ئێمە خـودا نیـن، ئێمـە دەسـەڵاتی تەواومـان نییـە، ئێمـە ناتوانیـن شـتەكان بگۆڕیـن، ئێمـە

هەموو داناییەکمان نییە، کەواتە زانیارییەکانی ئێمە بۆ ڕاوێژدان بە کەسانی دیکە سنووردارە. وە ئێمە ناتوانین لە هەموو شوێنێك ئامادە ببین، کەواتە تواناییمان بۆ ئەوەی لە ڕۆژانی سەختەدا لەگەڵ یەکتر بین زۆر سنووردارە. ئێمە هەموو ئەمانە دەزانین، بەڵام کاتێك لە کێشە و ئازارە ڕوو لە زۆربوونەکانی خێزانی کڵێسامان ئاگادار دەبین، بە ئاسانی دەڕوخێین. کاتێك دەربارەی ناپاکییەکی چارەڕوان نەکراو، شێرپەنجەیەکی لەناکاو، مردنێکی بە خەیاڵدا نەهاتوو، یان ڕووداوێکی ئۆتۆمبیلی ڕێگری لێنەکراو، دەبیستین، بیرکردنەوە لەوەی کە «دەبێت ئەنجامی بدەین» یان «دەتوانین ئەنجامی بدەین» زۆر ئاسانە. ئێمە دەزانین کە خودا نین، بەڵام ئەمە لە هەست بە تاوانباربوون دوورمان ناکاتەوە.

لێرەدایە کە هەڵسەنگاندنی نوێ دێتە ئاراوە. سەرکەوتنمان پێناسە ناکرێت لە ڕێگای ئەوەی کە چەند بە شارەزایی دەتوانین پێش لە ڕوودانی کارەساتەکان بگریێین. ئێمە لە نوێژەکانماندا ستایشی کەسێك دەکەین کە تەواوی دەسەڵاتی هەیە، دانایی لەسەر هەموو شتێك هەیە و لە هەموو شوێنێك ئامادەیە. نوێژکردنمان بەبێری کەسانی خاوەن پێویستی دەهێنێتەوە کە خودای ئێمە ناوازەیە. کاتێك پاڕانەوە و داواکارییەکانمان دەبەینە بەردەم خودا، ئێمە لە بیرکردنەوەی هەڵەی «خودا بوون» ئازاد دەکات.

هەرچەند تەواوی ئەمانە دەکرێت وەك بیانوویێك دەربکەوێت بۆ ویژدانێکی خەوتوو، کە ژیان سەختە و ئێمە توانایی هەڵگرتنی باری کەسانی دیکەمان نییە، کەواتە بۆچی زەحمەتی نوێژکردن بدەینە بەر خۆم و گرنگی پێ بدەم؟

ئایا تاکو ئێستا لە سیپارەی ڕائووس سەرنجی ئەم خاڵەت داوە، کە هەر کەسێك داوای بەرەکەتێك لە خودا بکات بۆ کەسێکی دیکە، کارەکە بە هاتنی هەمان بەرەکەت لەلایەن خوداوە بۆ ناو ژیانی خۆی کۆتایی دێت (بڕوانە ڕائووس ١: ٩؛ ٣: ١–٤؛ ٢: ١٢؛ ٢٢: ١٥–١٨؛ ٤: ١٣). نوێژکردنمان پێکەوە بە واتای شکست و بێهیوایی لە کارەکانمان نییە، بەڵکو بە واتای هێز وەرگرتنە بۆ کارەکانمان کە لە ڕێگای گرنگیدان بە نیگەرانی ژیانی کەسانی دیکەوە دەستمان دەکەوێت. نوێژکردن لە کاتی پێوستدا دڵەکانمان لەگەڵ یەکتری گرێدەدات و سەرنج و تامەزرۆییمان بۆ خزمەتەکەمان زیاتر دەکات.

## بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نوێژ

وەرن بە هەندێك كات تەرخان بكەین بۆ باسكردن دەربارەی بنەما سەرەكیەكەنی بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەی نوێژ. ئەمانە هەندێك پێشنیار و وانەیە كە كاتێك كڵێسای ئێمە بەدواداچوونی دەكرد بۆ ڕێوڕەسم و كەلتووری نوێژی بە كۆمەڵ، فێری بوو. ئێمە دوو ساڵ پێش ئێستا كڵێساكەمان دامەزراندووە، بەڵام پێش ئامادەبوونی بینای كڵێساكە، بۆ ماوەی یەك ساڵ هەندێك كەسمان بۆ نوێژكردن كۆدەبووینەوە. كەواتە لە سێ ساڵ لەمەو پێشەوە لانیكەم مانگی یەك جار بۆ نوێژكردن كۆبووینەتەوە.

لێرەدا ئاماژە دەكەین بە هەندێك بابەت كە چۆن لە كۆبوونەوەكانی نوێژدا یارمەتیدەرمان بووە تاكو كڵێساكەمان بپارێزین. هیوادارم ئەم بابەتانە یارمەتیتان بدات كە چۆن كۆبوونەوەیەكی نوێژ لە كڵێساكەتان بەڕێوەببەن. ڕیزبەندی ناوەڕۆكی بابەتەكان بەپێی گرنگیەكەیان نییە؛ تەنها كۆمەڵە بابەتێكی باسكراوە.

**بەڕێوەبردنی كۆبوونەوەی نوێژ:** كاتێكی گونجاو بۆ كڵێساكەتان دیاری بكەن. ئێمە مانگانە یەك جار لە ڕۆژی یەكشەممەدا لە كاتژمێر ٥ تاكو ٧ كۆدەبووینەوە. دواتر سەرنجمان دا كەوا بۆ كڵێسایەكی پڕ لە هاوسەرە گەنجەكان و منداڵە بچوكەكان، ئەم كاتە خراپترین كات بوو، بۆیە لەدوای تێپەڕبوونی یەك ساڵ، هەندێك كاتی گونجاوترمان ئەزموون كرد.

**هەر بابەتێك كە لەگەڵ كاتەكەدا ناگونجێت، بیسڕنەوە:** نوێژ، بنەمایەكی قورسی فێربوونە و پێویستی بە سەرنجدانێكی ورد هەیە؛ كەواتە پێویستە هەر هۆكارێكی سەرقاڵكردن بسڕینەوە. ئێمە لە یەكەمین چوارشەممەی مانگدا بەرنامە بچووكەكانی دیكە ڕادەگرین، بۆ ئەوەی هیچ بەرنامەیەكی دیكە لەم كاتەدا پشێوی دروست نەكات. ئێمە شوێن و خواردن و هەروەها كەسانێك بۆ چاودێری لە منداڵانی ئەندامەكانمان دابین دەكەین تاكو بیری كەس بۆ چێشتلێنان و منداڵەكەی نەڕوات. لە ڕوانگەی ئابوورییەوە ئێمە بە ڕێژەیەكی زۆر بوجە تەرخان دەكەین بۆ كۆبوونەوەكەمان و دەمانەوێت لە كاردانەوەی گرنگی ئەو هەوڵانەی بۆ گەیشتن بەم مەبەستانە داومانە، دەرەنجامێكی باشمان هەبێت. لە ئێستادا ئێمە مانگانە جارێك كۆبوونەوەی نوێژمان هەیە، بەڵام ئامانجمان ئەوەیە كە زیاتری بكەین. ئێمە دەمانەوێت لەو گرنگییەی بەم كاتەی دەدەین، بەردەوام گەشە بكەین.

**بە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەستپێدکەن:** کاتێك ڕۆژانی یەکشەممە کۆدەبینەوە، وتاری وشەی خودا کەبابەکەیە، بەڵام لە پێگەی کاتیی جیاوازدا دەگۆڕدرێت. چونکە وشەی خودا بەشیکی گرنگی ئەو کارەیە کە ئەنجامی دەدەین، کەواتە بە هاندانیکی پێنج تاکو پازدە خولەکی لە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز دەستپێدەکەین و ئەمە وەك ستوونێکە بۆ نوێژەکەمان. لە کاتی نووسینی ئەم بەشەی ئەم کتیبە لەلایەن یەکێك لە ئەندامانی کڵێساکەمان، پەیامێکم بۆ هات کە نووسیبووی: «نوێژکردن بە ئایەتەکانی کتێبی پیرۆز بە ڕاستی سوودبەخشە. نەك نوێژەکانم قوڵتر دەبنەوە، بەڵکو زیاتر دڵنیام دەکات؛ کەسایەتی خودا، کرۆکیبوونی مەسیح و کاری ڕۆحی پیرۆز زیاتر و زیاتر ڕوون دەبێتەوە. لەجیاتی بەرەو ئاژاوە و یاخیبوونم ببات بەرەو تۆبەکردنم دەبات، وە لەجیاتی سەرزەنشت و تاوانباربوون بەرەو ئاراستەی باوەڕ و دڵنیایی ڕێنماییم دەکات. شوێنگۆڕینی دەنگی خودا بە دەنگی خۆم زۆر ئاسانە، بەڵام لە کاتی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و نوێژکردندا ئەو دەنگە دەگەڕێتەوە بۆ خودا؛ ئەم ڕووداوە لە کاتەکانی دیکەدا بە کەمی ڕوودەدات». ئەو فێربووە کە پشت بە وشەی خودا ببەستێت، نەك بە پێشنیار یان دەستەواژەکان، بەڵکو بە کرداری. ئەمە مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی وشەی خودایە لە دەستپێکدا!

**لستی داواکاری نوێژەکان سەرەتا پڕ بکەوە بە کاروبارەکانی پەیوەست بە شانشینی خودا و دواتر بە پێداویسییەکانی دنیایی و ژیانی سەر زەوی.** کۆبوونەوەی نوێژ کاتێك ماندوومان دەکات یان بێسوود دەبێت کە ببێت بە لستێکی درێژ لە نیگەرانیەکانی تەندروستی، بە تایبەت بۆ کەسانیك کە ئەندامی کڵێسا نەبن «ئایا دەتوانم بۆ نەشتەرگەری بەردی زراوی دراوسێکەمان لە لە داهاتوو دەیکات، نوێژبکەم؟». کەواتە بۆ ڕێگری کردن لەم ڕووداوە باشترە تەواوی داواکارییەکانی نوێژ لە لەیەن ئەو کەسەی کە کۆبوونەوەکە بەڕێوە دەبات، پێشتر سەیر بکرێت. هەرچەند هەندێ جار خەڵك خۆشحاڵ دەبن نوێژ بۆ ئەم بابەتانە بکرێت و لەوانەیە لە ناو گرووپە بچووکەنیاندا باسی بکەن بەڵام، دەبێت هەوڵ بدەین ئەم کاتە بۆ شتیکی جیاوازتر بەکاربهێنین، لە پلەی یەکەمدا بۆ نیگەرانیمان سەبارەت بە شانشینی خودا بێت و دواتر بۆ تەندروستی گشتی کڵێسا و کێشە بنەڕەتیەکانی ژیان بێت. کەواتە لە کۆبوونەوەکەماندا لە لستێك کە پێشوەختە

ئامادەکرواه وبەرنامـه بـۆ داڕێـژراوه بەکاربهێنیـن و بابەتـی نوێـژەکان لـەوێ دەربهێنیـن.

ئێمـه لسـتی نوێژەکانمـان بـه داواکارییـەکان پڕدەکەینـەوه. «لەگـەڵ دڵشـادان دڵشـاد بـن، بگرییـن لەگـەڵ ئەوانـەی دەگرییـن.» (ڕۆمـا ١٢: ١٥). ئـەم ئایەتـه پلانێکـی گشـتییه بـۆ کۆبوونەوەکانمـان. چیرۆکـی هانـدان بـاس بکـەن، دەربـارەی ئـەوەی دەتانەوێـت بینینـن، ستایشـی خـودا بکـەن، بـۆ سـەرکەوتن لـە ناردنـی خزمەتـکاران بـۆ دەرەوەی سـنوورەکان نوێـژ بکـەن، ئەمـە یارمەتیـدەرە کـە بزانیـن ئـەم دەرفەتانـە بەخششـی خوایـه نـەك ئێمـە، کـە لـە بەشـی داهاتـووی کتیبەکـەدا زیاتـر باسـی دەکەیـن.

ئێمـە هەروەهـا دواکاریمـان لـە خـودا هەیـە بـۆ شانشـینەکەی و نیگەرانییـە سـەرەکییەکانی ژیانمـان وەك تەندروسـتی، پیشـە، ئارەزووەکانمـان، سـەرکەوتن لـە لەخۆگرتنمـان وەك ڕۆڵـەی خـودا و دەرفەتـی مزگێنیـدان. ئێمـە کات تەرخـان دەکەیـن بـۆ نوێـژ دەربـارەی ئەندامانـی بنەماڵەکەمـان، چاکبوونـەوەی نەخۆشـانی شـێرپەنجە، باوەڕهێنانـی هاوکارەکەمـان، بەرەنگاربوونـەوەی نەزۆکـی. ئەمـە دەبێتـە هۆکارێـك بـۆ دروسـتبوونی شـەپۆلێکی هاودڵـی و چاودێـری لـە سـەرووی پەیوەنـدی نێـوان کەسـەکان و ئامرازێکیـان دەداتـێ بـۆ پابەندبـوون بـەو بەڵێنـەی کـە داومانـە بـۆ چاودێریکردنـی ڕۆحـی یەکتـر.

لسـتی نوێژکـردن –بێجگـە لـە بابەتەکانـی ڕێوڕەسـمی ڕۆژانـی یەکشـەممە، یـان شـێوازی وتـاردان، تەنانـەت بێجگـە لـە ڕێکخسـتنەکانی ڕەگەزیـی تایبـەت بـە ڕابەرایەتـی کڵێسـا[a]– ئـەو شـوێنه نییـە کـە تێیـدا جەنگـی چینایەتـی بکەیـن و تێیدا سـەربکەوین یان بدۆڕێنیـن. وا دەکات بـۆ ئـەو کەسـانەی نوێـژ دەکـەن ڕەنگدانـەوەی کێشـەی ئـەو کەسـانە بێـت کـە کێشـەکانیان ڕاسـتەقینە گرنگـن. یەکێـك لـە هاوڕێکانـم ئەندامـی کڵێسـایەك بوو کـە نوێژیـان نەدەکـرد بـۆ ئـەو هەواڵـە دڵتەزێنانـەی هەبـوون دەربـارەی کوشـتنی مایـك بـراون، تریـوون مارتینـم ئالتـون سـترلینگ، ئیریـك گاردنـر، لاکـواون مـەك دونالـد، یـان هـەر کەسـێکی بـە ڕەچەڵـەك ئەفریقایـی. ئـەو ئەمریکاییانـەی لەسەردەسـتی دەسـەڵاتی جێبەجێـکار کـوژراون. کڵێسـاکەیان بـاوەڕی وابـوو ئـەم بابەتە «زۆر سیاسـییە» و هۆکاری جیابوونـەوە و دووبەرەکـی دەبێـت لەنێـو ئەندامەکانـدا. هاوڕێکـەم لـەم بابەتـە بێهیـوا بـوو. ئـەو نەیدەویسـت کـە کڵێسـاکەیان بـەرەو واشـنتۆن ڕێپێـوان بـکات و لافیتـەی

[a] لێـرەدا نووسـەر ئامـاژە دەکات بـە بارودۆخـی کڵێسـاکەی خۆیـان کـە لـە سـپی پێسـت و ڕەش پێسـت پێکهاتـووە -وەرگێـڕ.

دروشمی «ژیانی ڕەش پێستەکانیش گرنگە» لەسەر دیواری کڵێساکە شووڕبکەنەوە. ئەو بە تەنها دەیویست پیکەوە نوێژ بۆ ئەم بابەتانە بکەن، چونکە دەیزانی بۆ کەمینەیەك لە ئەندامانی کڵێساکەیان گرنگی خۆیی هەیە.

ئەو کڵێسایە شکستی هێنا لە درککردن بە بابەتێك کە بۆ کڵێسای سەرەتایی لە سەردەمی نێردراوانی مەسیحدا ڕوون بوو: بەهێزکردنی یەکگرتوویی لە جیاوازیەکاندا، بابەتێکە کە زیاتر لە هۆکارە کەلتووریەکان لەخۆدەگرت؛ وە نیشانی دەدات کە یەکگرتن لەگەڵ کەمینەکانی کۆمەڵەکەدا لە بەرەنگاربوونەوەی ئەو بابەتانە دەردەکەوێت کە ئەوان ڕووبەڕووی دەبنەوە. لە بەشی شەشەمی سیپارەی کرداری نێردراوان، بێوەژنە یونانییەکان لە دابەشکردنی خوراکدا پشتگوێ خرابوون. دوازدە نێردراوەکە، واتا هەموویان کۆبوونەوە و گەڕان بە دوای دامەزراندنی خزمەتکارانی سەرەتایی لە کڵێسادا (بڕوانە کردار ٦: ٢). دواتر کڵێسا حەوت کەسی یۆنانی هەڵبژارد. لە بەشی چواردە دەبینرێت ڕێگە بە ناجولەکەکان دەدرێت بۆ هاتنە ناو خێزانی خوداوە بەبێ ناچارکردنیان بە پابەندبوونیان بە خەتەنەکردن. ئەم دوو ڕووداوە بە گفتوگۆ و نوێژکردن لەسەر نیگەرانی سەبارەت بە کەمینەکان دیاری کرا.

هێشتا خەباتکردن بۆ هەمەچەشنی لێرەدا سەردەکەوێت یان دەدۆڕێت. هەمەچەشنی زیاتر بە پێشینەیی پەیوەستە تاوەکو بە بەرنامەکان. وە کڵێسا بۆ ئەو بابەتە نوێژ دەکات کە لەپێشینەیە. لستی نوێژکانی ئێوە لە بنەڕەتدا وەك ستیکەری نرخی ڕووداوە هەنووکەییەکان و نیگەرانیەکانی کڵێسا کاردەکات –نرخاندنی وەك بێ بەهاکردنیانە، کەواتە لستی نوێژکردن بە تەنهایی مەنووسن، بەڵکو نیگەرانییەکانی هەمووان بە لستەکە بنووسن. هەنگاوی جوامێرانە ئەوەیە کاتێك بە ئاراستەی هەمەچەشنیدا نوێژ بکەین بۆ خودای باوکمان کە جیاوازی ناکات لە نێوان ڕۆڵەکانیدا (بڕوانە کردار ١٠: ٣٤).

لە کۆتاییدا، ئێمە هەندێك بابەت لە ناوەڕۆکی نوێژەکانمان دادەنێین کە هەرگیز نابێت کڵێسا چاوپۆشی لێ بکات. ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژ گۆچان بەکاربێنیت، هەندێك کات لەبیر دەکەیت کە شتێکت لە دەستە بۆ هەڵگرتنی کێشی خۆت. هەمان شت دەربارەی پشتبەستن بە خودا بۆ ڕزق و ڕۆزی و بەرەکەت ڕاستە. ئەو وەفادارە، ئەگەر ئەمە بەبیر خۆمان نەهێنینەوە زۆر بە ئاسانی دەتوانین وای دابنێین کە هێزی خۆمانە چاودێری و پارێزگاریمان لێ دەکات.

کەواتە ئێمە لە کۆبوونەوەی نوێژدا بۆ ئەم بابەتانە نوێژ دەکەین و بە بیری کڵێساکەمان دێنینەوە کە لە بابەتەکاندا پێشینەیمان لە یاد نەکەین و هەروەها پشت بە خودا ببەستین. ئێمە نوێژ دەکەین کە خودا هۆگرمان بکات بە وشەی خۆی. ئێمە نوێژ دەکەین کە گەشەی خۆمان بە دڵسۆزی و خۆشەویستی هەتاهەتایی خوداوە پەیوەست بکەین. ئێمە نوێژ دەکەین کە خودا پێداویستییەکانی ئێمە لە چوارچێوەی کڵێسادا دابین بکات. داوای لێ دەکەین کە کەشوهەوایەک بۆ پێشوازی لە سەردانیکەران بڕەخسێنێت کە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەبێ لایەنگری هەموو دراوسێکانمان خۆشبوێت. ئێمە لە مزگێنیداندا بوێری و بەروبوومی گۆڕانمان دەوێت. وردەکارییەکان مانگ بۆ مانگ جیاوازە، بەڵام ئەم داواکارییانە جێگیر دەبن.

**خەڵک بۆ نوێژکردن بانگهێشت بکە، بەڵام ڕێگربە لە درێژکردنەوەی نوێژ:** ئێمە دەمانەوێت هێندەی کە دەکرێت خەڵکی لە نوێژکردندا بەشداربن، بەڵام دەبێت نیشانیان بدەین کە نوێژکردن ئاسانە و کاتی زۆر نابات. لە ڕاستیدا زۆربەی کات نوێژی درێژ لە کۆبونەوەی نوێژدا تامەزرۆیی لەناودەبات. بیستنی دەنگی ئێمە پەیوەست نییە بە وشەی زۆرەوە، ئەمە شتێکی باشە. بە بڕوای من عیسای مەسیح لە بەشی شەشەمی مەتا فێرمان دەکات کە نوێژەکانمان بە هێزەکەی دەپێورێت نەک بە درێژییەکەی. جگە لەوەش، کاتی زۆر دەبات، بۆ نموونە ئەگەر بیست کەس بین و بیست داواکاریمان هەبێت و بۆ هەر نوێژێك پێنج خولەك دابنێین دەکاتە نزیکەی یەك کاتژمێر و نیو. چارلز ئیسپرجن سەبارەت بە نوێژی درێژ وتەیەکی ئاقڵانەی هەیە:

> بە خێرایی بە بەرێز ئێسنوکس مەڵێن کە بە یارمەتی خودا بیست و پێینج خولەك نوێژ نەکات، بە ڕژدی پێی بڵێ کە نوێژەکەی کورت بکاتەوە. ئەگەر گوێی بۆ نەگرتیت یەکسەر ڕێگری لێ بکە. ئەگەر کەسێك بە مەبەستی سەربڕینی هاوسەرەکەم هاتە ناو ماڵەکەم، سەرەتا سەبارەت بە کارە هەڵەکەی بە شێوازێکی لۆژیکی قسە دەکەم، ئینجا بە شێوازی کرداری هاوسەرەکەم دەپارێزم. من کڵێسام هێندەی هاوسەرەکەم خۆشدەوێت، کەواتە ئەگەر کەسێك بیەوێت

> نوێژێکـی درێـژ بـکات، دەتوانیـت لـە شـوێنێکی دیکـەدا نوێـژی درێـژ بـکات، بـەڵام نـەك لـە کۆبوونەوەیەکدا کـە مـن ڕابەرایەتـی دەکـەم، ئەگـەر ناتوانێـت بـۆ کاتێکـی شـیاو بـە ئامادەبوونـی هەمـوو لایـەك نوێـژ بـکات، پێـی بڵێـن بـا لـە ماڵـی خویدا تـەواوی بـکات![a]

**توخمـە سـەرەکییەکان لەبیـر مەکـەن.** بـە ژمـارە سـەرکەوتن پێوانـە مەکـە؛ بـۆ دەسـتپێکی کۆبوونەوەیەکـی نوێـژی سـەرکەوتوو تەنهـا دوو توخمـان پێویسـتە: یەکـەم، کێشـە و بـارە قورسـەکانی خەڵکـی. دووەم، خوشـك و برایانێـك کـە ئامـادەن لەگەڵتـان نوێـژ بکـەن. ئێـوە پێویسـتتان بـە مۆڵەتـی کـەس نییـە، شـوانی کڵێسـابن یـان ئەندامێکـی سـادە، توانایـی نموونـە وەرگرتـن لـە پشتبەسـتن بـە خوداتـان هەیـە، بـە شـێوازێك کـە هیـچ کـەس لـە دژی نەوەسـتێتەوە. ئایا لەبـارەی کێشـەکە بیسـتووتە؟ یەکسـەر بابەتیکی داواکاری هەڵبژێرە و داوا لـە کەسـانی دیکـە بکـە کـە لەگەڵتـان نوێـژ بکـەن. کەواتـە ئـەوەی پێویسـتتانە بـۆ نوێژکـردن هەتانـە. خۆتـان ڕابهێنـن کـە هەمـوو گفتوگۆیـەك بـەم ڕسـتەیە تـەواو بکـەن: «چـۆن دەتوانـم نوێژتـان بـۆ بکـەم»، هـەر لـەو شـوێنەدا و لـەو کاتـەدا نوێـژی بـۆ بکـەن، یـان ئەگـەر لـە ئێسـتادا پێـی بـاش نەبـوو دواتـر نوێـژی بـۆ بکـەن. بـە ئەنجامدانـی ئـەم کارە دەبینـن کـە هەمـوو کۆبوونەوەیەکـی نوێـژ پێویسـتی بـە بەرنامەدانـان نییـە.

## ڕێپێدان بە بەجێهێشتنی هەندێك کاروبار لە نیوەی ڕێگادا

ئەنجامدانـی کۆبوونـەوەی نوێـژ یارمەتیمـان دەدات کـە بەرپرسـیارێتی خۆمـان لـە بەرامبـەر یەکتـردا قبـووڵ بکەیـن و لـە هەمـان کاتـدا ڕێـگا دەدات کـە لەگـەڵ سـنوورداربوونی تواناییەکانمـدا ڕابێیـن. ئێمـە ڕزگارکـەری کەسـێك نیـن. نوێژکردنمـان بـە واتـای بـە ئەنجـام گەیاندنـی تـەواوی کار و کێشـەکانی ژیانـی خەڵـك نییـە؛ چونکـە دەزانیـن کـە ئێمـە خـودا نیـن و چارەسـەری خێـرای کیشـەکانمان لـەلا نییـە. خـودا تەنها کەسـێکە کـە بـە وشـەیەك زریانـە بەهێـزەکان ئـارام دەکاتـەوە، بـەڵام ئێمـە ناتوانیـن. ئێمـە بـە تەنهـا دەتوانیـن وشـەی خـودا ڕابگەیەنیـن، وە دواتـر پشـت بـە ئـەو ببەسـتین

a Charles H. Spurgeon, The Soul Winner (Updated Edition): How to Lead Sinners to the Saviour (Abbotsford, WI: Aneko Press, 2016), 84.

و کارێک ئەنجام بدەین کە خواستی ئەوی لەسەرە، کاتێک نوێژ دەکەین ئەم بابەتە پشتڕاست بکەینەوە.

پۆڵسی نێردراو لە کاتی بەجێهێشتنی ئەو کڵێسای کە تێدا ڕۆڵێکی بەرجەستەی هەبوو لە دامەزراندن و بنیادنانی ئەندامەکانی لە ماوەی سێ ساڵدا، شوانەکان و خزمەتکارەکانی بردە سووچێکەوە و بە کورتی پێی گوتن: «...دوای ڕویشتنم گورگی ڕفێنەر دیتە ناوتان، بەزەییان بە مێگەلەکە نایەتەوە. بەڵام من وەڵامێکم بۆ کێشە وە نەهامەتیەکانی داهاتووی ئێوە نییە. ئێوە دەبێت پشت بە خودا و وشەی پیرۆزی خودا ببەستن. وەرن با نوێژ بکەین. دواتر دەتانبینم!» (بڕوانە کردار ٢٠: ٢٥–٣٨). نوێژکردن مۆڵەتی ئەوەمان دەداتی کە کاتێک کێشەکان چارەسەر نەکراون یان پێداویستییەکانی خەڵکی لە نیوەی ڕێگادا ماوەتەوە و ئێمە هیچ دەسەڵاتێکمان نییە، هەستێکی خراپ و شکستمان نەبێت. نوێژکردن لە ڕاستیدا یارمەتیدانی کەسێك نییە؛ بەڵکو زۆربەی کات ئەمە باشترین کارە کە لەو کاتەدا دەتوانین ئەنجامی بدەین. لە ڕاستیدا نوێژکردن بۆ کەسێك بە واتای خۆشویستنیەتی، چونکە دەیسپێرینە دەست کەسێك کە دەسەڵاتی چارەسەری هەموو کێشەکانی هەیە. پەروەردگار بەڵێنی داوە کە کاری خۆی لە ژیانی ئێمەدا تەواو دەکات. وەك چۆن ئێمە بە تامەزرۆییەوە بەردەوامین لە کۆبوونەوە و نوێژکردن، دڵنیاین لەوەی خودا کاری خۆی بە تەواوی ئەنجام دەدات.

# بەشی هەشتەم

## ئەنجامی کاری دروست

## ڕۆڵی نویژ لە خزمەتی نێودەوڵەتیدا

### ناڕازیبوون دەبێتە هۆی ئەنجامدانی کارێك

لە ساڵی ١٩٩٧. چیرۆکە ئەفسووناویەکان باسی پیاوێك دەکەن بە ناوی (رید هستینگز). ئەو لە گەڕانەوە بوو لەلای قەرزدەرێکی بێ بەزەیی. لەو کاتەدا بیروکەی کاسبییەك هاتە ناو مێشکیەوە. قەرزدەرێکی بێ بەزەیی؟ کۆمپانیای (بلەك بوستێر ڤیدیۆ) کە یانەی بەکرێدانی کاسێتی ڤیدیۆیی بووە هۆکاری ونبوونی کاسێتی فیکمی ئاپۆلۆ ١٣ی ناچاری کرد بە پێدانی چل دولار وەك سزا (لە کاتێکدا نرخی کڕینی کاسێتی ڤیدیۆکە کەمتر بوو لە سزای ونکردنەکەی). ئەو لە سیستەمی ئیداری پیشەسازی گەندەڵ بۆ بەکرێ گرتنی ڤیدیۆکە، بێهیوا و دڵشکاو بوو، بەخۆهاتەوە و گوتی کە کاتی هاتووە کەسێك کارێك ئەنجام بدات. ناڕازیبوونی ئەو بووە هۆکارێك کە لە هەموو شوێنێك بۆ ئازادکردنی خەڵك لە بەکرێگرتنی کاسێتی فیلم بجەنگێت.

دواتر کۆمپانیای نێت فلیکسی دامەزراند، خزمەتگوزارییەك کە ڕێگەت پێدەدات، ڤیدیۆکان تاکو هەر کاتێك کە حەز دەکەی لەلای خۆت هەڵبگریت بەبێ پێدانی کرێی دواکەوتن.[a] ڕید هستینگز بارودۆخی بێهیوایی خۆی قەبووڵ کرد و لەناو جەرگەی کێشەکانیدا ڕێگای چارەسەرێکی ئاڵتوونی دۆزییەوە. گوتم ئەفسانەکان وادەڵێن، چونکە ڕاستودروستی ئەم چیروکە ناکۆکی لەسەرە.[b] ئەگەر ئەم بەسەرهاتە

---

a Blake Morgan, “Netflix and Late Fees: How Consumer- Centric Companies Are Changing the Tide,” Forbes. com, October 7, 2016, https://www. forbes. com/ sites/blakemorgan/2016/10/07 /netflix-late-fees-and-consumer-centric-ideas.

b Gina Keating, “Five Myths about Netflix,” The Washington Post online, February 21, 2014, https://www.washingtonpost.com/opinions/ five-myths-about-netflix /2014/02/21/787c7c8e-9a3f-11e3-b931- 0204122c514b_story.htm

ڕاست بێت یان نا، خاڵێکی گرنگ دەردەخات: زۆربەی کات ناڕازیبوون ڕێنماییمان دەکات بۆ ئەنجامی کردارێکی کاریگەر.

هەر کڵێسایەك بابەتیکی بۆ ناڕەزایەتی هەیە، باوترین ناڕەزایەتی ئەوەیە کە ئەندامەکان ناچار بکرێن ئەرکی مزگێنیدان لە ژیانیان هەڵبگرن. بە مەبەستی دانانی هێڵی بنەڕەتی دەرفەتم بدەن کە وشەی «مزگێنیدان» بەکاربهێنم، ئەو کاتەی سەبارەت بە ئەرکی بە کۆمەڵی خەڵك قسە دەکەم. مزگێنیدان بە واتای ناردنی کەسانێك بۆ دەرەوەی کڵێسا دێت، تاکو هەواڵی خۆشی ئینجیل بە کەسانی دیکە ڕابگەیەنن، بۆ ئەوەی ئەوانیش بە هاتنیان بۆ کڵێسا و باوەڕهینانیان ڕزگاریان بێت و ئازاد ببن. هەوڵدان بۆ هاندان و پاڵپشتیکردنی شوێنکەوتووانی مەسیح بۆ مزگێنیدان یەکێك بوو لە سەختترین هەوڵەکانی سەردەمی شوانایەتیم. شکستی من لە چارەسەری ئەم کێشەیەدا منی بۆ ئەزموونکردنی ڕێگاکانی دیکە ڕێنمانیی کردووە.

کاتێك دربارەی فێرکاری بە کۆمەڵی باوەڕداران بۆ بەشداربوونیان لە مزگێنیدان قسە دەکەین، زۆرجار ئەم گریمانەیە دەکەین کە خەڵکی پێویستیان بە فێرکاری زیاتر، زانیاری و تێگەیشتنی زیاتر، بەرگریکردنی زیاتر لە باوەڕدارانی مەسیح، هاندانی زیاتر و کەمتر هەست بە تاوانباربوونە. هیچ کەموکوڕییەك نییە لە بەرنامەکانی مزگێنیدان، کتێبەکانی دەربارەی شێوازی دروستی مزگێنیدان، یان ڕیکلامەکانی فەیسبووك کە گەشەی کڵێسا مسۆگەر دەکات. هەرچۆنێك بێت، من وا بیر ناکەمەوە کە سەرچاوەی سەرەکی بۆ مزگینیدان، شایەستەیی بێت، بە واتای ئەوەی کە باشترین ڕێگا بە تەنها فێرکاری و مەشقکردنی زیاتر نییە. بە دڵنیاییەوە فێرکاری و مەشقکردن بەشێکە لە چارەسەرەکە، بەڵام ئەگەر ئازموونێکی وەك ڕابردووی منتان هەبێت، کەواتە کەسانی زۆر شایەستەتان ناسیووە کە بە داخەوە چالاکی مزگێنیدانی کەمیان هەبووە.

ئەگەر کێشەی سەرەکی ئێمە شایەستەیی بێت، بەرنامەی فێرکاری مزگێنیدان بە بەردەوامی پێویستی بە نوێکردنەوە و داهێنان نەدەبوو. تەنانەت لەدوای فێرکاری و شارەزایی، نائارامی هەمیشە دەچێتە ناو دەروونمانەوە، وانییە؟ موسا لە دەوەنێکی گڕگرتوودا چاوی بە خودا کەوت، ئەو بە پەرجووی زۆری پڕچەککرابوو، کەچی هێشتا هەستی دەکرد ئامادە نییە. بە پێچەوانەی موسا، ژنە سامیرەییەکەی لای بیرکە، مزگێنیدەرێکی گەورە و ئەزموونێکی زۆر کەمی هەبوو (بڕوانە یۆحەنا بەشی ٤).

زۆرجار پێویستی فێرکاری زیاتر بیانووێکی باشە بۆ کەسانی ترسنوکی وەك من، بۆ ئەوەی خۆیان لە ئەرکی مزگێنیدان دووربخەنەوە. ناسینەوەی هەڵەی کێشەیەك بەرەو ئەنجامی کارێك دەمانبات، بەڵام بەرەو ئەنجامی کاری دروست نامانبات.

## کێشە: دڵەڕاوکێ و بێباکی

کاتێك کەسێك باوەڕ دەهێنێت، زۆری پێناچێت کە سەرنج دەدات ئەرکێکی بۆ ئەنجامدان هەیە. ئەرکی ئەوەیە کە باوەڕەکەی خۆی بۆ کەسانی دیکە باس بکات، تاکو ئەوانیش باوەڕ بهێنن. ئەو دەبینێت کە لە یارمەتیدانی ئەوان بۆ بوونیان بە شوێنکەوتووی مەسیح، ڕۆڵی هەیە. بەڵام گرژییەك لەگەڵ بڵاوبوونەوەی پەیامی ئینجیلدا هەیە کە چارەسەری ئەستەمە. بۆیە بەم شێوەیە دەبێت کە: خودا فەرمانڕەوایە، بەڵام منی بۆ مزگێنیدان بانگهێشت کردووە. تەنها خودا ڕزگار دەکات، بەڵام بڕیارە من مزگێنییەکە بڵاوبکەمەوە تاکو خەڵکی ڕزگاریان بێت.

کەواتە، ئایا ئەمە کاری خودایە یان کاری منە؟ خەڵکی بە هۆکاری ئەم گرژییە حەز دەکەن پشت بە یەکێك لەم دوو لایەنە ببەستن. ئەوان بۆ لای دڵەڕاوکێ ڕادەکێشرێن، چونکە تێکدەشکێن و دەترسێن، یان بۆ لای بێباکی ڕادەکێشرێن، چونکە خودا بە خواستی خۆی هەرکەسێك ڕزگاری دەکات.

## نیگەرانی: تێکشکێنەرە

زۆربەی شوێنکەوتووانی مەسیح بیر لەوە دەکەنەوە کە دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لە «باوەڕهێنانی» کەسانی دیکەدا، وە بەم هۆکارە پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەران دەبن. ئەوان وا تێدەگەن کە لە بەرامبەر ئەم ئەرکە بەرپرسیارێتییان هەیە و تەواوی سەرنجیانی لەسەری دادەنێن. بەڵام، بە هەڵە بیر دەکەنەوە کە ئەوان بەرپرسن لە ڕزگاری و ئازادی کەسانی دیکە و لە ئەگەری شکستهێنانیان لە ڕزگاری خەڵکدا، واز لە مزگێنیدان دەهێنن و پەیامەکە بڵاو ناکەنەوە. ترس لە شکستهێنان هۆکارە بۆ شکستهێنان. هەروەها جارێك لە وتاربێژێك گوێم لێبوو کە گوتی: «دەمە داخراوەکان لە کۆتاییدا دەگەن بە دۆزەخ.»[a]

---

a Mark Dever, “Closed Mouths Lead to an Open Hell” (sermon, Capitol Hill Baptist Church, Washington, D. C. , November 24, 2013).

ئـەم دڵەڕاوكێیـە بـۆ بەرپرسـیارییێتی هۆكارێكـە بۆ ئـەوەی هەندێك لە شـوێنكەوتووانی مەسـیح بـە شـێوازی خۆیـان كارێـك بكـەن بـۆ ئـەوەی خەڵكـی ڕزگار بكـەن، ئـەوان بـە شـێوازێك كـە خەڵـك پەسـەندی بكـەن پەیامەكـە ڕادەگەیەنـن، نـەك بـە شـێوازێك كـە لـە ئینجیـل تێبگـەن، یـان هەمـوو بەشـەكانی ئینجیـل بـاس ناكـەن. ئـەم كارە ڕەنگـە هاوشـێوەی بەرنامەدانـان بێـت بـۆ ڕێوڕەسـمی «نوێكردنـەوەی پەیمـان و مزگێنـی»، كـە هەسـتەكان بوروژێنێـت یـان هەسـت بـە تاوانباربـوون لـە خەڵكـدا دروسـت بـكات، وەك لەئاوهەڵكێشـانی بـە كۆمەڵـی منـداڵان، یـان تەنانـەت سـڕینەوەی هەندێـك لـە بەشـەكانی ئینجیـل كـە ڕەنگـە هەسـتی خەڵكـی بریـنـدار بـكات. باوەڕدارانـی نیگـەران بـە هیـچ شـێوەیەك لەگـەڵ كەسـانی دیكـە باسـی «مزگینیـی ناكـەن» یـان هەمـوو بابەتەكانـی مزگێنییەكـە بـاس ناكـەن.

بـە دڵنیاییـەوە نیگەرانـی تێكشـكێنەرە. ئێمـە خەریكـی هەڵگرتنـی قورسـایی بارێكیـن كـە لەسـەرمان نییـە هەڵیبگریـن. ئـەم نیگەرانییـە دەبێتـە بەربەسـت لـەوەی بـە نـاوی خـوداوە قسـە بكەیـن و لـە پێداگـری و مانەوەمـان لـە مزگێنیـدان دەمانوەسـتێنێت. كاتێـك ئێمـە بـە دەرەنجامێكـی چاوەڕوان نەكـراو دەگەیـن، هانـدان بەهێزمـان دەكات. لـە (دەرچـوون ٥: ٢٢–٢٣) موسـا لـە هەوڵـدان بـۆ هێنانـە دەرەوەی گەلەكەی بێهیـوا دەبێت؛ «موسـا گەڕایـەوە لای یـەزدان و گوتـی: پـەروەردگار بـۆ خراپـەت لەگـەڵ ئـەم گەلـە كـرد؟ بۆچـی منـت نـارد؟ لـەو كاتـەوەی چوومـە لای فیرعـەون بـە نـاوی تـۆوە بدوێـم، ئـەو خراپـەی لەگـەڵ ئـەم گەلـە كـرد، تـۆش فریـای گەلەكـەت نەكەوتیـت.». نیگەرانـی و شـێواوی ئێمـە هـەروەك موسـا هـۆكارە كـە لـە خـودا بپرسـین: بۆچـی دەبێـت زۆرتـر ئـاگاداری خەڵـك بـم؟ بۆچـی ئـەم بـارە قورسـەت لەسـەر شـانی مـن دانـاوە؟

## پشتگوێخستن تێكشكێنەرە

یەكێكـی دیكـە لـە وەڵامـە هەڵـەكان بێباكییـە، كاتێـك بانگهێشـت دەكرێیـن بـۆ بەشـداریكردن لـە ئـەرك و خزمەتـی خـودا. كاتێـك خەڵكـی بێبـاك بـن لـە بەرپرسـارییێتی خۆیـان لـە قبووڵكردنـی ئـەم ڕاسـتییەی كـە خـودا فرمانڕەوایەتـی دەكات، بـە لاوازی و تەمبەڵـی لـە مزگێنیدانـدا بەشـدار دەبـن و بـە هەڵـە بیردەكەنـەوە كـە مزگینیـدان گرنـگ نییـە، چونكـە لـە ژێـر جڵەوگیـری خودادایـە.

بێباكـی لـە كاری مزگێنیدانـدا لـە ڕەتكردنـەوەی بەرپرسـیارییتییەوە سـەرچاوە

دەگرێت. وەسوەسـەیەکە بـۆ ژیانێکـی ئـازاد و ڕەهـا لـە هـەر جـۆرە بەرپرسـاریێتییەك. نیگەرانـی بـۆ گیانـی مرۆڤـەکان «ژیانـی ڕۆحـی» بارێکـە کـە هـۆکاری خـەم و گریانـی ئێمەیـە (بڕوانـە ڕۆمـا ١٠: ١–٤). یەکێـك لـە مامۆسـتا کۆنەکانـم خـووی گرتبـوو بـەوەی بڵێـت: «هیـچ پاکەتێـك لـە مرۆڤێـك بچکووکتـر نییـە کـە لـە نـاو خۆیـدا نوقـم بـووە و پێچراوەتـەوە». وە هیـچ پاکەتێـك لـەوە سـووکتر نییـە. کاتێـك توانایـی ئێمـە بـۆ خۆشویسـتن بـەس لـە خۆمانـدا کـورت و پوخـت بکرێتـەوە، ئێمـە ئامادەیـن کـە بـە تەنهـا بـاری خۆمـان هەڵبگریـن.

ئەگـەر موسـا چارەسـەرێکی بەپێـی کتێبـی پیـرۆزی بـۆ نیگەرانیەکـەی پێشـکەش کـرد. ئەگـەر یونـس چارەسـەرێکی بەپێـی کتێبـی پیـرۆزی بـۆ بێباکییەکـەی پێشـنیار کـرد. لـە کۆتاییـدا نیشـانیان دا کـە ئـەم نیگەرانـی و بێباکیـە بەربەسـتن بـۆ توانایـی لـە خۆشویسـتنی کەسـانی دیکـەدا. خـودا تەنهـا لـە ڕێـگای تێکدانـی ئارامـی و ئاسایشـی یونـس، کاردانەوەیەکـی گونجـاوی لـە ئـەودا ورووژانـد. یونـس نیگەرانـی دەرەنجامەکانـی ڕزگاری نەبـوو بـۆ کەسـانێکی بێجگـە لە خۆی، تەنانـەت بۆ گەلەکەی کە خۆشیدەویسـتن. ئـەو لـە کاتـی ڕووبەڕووبوونـەوەی لەگـەڵ دەرفەتێـك بـۆ بەشـداریکردن لـە ئـەرك یـان خواسـتی خـودا، پاشەکشـەی کـرد. ئـەو بـە تەنهـا دەیتوانـی دەرەنجامـی نەرێنـی بابەتەکـە ببینێـت و لـە دەسـتپێکدا ئەمـە کێشـەی ئـەو بـوو، کەواتـە بـەم شـێوەیە بیـری کـردەوە کـە «ئەگـەر چـووم چ شـتێکم بەسـەر دێـت؟»

موسـا و یونـس نیشـانمان دەدەن کـە ئەگـەر زانیارییەکانـی کتێبـی پیـرۆز بـە کـردار جێبەجـێ نەبـن، سـوودیان نییـە. نیگەرانـی وەك کەپـس بوونـی ئۆتۆمبیلێـك لەژێـر بـاری قورسـایی بەردێکـی گەورەدایـە، وە بێباکـی وەك ئەوەیـە کـە ئۆتۆمبیلەکـەت بخەیتـە سـەر کەشـتییەکی دەریایـی و لـە پشـت سـوکانەکەوە دابنیشـیت و بخەویت. نیگەرانـی و بێباکـی لـە کۆتاییـدا، کاری شـەیتان و کاردانەوەکـەی ئـەو بـە ئەنجـام دەگەیەنێـت و لـە ڕێـگای مزگێنییەکـی ناتـەواوەوە هەسـتێکی درۆییـن لـە خەڵکـدا دروسـت دەکـەن (بڕوانـە مەتـا ٧: ٢١–٢٤). هەروەهـا لـە پێشکەشـکردنی پەیامێـك کـە دەبێـت خەڵکـی ڕزگار بـکات، سـەرکەوتوو نابێـت (بڕوانـە حزقییێـل ٣: ١٨)، هەرچۆنێـك بێـت، ئەمـە شـەیتانە کـە خۆشـحاڵ دەبێت. چـی بکەیـن لـەم دوو دوژمنـە گەورەیـەی کۆمەڵەکەمـان کـە بەربەسـتن لـە ئەرکەکانیـان؟ هەنـگاوی دواتـر چییـە؟

## دەرمان: نوێژکردن بۆ خودایەکی دەسەڵاتدار و هەرە بەتوانا

نوێژکـردن هەمـان پەیوەندییـە کـە زنجیرەی مافی سـەروەریی خودا و بەرپرسـیارێتی ئێمـە پێکـەوە دەبەسـتێتەوە. ئێمـە ناتوانیـن ناڕازیبوونمـان بـە ئەنجامـی کارێـك سـاڕێژ بکەیـن، یـان کارێکـی دروسـت ئەنجام بدەیـن، بەڵام نوێژکـردن هەمان کارە دروسـتەکەیە. نوێژکـردن بـۆ ستایشـکردنی خـودا لەبـەر تایبەتمەندییەکانـی و ڕاگەیاندنـی بەجێهێنانـی بەڵێنەکانـی، بـۆ دروسـتکردنی کەلتورێکـی مزگێنیـدان پێویسـتە. مافـی سـەروەری خـودا و بەرپرسـیارێتی ئێمـە حەزیـان لـە هاوکاریـە، تاکـو ئێمـە لـە خراپـەی ئـەم دوو دوژمنـە –نیگەرانـی و بێباکـی– ڕزگار بکـەن. ئـەم تێگەیشـتنە ڕێـك بـە مەشـقکردنی نوێـژ لـە چوارچێـوەی کۆمەڵـی کڵێسـادا بەدەسـت دێـت.

جـەی. ئـای. پیکـەر بـەم شـێوە دوو بەربەسـتی گرنگـی ڕزگاری ڕوون دەکاتـەوە: «حـەزی سروشـتی و فریـودەری مرۆڤـە بـۆ دژایەتـی خـودا،... وە بەردەوامـی کاری شـەیتانە لـە پاڵنانـی مـرۆڤ بـۆ ڕێـگای بێبـاوەڕی و نافەرمانـی»[a]. ئێمـە کاتێـك لـە بێ دەسـەڵاتی خۆمـان ئـاگادار دەبیـن کـە دەستنیشـانی بکەیـن خەڵکـی لـە گەڕانـەوە بـۆ لای خـودا بـە شـێوەیەکی سروشـتی بێ دەسـەڵاتن، ئەمـە هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی بـە ئەنجامێـك بگەیـن کـە «مافـی سـەروەری خـودا لـە نیعمەتێـك کـە پێمانـی بەخشـیوە تاکـە هیـوای سـەرکەوتنمانە لـە مزگێنیدانـدا»[b]. کەواتـە تاکـە هیوامـان لەژێـر جڵەیـری خودایە. بیرکردنـەوەی قـووڵ بـە دەسـەڵاتی تـەواوی خـودا دەکرێـت دڵـە نیگەرانەکانـی ئێمـە سـاڕێژ بـکات و کاتێـك بـە دروسـتی ئـەم هیوایەمـان بـۆ سـەرکەوتنەکانمان بەکارهێنـا، هێـز وەردەگریـن، چونکـە سـەروەری خـودا وەك بزوێنەرێـك کار دەکات بـۆ هەوڵەکانمـان.

ڕێـگای چـارە بـۆ هەڵگرتنـی بارێـك کـە هەرگیـز مەبەسـت نەبـووە لەسـەر شـانی ئێمـە بێـت ئەوەیـە کـە بهێڵیـن کەسـێکی دیکـە بۆمـان هەڵبگرێت. کاتێـك کە بەروبوومـی جێگیر و بـەردەوام لـە نوێژکـردن بەدەسـت هاتـووە، زۆربـەی هەوڵدانەکانمـان بـۆ مزگێنیـدان بـە تەنهـا بـۆ ڕێبـازی تیـۆری و پراکتیکـی خـودا ئاراسـتە دەکرێـت (بڕوانـە یۆحەنـا ١٥: ٨؛ ١٦). نوێژکـردن لەگـەڵ یەکتـر پەسـتان و ئـازاری «سـەرکەوتن» دەسـڕێتەوە و بـۆ سـەر شـانی خـودای دەگوازێتـەوە. کاتێـك لـە نوێـژدا دەڵێیـن «ئـەی باوکمـان

a J. I. Packer, Evangelism and the Sovereignty of God (1961; repr., Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2008), 106

b . Packer, Evangelism, 105

لـە ئاسـمان»، ئێمـە دان دەنێیـن بـەوەی کـە خـودا هەمـوو دەسـەڵاتێکی لەدەسـتە و دەتوانێـت هـەر کارێـك ئەنجـام بـدات. کاتێـك بـۆ ڕزگاربوونـی کەسـێك نوێـژ دەکەیـن، پشـتڕاسـتی دەکەینـەوە کـە تەنهـا خـودا هێـزی ئەنجامدانـی ئـەم کارەی هەیـە. کاتێـك بـۆ ڕزگاری خۆمـان نوێـژ دەکەیـن هۆکارەکـەی ئەوەیـە کـە دەزانیـن خـودا ئێمـەی ئـازاد کـردووە –ئێمـە خۆمـان ڕزگار نەکـردووە. کەواتـە کاتێـك بـۆ بابەتـی ڕزگاری سوپاسـی خـودا دەکەیـن، تێدەگەیـن کـە سـەروەری ئـەو نیگەرانـی و بێباکیمـان کـەم دەکاتـەوە و چالاکمـان دەکات. نوێژکـردن وەك وێسـتگەی سـووتەمەنییە کـە بـۆ مزگێنیدانـی دڵسـوزانە ئامادەمـان دەکات.

بـەڵام پێش ئـەوەی بـۆ ئەرکەکەمـان ئامـادە بیـن، دەبێت بزانیـن کە مزگێنیـدان چییە. مزگێنیـدان ڕاگەیاندنـی پەیامـی ئینجیـل و بانگهێشـتکردنی گوناهبارانـە بـۆ وەڵامدانـەوە. نـەك تەنیـا دەبێـت بـۆ ڕوونکردنـەوەی کاری خـودا لـە مزگێنیـدان هۆشـیاربین، بەڵکـو دەبێـت بـە دروسـتی و شایسـتەیی لـە کاری خۆمـان تێبگەیـن بـۆ ئەنجامدانـی مزگێنیەکە. کاتێـك کـە مزگێنـی دەدەیـن، گونـاه لەنـاو چوارچێـوەی پەیوەندییەکـی هەڵـە لەگـەڵ خـودا دادەنێیـن، نـەوەك بێبـاوەڕان گونـاه بـە شـتێکی جگـە لـە سـەرپێچی لـە یاسـای خـودا ببینـن. ئێمـە دەبێـت دڵنیابیـن لـەوەی گونـاه وەك ڕوانگەیەکـی گشـتی لەبەرچـاو ناگیرێـت، هەروەهـا گونـاه یەکسـانە بـە کرداریکـی تایبـەت کـە دەبێـت تۆبـەی لـێ بکەیـن و وازی لـێ بهێنیـن. لـە کۆتاییـدا گونـاه دەبێـت پێناسـە بکرێـت بـەوەی شـتێکە ئـەو سروشـتەمان گەنـدەڵ دەکات کـە هەڵگـری وێنـەی خودایـە. تێگەیشـتن لـە گونـاه بـەم شـێوەیە، یارمەتیدەرمانـە کـە ببینیـن ئێمـە توانایـی گۆڕینـی سـادەی کردارکانمـان نییـە و پێویسـتمان بـە ڕزگارکەرێکـە کـە دڵێکـی نـوێ لەسـەر باوەڕمـان بـۆ ئامـادە بـکات.

ئەگـەر خـودا ئەرکێکـی پـێ سـپاردووین کـە دەرەنجامەکـەی بـە ئێمـەوە پەیوەسـت نییـە، کەواتـە هەڵەیـە کـە مزگێنیـدان لەسـەر بنەمـای دەرەنجامەکانـی پێناسـە بکەیـن. مزگێنیدانێکـی سـەرکەوتوو بـە دەرەنجامەکـەی ناپێورێـت، بەڵکـو بـە دڵسـۆزی ئێمـە بـۆ ئەرکەکەمـان پێوانـە دەکرێـت. ئێمـە بـۆ کەسـانێك دەگەڕێیـن کـە بـە دڵسـوزی و وفـاداری بـۆ مزگێنیـدان فێربکرێـن و بـە ئـازادی بانگهێشـتیان دەکەیـن کـە وشـەی خـودا قەبـووڵ بکـەن –بەخشـینی بەڵێـن بـۆ تۆبـەی ڕاسـتەقینە. ئـەم ڕاگەیاندنـە دەبێـت بـە ڕاسـتی ئارامیمـان پـێ ببەخشـێت. دەتوانیـن لـە کاتێکدا نوێـژ دەکەیـن بـۆ ئـەوەی کارێـك بـکات کـە تەنهـا خـۆی دەتوانێـت ئەنجامـی بـدات، هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵبکێشـین. نوێـژی بـە

کۆمەڵ پڕمان دەکات لە نیگەرانی بۆ کەسانی ونبوو. مادام خودایە کە قورسایی باری ڕزگاری هەڵدەگرێت، ئێمە دەتوانین نیگەرانی کەسانی دیکە بین بەبێ ئەوەی نیگەرانی تێکشکانی خۆمان بین لە ژێر قورسایی بارەکەدا. بە کۆبوونەوەمان پێکەوە و نوێژکردنمان، بڵێسەی نیگەرانی بۆ کەسانی ونبوو لە دەروونماندا گەشاوە و زیندوو دەمێنێتەوە. ئیسپرجن لە کتێبەکەیدا بە ناوی براوەی ڕۆح بەم شێوەیە گرنگی ئەم بابەتە نیشان دەدات:

> لە کاتێکدا هەموو شتێك دەبێت وابێت، ئێمە لە زۆربەی شوێنەکاندا چی دەبینین؟ هیچ کەس سەبارەت بەمە زۆر نوێژ ناکات، هیچ کۆبوونەوەیەك بەڕێوەناچێت بۆ بانگکردنی ناوی خودا و نوێژکردن بۆ هاتنی بەرەکەتەکانی خودا و خزمەتەکان، هەرگیز خەڵکی هان نادەن کە بێن و سەبارەت بە کارێك کە نیعمەتی خودا لە ڕۆحیاندا و لە ژیانیاندا ئەنجامی داوە، باسی شتیك بکەن. ئەمەتان پێ دەڵێم، خودا پاداشی خۆی هەیە و هەرچی داوای بکات و چاوەڕێی بکات وەریدەگرێت. مامۆستایەکە کە شتی بەهاداری وەك دراو دەبەخشێت. فەرمانەکە ئەمەیە کە دەمت بە چاکە بکەوە و من پڕی دەکەم (بڕوانە زەبووری ٨١: ١٠)، بەڵام ئێمە بە دەمی داخراوەوە چاوەڕێی بەرەکەتی خوداین. دەمتان بە چاوەڕوانییەکی تەواو و باوەڕێکی پتەو بکەنەوە و بەپێی باوەڕتان وەریبگرن.[a]

## دەرمانی گۆڕان

نوێژی پێکەوییمان ڕۆڵێکی باشی هەیە لە مزگێنیدانمان، نەك تەنها بەربەستەکان لادەدات، بەڵکو هەروەها دەشیگۆڕێت. بوێری شوێنی نیگەرانی دەگرێتەوە، میهرەبانی و بەزەیی شوێنی پشتگوێخستن دەگرێتەوە. پەیوەستییەکانمان دەبێتە شێوازێك بەرەو پێشکەوتنی ئینجیل و بڵاوبوونەوەی بە جیهاندا.

---

a Charles H. Spurgeon, The Soul Winner (Updated Edition), How to Lead Sinners to the Saviour (Abbotsford, WI: Aneko Press, 2016), 38.

پێویستمان بە بوێرییە. لەبەر ئەوەی هەموومان هەندێک شتمان هەیە کە دەبێت لێیان بترسین. ئێمە ئەو هێز و شایستەیی و داناییەمان نییە کە ئاسایشمان دەستەبەر بکات. هەروەها دەترسین لەوەی زاڵبین و پێشوەختە کارێک بکەین. ئێمە لە شکستهێنان دەترسین. بەڵام بە خۆشحاڵییەوە، خودا ئەم ترسەی نییە و کەس ناتوانێت هەڕەشەی لێ بکات. ئەو ئازایەتی و بوێرییەکی هەیە کە ئێمە زۆر پێویستمانە. وە ئەمە هەمان هەواڵە خۆشەکەیە: ئەو لەگەڵمانە، وەک منداڵێکی لاواز و بێ هێز کە برا گەورەکەی ئامادەیە لەجیاتی ئەو بە هێزیکی زۆرەوە بجەنگێت، ئێمە لە ڕێگای نوێژکردن بوێری دەدۆزینەوە، چونکە نوێژ بە هێزی خودا پەیوەستمان دەکات. سەرنج دەدەن کە لە ئینجیلەکاندا، پەترۆس لە نوێژکردندا خێرا و لووتبەرز و ترسنۆکە، بەم شێوەیە دەناسرێت. بەڵام هەروەها کە لە بەشی کۆتایی سیپارەی کرداری نێردراواندا دەبینین، ئەو بەردەوام نوێژ دەکات و بەردەوام لە ڕاگەیاندنی مزگێنیدا بوێرە و لە باوەڕدا بەهێزە.

نوێژکردن جێگای بەزەیی دەگرێتەوە. کاتێک بۆ ڕزگاربوونمان سوپاسی خودا دەکەین، بەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئەمە دەستاوەردێك نییە کە خەڵکی لەبەر ئەوەی بەدەستیان نەهێناوە، سەرزەنشتیان بکەین؛ بەڵکو بەخششێکە کە بۆ وەرنەگرتنی خەمبار دەبین. لە ڕێگای نوێژکردنەوە، پرسیاری یونس لە «ئەگەر بڕۆم چی بەسەر مندا دێت؟» بە خێرایی دەگۆڕدرێت بۆ «ئەگەر نەچم چی بەسەرم دێت؟». لە ڕێگای نوێژکردنەوە، تێبینی دەکەین کە ناتوانین نوێژ بو خەڵکی بکەین و بەرامبەریشیان بێسۆز و بێباک بین. کاتێک نوێژ دەکەین بۆ ڕزگاری ڕۆحەکانیان پەیوەست دەبین بە دڵی خوداوە.

## هاندان بۆ مزگێنیدان لە کڵێسای خۆجێییدا

دەبێت بە بەردەوامی پەیوەندی نێوان سەروەری خودا و بەرپرسیارێتی خۆمان لە ڕێگای نوێژی بەردەوام بۆ ڕزگاری ڕۆحەکان و گۆڕینی دڵەکان –بە باوەڕهێنان بە مەسیح– وەک کڵێسا و بە سوپاسکردنی خودا، بەهێز بکەین. جەی ئار پەکیر نووسیویەتی: «لە ڕابردوودا لە هەر لایەکی گفتوگۆ و مشتومڕەکان بووبیت، ئەوا تۆ لە دڵی خۆتدا باوەڕێکی تەواوت بە سەروەری خودا هەیە. ڕەنگە کاتێک لەسەر پێ ڕادەوەستین مشتومڕ بکەین، بەڵام هەمووان هاوڕاین کاتێک کڕنۆش بۆ خودا

دەبەیـن.»[a]. پشتڕاسـتکردنەوەی بەردەوامـی دەسـەڵاتی تـەواوی خـودا لـە نوێـژدا و بەرپرسـیارییەتی ئێمـە لـە مزگێنیـدان، یارمەتـی کڵێسـا دەدات کـە متمانەمـان بـەم بابەتـە هەبێت و لەگەڵـی بژیـن، تەنانـەت ئەگـەر نەمانتوانـی بـە تـەواوی و بـە ڕوونـی پێناسـەی بکەیـن یـان دەریببڕیـن. نوێژکـردن بـۆ بوونمـان بـە یەکێـك لـە پێکهاتـە سـەرەکییەکانی پێکـەوە بـوون، لـە بنیادنانـی کەلتـوری مزگێنیدانـدا زۆر یارمەتیـدەر دەبێـت.

ئێمـە هەروەهـا دەبێـت ڕۆڵـی نوێژکـردن لـە وتارەکانـدا بەرجەسـتە بکەیـن. بەشـی نۆیەمـی سـیپارەی ڕۆمـا دەربـارەی سـەروەری تـەواو و دەسـەڵاتی بـە هێـزی خودایـە، وە دواتـر بەشـی دە دێـت کـە دەربـارەی بەرپرسـیارییەتی ئێمەیـە. دوابـەدوای ئـەم توێژینـەوە دەربـارەی سـەروەری خـودا و فێـرکاری بـۆ مزگێنیـدان، پۆڵـس نوێـژ بـۆ گۆڕانـی دەروونمـان دەکات (بڕوانـە ڕۆمـا ١٠:١–٤). وتـاری بـەردەوام، بـە وردی و ڕوونـی هەمـوو هەفتەیـەك گوێگرانـی بـە بیسـتن و تێگەیشـتن لـە مزگێنـی ئاشـنا دەکات. بـە شـێوەی یەکسـان، بەرجسـتەکردنی ڕۆڵـی نوێـژ یارمەتییـان دەدات کـە لـە ڕۆڵـی خۆیـان تێبگـەن لـە شانشـینی مەسـیحدا. ئێمـە شـایەتی زیادبوونـی متمانـەی ئـەوان بـە ئینجیـل و نوێـژ دەبیـن و لەگـەڵ ئەوەشـدا شایەسـتەیی ئـەوان بـۆ مزگێنیـدان لـەلای بێبـاوەڕان زیاتـر دەبێـت.

مزگێنیـدەرە نێودەوڵەتییـەکان لـە کوێـوە دێـن؟ وا دەردەکەوێـت کـە ئـەوان لـە وەڵامی نوێژەکانـی ئێمـەوە هاتبـن. بـەڵام عیسـای مەسـیح فەرمـووی «دروێنـە زۆرە، بـەڵام سـەپان کەمـە. لەبـەر ئـەوە داوا لـە خاوەنـی دروێنـە بکـەن تاکـو سـەپان بـۆ دروێنەکـەی بنێرێـت» (لۆقـا ١٠ : ٢). نوێژکـردن هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی خـودا کرێکارەکانـی ئینجیـل پـەروەردە بـکات و بـە بیـری ئـەو کەسـانەمان بهێنێتـەوە کـە ناچالاکیـن، بـۆ ئـەوەی دەسـتپێبکەین و بـۆ سـەرکەوتنی پەیامـی مزگێنـی و هاتنـی مزگێنیـدەرەکان نوێـژ بکەیـن. نوێژکـردن بـۆ سـەرکەوتن لـە مزگێنیـدان لـە ڕاسـتیدا نوێژکردنـە بـۆ کرێکارانـی ئینجیـل. گرێدانـی ئـەم دوو بابەتـە بـە هـزری ئەندامانـی کڵێسـاکەمانەوە زۆر گرنگـە.

ئێمـە دەبێـت بـە بـەردەوام پێداویسـتی کرێکارانێـك دابین بکەیـن و گرنگیـان پێبدەین کـە لەلایـن کڵێسـاکەمانەوە دەنێردرێـن، چونکـە دەمانەوێـت ئەندامانـی کڵێسـاکەمان بزانـن کـە بـە ڕێـگای نوێژکـردن بـاری بەشـداربوونمان هەڵدەگریـن لـە کاری ڕزگاری خـودا.

a . Packer, Evangelism, 21.

ڕەگ و بناغەی ڕەوتی مزگێنیدان لە جیهاندا لە کڵێسا خۆجێییەکاندایە. کڵێسای خۆجێیی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئێمە نیشان دەدات لەگەڵ خۆشەویستی، بەخشندەیی، بەزەیی و پیرۆزی خودا بە جیهانێك کە بینەرمانە. لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ئێمە لە کاتی کۆبوونەوەکانی خۆماندا نوێژ دەکەین بۆ کڵێساکانی دیکە و شوانان و ڕابەرانی دیکەی ناوچەکەمان. ئێمە نوێژ دەکەین کە ئەم کڵێسایانە بۆ شکۆی خودا گەشە بکەن و خەڵکی لە ڕێگای ئەوانەوە پەیامی مزگێنی ببیستن. ئێمە نوێژ دەکەین کە خودا شوانانی دیکە بۆ بەردەوامی ئەم خزمەتە دڵسۆزانەی مزگێنی تەرخان بکات، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی وڵاتمان.

ئێمە پێکەوە نوێژ دەکەین بۆ تۆبەکردن لە ژیانی خۆمان و ژیانی ئەو کەسانەی کە هێشتا مەسیحیان نەناسیوە، ئێمە بە ناچاری ئەو کارە ناکەین، بەڵکو کارێکی دروست ئەنجام دەدەین، نوێژ دەکەین.

# دەرەنجام

## بەرەنگاریی تاقیکردنەوە

ئایا قەناعەتت هات؟ نوێژ گەورەترین شتێکە کە ئێمە بیریمان لێ دەکردەوە و بۆ ژیانی کڵێسایی ئێمە بابەتێکی گرنگە. هیوادارم کە ئەم کتێبە وەک سەرچاوەیەك بێت کە بتوانێت جیاوازییەك لە شێوازی نوێژکردنی کڵێسای ئێوەدا دروست بکات و دڵسۆزی خودا لە ڕێگای نوێژکردنەوە ئەزموون بکەن.

من کە پێشتر هەندێك کتێبم دەربارەی نوێژکردن خوێندۆتەوە، دەزانم کە کێشەکە لە دەستپێکی کارەکەوە، زیاتر نوێژکردن نییە. کێشەکە مانەوەی ئەم ڕوانگەیە و بە کرداری کردنی باوەڕەکەیە. دەستپێکردنی نوێژ سەخت نییە؛ چەسپاندنی خووی نوێژکردن سەختە.

بە درێژایی ئەم ساڵانە فێربووم کە پێویستم بە ئەنجامدانی ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی نییە سەبارەت بە تاقیکردنەوە باوەکانی خەڵك. تەنها پێویستە ئەو کاتانەی لە نوێژکردندا کەمتەرخەم بووم بڕوانمە دڵ و دەروونی خۆم و ببینم.

کەواتە لێرەدا لستێکی گشتی لە تاقیکردنەوەکان بۆ هەموومان سەبارەت بە ئەنجامدانی نوێژ لە ژیانی کڵێساییدا بەردەستە. بە درێژایی ئەم کتێبە زۆربەی بابەتە ئاماژەپێکراوەکان باسکراون، کەواتە بیر لە لستیکی درێژە بکەوە لەو شتانەی کە لە لاپەرەکانی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان پێکراوە. دەمانەوێت ئەم ڕاستییە بەرجەستە بکەین تاکو ڕێڕەوی ڕێگاکەمان لەسەر باوەڕ بۆ ڕووناك بکاتەوە.

یەکەم هەنگاو لە بەرەنگاریکردن بەرامبەر بە تاقیکردنەوە، ئاشکراکردن و ژماردنییانە. کەواتە، هەوڵ دەدەم بەو ڕێژەیەی کە کورتی دەکەمەوە، ڕاشکاوانەش باسی بکەم. هەنگاوی دواتر گەڕانەوە بۆ ئاراستەکە لەخۆدەگرێت. کەواتە هەوڵ دەدەم بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێگا سەرەکییەکە. دوژمنی ئێمە نابینرێت، وەرن با کەمێك ڕەنگ بەسەر دوژمنە نەبینراوەکەی خۆماندا بڕژێنین. ئێمە لە پلانەکەنی ئەو بێئاگا نین، کەواتە وەرن با مەبەستەکانی ئاشکرا بکەین.

## تاقیکردنەوەی یەکەم:

**هەڵوەشاندنەوەی کۆبوونەوەی نوێژ**

کارێکم بۆ هاتۆتە پێش، ڕووداوێك ڕوویداوە. هەمیشە کارێك دێتە پێش، هەمیشە ڕووداوێك ڕوودەدات. پەروەردگار ئەم بەخششەی بە ئێمە بەخشیوە کە لە هەموو کاتێکدا و لە هەموو شوێنێکدا پەیوەندی پێوە بکەین. ڕەنگە بیربکەنەوە کە ئەم جۆرە دەستکەوتە تامەزرۆییمان بۆ نوێژکردن زیاتر بکات، بەڵام وانییە. ئەم ئازادییە بە شێوازێکی خراپ لەگەڵ ئەوە دەمانگونجێنێت کە دەتوانین بۆ کاتێکی دیکە نوێژکردنەکە دوابخەین. شتێك کە بە درێژایی بیست ساڵی خوێندنم لە قوتابخانە بە باشی فێریبووم و شارەزای بووم، بیانوو هێنانەوەیە. دواتر ئەنجامی دەدەم، وە هەرگیز ئەم دواترە نەهات!

## ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ڕاست:

پێشینەیی نوێژکردن داومەخە. هەتا دەتوانیت، کاتەکانی نوێژی بە کۆمەڵ بە جێگیری و چەسپاوی ڕابگرە. یەکەم جار کە کۆبوونەوەی نوێژ هەڵدەوەشێننەوە «یان بەشدار نابن» هێندە گرنگ نییە، بەڵام بۆ جارەکانی دووەم و سێیەم و چوارەم، هۆشدارییمان دەداتێ بۆ پێشینەیی نوێژکردن لە ژیانی کڵێساکەماندا و کەمتەرخەمیمان نیشان دەدات. لەبەر ئەوەی ئازادی لە پەیوەندیکردن بە خوداوە بە ئێمە نەدراوە کە بە شێوازێکی ڕێك لە بەرنامەکاندا نەیگونجێنین؛ بەڵکو ئەم بەردەستبوونە کە بە بەردەوامی و بەخۆڕایی بە ئێمە دراوە دەریدەخات کە هەمیشە پێوستمان بە ئازادی هەیە کرداری لە نوێژکردندا. کەواتە، ئێمە دەبێت بەردەوام نوێژ بکەین (بڕوانە یەکەم سالۆنیکی ٥: ١٧).

ئێوە بە خۆڕاگری لە نوێژکردنی بەردەوام و ئامادەبوونتان لە نوێژی بە کۆمەڵی کڵێسا، یارمەتی جێگیربوونی ئەم ڕاستییە دەدەن لە ژیانی کڵێساکەتاندا. بڕوام وانییە کە زۆربەی ئێمە لەگەڵ لەڕادەبەدەر نوێژکردنی کەسێك کێشەمان هەبێت، یان پێشینەیی کەسانی دیکە لە بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی نوێژدا پشتگوێ بخەین. کەواتە، من لێرەدا بەم شێوازە ئەم خاڵە تەواو دەکەم: ئەی برای شوانم، کۆبوونەوەی نوێژ هەڵمەوەشێنەوە و ئەی برای باوەڕدارم، کۆبوونەوەکان لە دەست خۆت مەدە!

## تاقیکردنەوەی دووەم:

داڕشتنی یەزدانناسیت لە نوێژکردنت لە دەوری چۆنیەتی وەڵامدانەوەی دوایین نوێژتان دەخولێتەوە و شێوە دەگرێت.

چەند بێهیوا دەبین کاتێك کە خودا وەڵامی نوێژەکەمان ناداتەوە، یان کاتێك وەڵامی نەرێنی وەردەگرین؟ بە گشتی کەلێنی نێوان ئێمە و کۆبوونەوەی نوێژ لێرەوە دەستپێدەکات. کاتێك نوێژکردن کاریگەری نییە، بۆچی خۆم ماندوو بکەم؟! «من بە دڵسۆزی، بەردەوام و بە ڕاستی بۆ چاکبوونەوەی یەکێك لە ئازیزەکانم نوێژم کرد، بەڵام کۆچی دوایی کرد. بۆیە وازم لە نوێژکردن هێنا!»

## ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ڕاست:

بەدواداچوون بکەن بۆ تەواوی ئەو بابەتانەی کە نوێژتان کردووە. شوانی کڵێساکان بە پێداگری و خۆڕاگرییان لە نوێژدا یارمەتی کڵێساکانیان دەدەن. باوەڕدارانی مەسیح بە بەشداریکردنیان لە کۆبوونەوەکانی نوێژدا دەتوانن بە پاراستنی دڵسۆزی و باوەڕیان یارمەتی کڵێساکانیان بدەن. پێداچوونەوە بە لستی ئەو بابەتانەدا بکە کە نوێژتان بۆ کردووە دەبێتە یارمەتیدەرتان کە بزانن خودا لە ڕاستیدا چەند دڵسۆز بووە بۆتان، تەنانەت لەو ڕێگایانەی کە لە بیرتان کردووە. بە ئەنجامدانی ئەم کارە ئێوە شوێنپێییەك بۆ کڵێساکەتان بەجێدەهێڵن تاوەکو دڵسۆزی خودا ڕابگەیەنین لە کاتێکدا کە هەستمان دەکرد لە بیاباندایین.

هەندێك جار لە ژیانی کڵێساییدا، نوێژی بەبێ وەڵام بە ڕادەی ئەو نوێژانەی وەڵام نەدراونەتەوە، بەسوودن و بە یادمان دەهێنێتەوە کە خواستی خۆمان بەسەر خواستی خودادا نەسەپێنین. خودا جڵەوگیری تەواوی کارەکان دەکات. ئێمە داواکارییمان هەیە، بەڵام ئەمانە بە تەنها داواکارین و پێداویستی نین. خودا لە بەراوەرد لەگەڵ ئێمە ڕوانگەیەکی باشتری بۆ بابەتەکان هەیە، کەواتە لەبەر هەر نوێژێك کە وەڵام دەدرێتەوە یان نا، لە داهاتوودا سوپاسی دەکەین. نوێژکردن ڕادەستکردنی ڕێڕەوی ژیانمانە بۆ دەستی خودا. من و هاوسەرەکەم بۆ ئەوەی ببین بە خاوەن منداڵێك بۆ ماوەی نۆ ساڵ نوێژمان دەکرد. نوێژکردنەکەمان ساتی وەرگرتنی کچەکەمانی لە شوێنی منداڵانی بێ سەرپەرەشت، خۆشتر و شیرینتر کرد، بە تایبەتی کاتێك ئەوەی خودا بۆمانی کرد لەگەڵ کەسانی دیکە باسمان کرد. لە ڕێگای ئەم

ئەزموونەوە، سەدان «ئەگەر هەزاران نەبێت» باوەڕدارمان بینی کە بە درێژایی ئەم ساڵانە لەگەڵمان گەشتیان کرد و بە دڵسۆزی خودا دڵخۆش بوون. لە ساڵی ٢٠١٥ لە ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممەدا لە ناوەندی تاریکترین وەرزی ژیانماندا، کڵێساکەمان دامەزراند. لە هەمان کاتدا کاری خۆمان لەسەر نوێژکردن بۆ لسێکی بیست و پێنج بابەتی دەستپێکرد کە لە هەشت مانگی کۆتایی سەرکەوتنی بەردەواممان لە مزگینیدان لە ئاتلانتا ئەنجاممان دابوو. دواتر بیست و پێنج ڕێگامان خوێندەوە کە نیشانی داین خودا لە سەرووی هەموو چاوەڕوانییەکانە. مەبەستمان لەم فێرکارییە ئەم خاڵە بوو کە ئەگەر بە ڕێژەی پێویست بمانەوێت، هەرشتێك داوا بکەین خودا دەماندات. ئەمە بۆ بەرجستەکردنی دڵسۆزی خودا لە سەردەمی ئازارکێشانمان بوو، چونکە لەبیرکردنی ئەمە بۆ ئێمە ئاسانە. ئەمە وەك تەماشاکردنی دراوێکی ئاسنینە کە هێندە لە چاومان نزیکە، پێش بینینی هەتاو دەگرێت. بەدوای دڵسۆزی پەروەردگار بکەون و یارمەتی کڵێساکەتان بدەن و جارجارە بە نوێژکردن دراوەکە لە پێش چاوتان لابدەن.

## تاقیکردنەوەی سێیەم

هەرشتێك کە خودا بۆ بەشداریکردنمان ڕەچاوی کردووە، بیکە تایبەت و تاکەکەسی. تەنها بە هۆکاری ئەوەی کە ناتوانین بە شێوازێکی تاکەکەسی نوێژ بکەین، بە واتای ئەوە نییە کە بە شێوازی تایبەت نوێژ بکەین. هەرچەندە نوێژکردن ئەرکێکی تاکەکەسییە، بەڵام ئێمە دەبێت بە شێوازێکی ڕێك و بەردەوام کەسانی دیکەش هانبدەین. ئەگەر لەگەڵ نوێژکردن کێشەمان هەیە و بۆمان قورسە، مەیلی شاردنەوە لەلامان دروست دەبێت.

## ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ڕاست:

لە نوێژەکانتاندا شەرم مەکە لە بەکارهێنانی جێناوی کۆ، بە تایبەتی لە کۆبوونەوەکاندا. بەکارهێنانی جێناوی کۆ لە کۆبوونەوکانی کڵێسادا بەبیرمان دەهێنێتەوە کە ئێمە بەشداربووانین نەك بە تەنها بینەرانێك کە پێکەوە کۆبووینەتەوە. بەکارهێنانی جێناوی کۆ لە نوێژی تایبەتدا، یارمەتیدەرمانە لە بەبیرهێنانەوەی ئەوەی کە بە تەنها یەك کەس نین، بەڵکو بەشێکین لە خێزانێك. کاتێك بیر

لـە وشـەی «ئێمـە» دەکەینـەوە، دەبێـت نـاوەکان، ڕوخسـار، زەردەخەنـە بێتـە نـاو مێشـکمان، نـەوەك شـتێکی نـاڕوون. ئەمـە جوانییەکانـی پەیوەسـتبوون بـە کڵێسـایەکی خۆجێییـە. لەجیاتـی ڕووخسـار و شـتی نادیـار، کەسـانێکی دیـار بـە پێداویسـتییەکی دیـارەوە دەردەکـەون.

بـە کۆمـەڵ نوێژکـردن تەنانـەت لـە کاتـی دانپێدانانـی گوناهـدا، ئێمـە بێفیـز دەکات و هەروەهـا فەرمانـی خـودا بـۆ ئەزموونکـردن و بەدەسـتهێنانی ئازادییـە. بـەم هۆکارەیـە کـە یاقـوب دەنووسـێت دەبێـت بـۆ یەکتـری دان بـە گوناهەکانمانـدا بنێیـن و نوێـژ بـۆ یەکتـری بکەیـن تاکـو چاکببینـەوە (بڕوانـە یاقـوب ٥: ١٦). جـۆن هیندێرسـون کـە یەکێکـە لـە هـاوڕێ نزیکەکانـم، دەڵێـت: هـۆکاری ئـەوەی خـودا دەڵێـت لـەلای یەکتـری نوێـژ بکـەن ئەوەیـە کـە ئـەو شـتەی بەربەسـتە لـە دانپێدانـان بـە گوناهـدا هەمـان ئـەو شـتەیە کـە ئێمـە لـە داوی گوناهـدا دەهێڵێتـەوە.

## تـاقیکردنەوەی چوارەم

گریمانـەی ئـەوەی کـە خەڵکـی دەزانـن نوێـژ چییـە و دەبێـت چـۆن ئەنجامـی بـدەن ئـەم دەقۆڵەیـە کـە لـە سـەد لاپـەڕەی ڕابـردوودا هەتـا ئێسـتا خەریکیـن پێیـدا دەکێشـین. تەنهـا بـە هـۆکاری ئـەوەی کـە نوێژکـردن پێویسـتە واتـای ئـەوە نییـە کـە خـۆی بـە سروشـتی بـەرەو ئاراسـتەی ئێمـە دێـت.

## ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ڕاست:

هیـچ دەرفەتێـك بـۆ فێـرکاری کەسـانی دیکـە سـەبارەت بـە نوێژکـردن لـە دەسـت مـەدەن. هەرچەنـدە لەوانەیـە تـۆ بـە باشـی نوێـژ بکەیـت و پێویسـتت بـە ئامـادەکاری پێـش کۆبوونـەوەکان نەبێـت، بـەڵام تکایـە ئاگاداربـە کـە نوێـژ بـۆ بابەتـی ناپێویسـت ناتوانێـت باشـترین چوارچێـوەی نوێژکـردن پێشـکەش کەسـانی دیکـە بـکات. جارێکـی دیکـە پێـت ناڵێـم کـە نوێـژەکان بنووسـە و لـە پێشـت بێـت و بیخوێنیتـەوە. پێـت دەڵێـم لـە پێشـترەوە خۆتـان ئامـادە بکـەن تاکـو کەسـانی دیکـە بیانبینـن و نوێژەکەتـان بـۆ ئـەوان وەك نموونەیـەك بێـت.

کاتـی گۆرانییـە ڕۆحییـەکان هەرکەسـێك گۆرانییەکـی هەڵبژێـردراوی هەیـە. بـەڵام کاتـی نوێژکـردن، زۆربـەی کەسـەکان حەزیـان لـە نوێژکردنـی بەبـێ ئامادەکارییـە.

پێشــتر ئامادەکردنــی نوێــژە واتــای ئــەوە نییــە کــەوا ڕاســتگۆ نییــە بەڵکــو ڕوونــە و دەربڕینــی خۆشەویســتییە، نــەك تەنهــا بــۆ خــودا بەڵکــو بــۆ کەســانی دیکــەش. نووســینی پێشــتری نوێــژ و پێشکەشــکردنی بــە خــودا بــە ئامادەبوونــی گەلەکــەی، کــەم بەهاتــر نییــە لــە نووســینی نامەیــەك بــۆ هاوســەرەکەت کــە مەبەســتتە ڕۆژی دواتــر پێشکەشــی بکەیــت. وشــەکانی نامەکــە لــە دڵــەوە هەڵدەقوڵێــن، ڕەنگــە هاوســەرەکەت زیاتــر پێزانینــی هەبێــت بــۆ ئــەو کاتــەی کــە بــۆ نووســینی نامەکــە تەرخانتــان کــردووە؛ بــۆ ئــەو کاتانــەی کــە تەرخانــت کــردووە بــۆ ڕوونکردنــەوەی بیرکردنەوەکانــت و نووســینی لەســەر کاغــەز. ئامــادەکاری، ڕێگایەکــی بەســوودە بــۆ پەیوەنــدی دڵــەکان بــە ڕوونــی.

ئێمــە نــەك بــە شــێوەیەکی تیــۆری خەڵکــی ئاراســتە دەکەیــن، بەڵکــو بــە شــێوەیەکی کرداریــش. فێرببــە هــەر کاتێــك گوێــت لــە کێشــەیەك یــان مەترســییەك بێــت، بپرســیت: «چــۆن دەتوانــم نوێــژت بــۆ بکــەم؟». کێشــە یــان ترســی یــان حاڵەتــی نیگەرانــی کەســی بەرانبەرتــان هاندەرتــان بێــت بــۆ پرســینی ئــەم پرســیارە. مــادام هەمــوو کاتێــك دەتوانیــن نوێــژ بکەیــن، ئەنجامــی ئــەم داوکارییــە داومەخــەن. هەمــان کات و چرکــە ئەنجامــی بــدە و یەکســەر داوا بکــە، پرســیارێکی وەهــای لەگــەڵ بکەنــەوە، بــە ئەنجامدانــی ئــەم کارە یارمەتیــدەر دەبیــن لــە فێرکردنــی ســوود و بەرووبوومەکانــی نوێــژ بــۆ خەڵکــی. منداڵــەکان بــە تەماشــاکردنی پشــیلەیەك کــە لــە شــوێنێك تێدەپەڕێــت و ئامــاژەکــردن بــە پشــیلەکە، فێردەبــن کــە پشــیلە چییــە، نــەك بــە گــەڕان بــەدوای وشــەی پشــیلە لــە فەرهەنگــی وشــەکاندا. خوێندنــەوەی کتێبێــك دەربــارەی نوێژکــردن باشــە، بــەڵام دانانــی بارەکانتــان لەســەر شــانی یەکتــری و بردنییــان پێکــەوە بــۆ بــەردەم خــودا باشــترە.

## تاقیکردنەوەی پێنجەم

پێــوەری کاریگــەری ســەرکەوتنی کۆبوونــەوەی نوێــژ بــە ژمــارەی ئامادەبــووان ئــەم تاقیکردنەوەیــە، بــە تایبەتــی لــەم کەلتوورەمــان کــە گرنگــی بــە دەرەنجامــەکان دەدات، یەکێکــە لــە ئاڵۆزتریــن تاقیکردنــەوەکان کــەوا پێویســتە تێپەڕێنرێــت. ئەگــەر بینیــت کــە بــۆ مــاوەی چەندیــن مانــگ یــان چەندیــن ســاڵ بــە تەنهــا ژمارەیەکــی ســنووردار لــە بــاوەڕداران لــە کۆبوونەوەکانتانــدا بەشــدار دەبــن، ئەمــە بێزارکــەرە، بــە ئاســانی دەتوانــن گریمانــەی ئــەوە بکــەن کــە هەڵەتــان کــردووە لــە ئانجامدانــی کارەکەتــان، ئەمــەش دەبێتــە هۆکاریــك بــۆ ئــەوەی بیــر لــە داهێنــان بکەنــەوە.

## ڕێگای گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی ڕاست:

بیرکردنەوەتـان ئامانجـدار بێـت، نـەك داهێنەرانـە. باشـترین ڕێـگا بـۆ ئـەوەی کـە بزانیـن چـۆن ئامانجـدار بیـن ئەوەیـە کـە بـۆ هەمـوو بابەتیـك نوێـژ بکەیـن. ڕێـگا بـدەن تاقیکردنـەوەی نیگەرانیتـان وەك زەنگـی ئاگادارکردنـەوەی کاتژمێرێکـی خودایـی بێـت کە بەبیرتـان دەهێنێتـەوە کاتـی نوێژکردنـە. بـە درێژایـی ڕۆژەکەتـان ڕێژەیەکـی زۆر لەم جۆرە تاقیکردنەوانـە بەرۆکتـان پێدەگرێـت. بـۆ نوێژکـردن لەگـەڵ کاسـانی دیکـە تاکـو کاتـی کۆبوونـەوەکان چـاوەڕێ مەبـن. هەندێـك جـار ئـەم نوێـژە بەردەوامـە، گەرموگوڕانـە لـە دەرەوەی کۆبوونەوەکانـی کڵێسـا دەتوانێـت وەك پێشـەکییەك بێـت بـۆ نوێـژی بـە کۆمـەڵ هەتـا دڵـە ساردەکانمان هێنـدە گـەرم بکاتـەوە کـە لەگـەڵ یەکتـری نوێـژ بکەیـن. دیسـان ئامـادە بـن بـۆ بێهیوایـی، ڕەنگـە لـە دەسـتپێکدا کۆبوونـەوەی نوێـژ بەشداربووی کـەم بێـت، بـەڵام ئێـوە لـە ململانـێ بـەردەوام بـن، تەنانـەت ئەگـەر یـەك بەشداربووتان هەبـوو، واتـای کۆبوونەوەیـە. بـە خێرایـی ڕادەسـت مەبـن یـان بڕیـار مـەدەن کـە دەبێـت شـتێك بگـۆڕن. ڕەنگـە شـتێك پێویسـتی بـە گـۆڕان بێـت، بـەڵام ئـەوەی پێویسـتە دڵسـۆزی ئێوەیـە. مـادام خـودا ئێمـەی وەك کڵێسـا بانگهێشـت کـردووە و فەرمانـی پێکردووین کـە بـڕۆن و تـۆوەکان بچێنـن، خـۆی کـە کاتـی هـات گەشـەیان پێـدەدات.

پەروەردەکردنـی نوێـژی کڵێسـا وەك پێشـبڕکێی ڕاکردنـی ماراسـۆنە، نـەك ڕاکردنێکـی خێـرا؛ وەك پرۆسـەی گۆڕانـکاری دەنکـە بەڕووێکـە بـۆ داربەڕووێکـی گـەورە، کاتـی زۆر و هەندێـك کاری ئاسـایی دەوێـت کـە بـە فەرمـی ناناسـرێن یـان پێناسـە ناکرێـن. زۆربـەی هـۆکارە دەرەکییـەکان کـە لـە دژی پـەروەردەی نوێـژی کڵێسـا کار دەکەن—هیـچ کامیـان بـە ڕادەی کاتـی وەڵامدانـەوە و سـەرکەوتن ڕوون و ئاشـکرا نییـە.

نوێژکـردن بـە زۆری لـەو شـوێنانەدا کڵپـە دەسـتێنێت کـە چەوسـاندنەوە و ئـازار بوونی هەیـە. نەبوونـی ڕۆژانـی سـەخت و ناخـۆش، هەسـتی سەربەسـتیمان پـەروەردە دەکات و ئـەو باوەڕەمـان بـۆ دروسـت دەکات کـە هەرچیمـان بوویـت هەمانـە و چیـدی پێویسـتمان بـە هیـچ نییـە. ملکەچـی ئـەم بـاوەڕە مەبـە. پێویسـتی سـەرەکی و گرنگـی کڵێسـا بـە خـودا بهێنـەوە یـادت، وە دواتـر تـەواوی ئـەو کارانـە ئەنجـام بـدە کـە دەتوانێـت لـە ڕێـگای نوێژکردنـەوە بیبەیتـە بـەردەم خـودا. لـە سـەرەتادا شـوێنکەوتوو و گوێڕایەڵـی کەمتـان دەبێـت، پشـوودرێژبە. هێـزی نوێـژ لـە ژمـارەی کەسـەکانێك کـە نوێـژ دەکـەن نییـە، بەڵکـو لـە هێـزی تامەزرۆیـی بـۆ خودایـە، ئـەوەی کـە بـە نـاوی ئـەو نوێژەکەمـان دەکەیـن.

## بەرواری بەسەرچوون

نوێژکردن، بە هەمان شێواز کە عیسا لە نوێژی پەروەردگاردا فێرمان دەکات، توخمێکە کە بە خێرایی تێدەپەڕێت. چوارچێوەکەی وەك خۆراکی لە قوتوکراو مەبینن کە بڕیارە هەتاهەتایە بمێنێتەوە. لەجیاتی ئێمە وەك نانێکی نوێ بە بەروارێکی درێژخایەن ببینە —نانێکی هەتاهەتایی و نوێ. من دەربارەی نانی ڕاستەقینە قسە دەکەم، نەك ئەو نانەی خواردنی خێرا کە نموونەییە؛ چونکە هەرگیز بەرواری بەسەر ناچێت! بەرووبوومی نوێژ بۆ ئەم جۆرە ژیانکردنە ڕەچاو کراوە.

لە زەوی نوێدا، ئێمە پێویستمان نابێت کە بەم شێوەی لێرەدا فەرمانمان پێکراوە نوێژ بکەین —لە خودا داوا بکەین بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. لە ژیانی هەتاهەتاییدا ئێمە چێژ لە دڵسۆزی خودا وەردەگرین و شادییەکی هەتاهەتاییمان دەبێت. ئێمە چیتر پێویستمان بەوە نییە کە داوا لە خودا بکەین بە خێرایی بێت و بەڵێنەکانی جێبەجێ بکات. کتێبی پیرۆز نەك بە نوێژکردنێك بەڵکو بە بەراکەتدارکردنێك تەواو دەبێت. لە (ئاشکراکردن ٢٠: ٢٠) نوێژ دەکات کە خودا بە خێرایی بێت، وە دواتر لە ئایەتی ٢١ ڕاگەیاندنی بەرەکەت و نیعەت بۆ ئەو کەسانەی کە چاوەڕوانی خودان، پەیڕەو دەکرێت.

«ئەی باوکمان لە ئاسمان با ناوت پیرۆز بێت» (مەتا ٦: ٩). ئێمە بۆ هەمیشە لەبەر ئەم ڕاستییە سوپاسی دەکەین، بەڵام هۆکارێکمان نییە بۆ ئەنجامدانی ئەم نوێژە وەك داواکارییەك، چونکە خودا لەناوماندا نیشتەجێ دەبێت! بەهەشت و زەوی یەکدەگرن و ناوی خودا بۆ هەتاهەتایە پیرۆز و شکۆدار دەکرێت.

«با پاشایەتیت بێ بە خواستت لەسەر زەوی پەیڕەو بکرێت وەك لە ئاسمان» (مەتا ٦: ١٠). ئەم کارە لە ڕابردوودا ئەنجام دراوە. نەك بە واتای ئەوەی کە پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوە، بەڵکو بە واتای ئەوەی کە بە پڕی و بە تەواوی ئەنجام دراوە. پێویستمان بە چاوەڕوانی بۆ بەدیهاتنی پێشبینییەکان نییە. هیچ دوژمنێك بۆ لەناوبردنی شانشینەکە بوونی نییە. ئێمە خۆشحاڵ دەبین کە ئەم ڕووداوە پێشتر ڕوویداوە و پێویست ناکات داوای بکەین.

«نانی ڕۆژانەمان ئەمڕۆش بدەرێ» (مەتا ٦: ١١) ئێمە بۆ هەمیشە «نانی ژیانمان» دەبێت.

«لـە گوناهەکانمـان خۆشـبە، وەك چـۆن ئێمـە لەوانـە خۆشـدەبین کـە خراپەمـان بەرامبـەر دەکـەن» (مەتـا ٦: ١٢). کاتێـك لـە ئاسـمان لەگـەڵ خـودا بیـن، ئەمـە لووتکـەی ئـەم ڕاستییەیە کـە ئەزموونـی دەکەین و پێویستمان بە لێخۆشـبوونی عیسـای مەسـیحە. ئێمـە لـەو لێخۆشـبوونەدا دەژیـن و پێویسـتمان بـە لێخۆشـبوونی کەسـانی دیکـە نییـە، چونکـە هەمـووان تـەواو و بێ کەموکـوڕی دەبیـن. توانـای ئێمـە بـۆ ئەنجامدانـی گونـاه لەناودەچێـت.

«مەمانخـەرە تاقیکردنـەوە، بەڵکـو لـە شـەیتان ڕزگارمـان بکـە» (مەتـا ٦: ١٣). ئێمـە لـە کاتێکدا لـە ماڵێکیـن کـە پێشـتر باوکمـان بۆمانـی ئامـادە کـردووە هەتاهەتایـە ئارامگریـن، شـەیتان هەتاهەتایـە لـە ئازارێکـدا دەبێـت کـە پێشـتر بـۆی ئامادەکـراوە. لـە نێـوان ئێمـە و دوژمنـی گیانمـان دابڕینێکـی بێکۆتایـی هەیـە و هەرگیـز دەسـتی بـە ئێمـە نـاگات.

تـەواوی داواکارییەکانـی نوێژمـان لـە ئاسـمان ناپێویسـت دەبێـت. خـودا پێشـتر هەمـوو پێویسـتییەکانمانی دابیـن کـردووە. ئێمـە بـە تەنها دەبێـت پێزانین و سوپاسـمان هەبێـت؛ وە ژیانـی هەتاهەتاییمـان بـە سوپاسـکردن بەسـەرببەین.

کاتێـك کـە مەسـیح شـێوازی نوێژکردنمـان فێـردەکات، ئـەم کارە بـە ڕەچاوکردنـی دونیایەکـی کەوتـوو ئەنجـام دەدات. نوێژکـردن «بـەم شـێوازەی کـە لێـرەدا تاوتوێمـان کـرد؛ گەلـی خـودا بانگهێشـت دەکات بـۆ ئەنجامـی بەڵێنەکانـی خـودا.» بـەرواری بەسـەرچوونی هەیـە، وەك خۆراکـی «مـەن»[a] کـە لـە هەمـان ڕۆژدا دەخـورا و بـۆ ڕۆژی دواتـر بەسـەردەچوو. بەرووبـووم و سـوودەکانی نوێـژ بـۆ داهاتـووی هەتاهەتاییمـان بەکەڵـك نایـەت، کەواتـە بـۆ بەکارهێنانـی لـە داهاتـوودا چاوەڕێـی نەکەیـن. تـۆ ئەمـڕۆ نوێـژ دەکەیـت کـەوا ئێسـتا لـە سـییەکانتاندا هەناسـەت هەیـە، کەواتـە هەناسـەیەکی قـووڵ هەڵمـژە، پێویسـتە هەناسـەی قـووڵ بدەیـت، وە زۆر، لەگـەڵ کەسـانی دیکـە.

---

a ئـەو خۆراکـەی کـەوا خـودا لـە ئاسمانەوە بـۆ گەلـی جـووی دابەزانـد کاتێـک لـە بیابـان بـوون. بڕوانـە سـیپارەی دەرچـوون ١٦ -وەرگێـڕ.

**IX ٩نیشانەکان**

بنیادنانی کڵێسای تەندروست

## ئایا کڵێساکەیەکی تەندروستت هەیە؟

ڕێکخراوی ٩نیشانەکان ئیشی ئەوەیە کە ڕابەرانی کڵێسا بە بینین و ئاشکراکردنی کتێبی پیرۆز و سەرچاوەی کردەیی تەیار و ئامادە بکات بۆ ئەوەی لە ڕێگەی کڵێسای تەندروستەوە شکۆی خودا نیشانی گەلان و نەتەوەکانی جیهان بدەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئامانجانە، دەمانەوێت یارمەتی کڵێساکان بدەین کە لە نۆ نیشانەی تەندروستدا گەشە بکەن کە زۆربەی کات پشتگوێ دەخرێن:

١. وتاردانی ڕوون و ئاشکرا
٢. یەزدانناسی بەپێی کتێبی پیرۆز
٣. تێگەیشتن لە ئینجیل بەپێی کتێبی پیرۆز
٤. تێگەیشتن لە گۆڕینی مرۆڤەکان بەپێی کتێبی پیرۆز
٥. تیگەیشتن لە مزگێنیدان بە پێی کتێبی پیرۆز
٦. ئەندامێتیی کڵێسا
٧. تەمبێکردنی کڵێسایی بەپێی کتێبی پیرۆز
٨. بەقوتابیکردن بەپێی کتێبی پیرۆز
٩. ڕابەرایەتیی کڵێسا بەپێی کتێبی پیرۆز

ئێمە وەکو ڕێکخراوی ٩نیشانەکان بابەت و پەڕتووک و هەڵسەنگاندنی پەڕتووک دەنووسین، هەروەها ڕۆژنامەیەکی ئینتەرنێتیش بەڕێوە دەبەین. کۆنفرانس ساز دەکەین و چاوپێکەوتن تۆمار دەکەین و سەرچاوەی دیکەش بەرهەم دێنین بە مەبەستی تەیارکردن و ئامادەکردنی کڵێساکان تاکو شکۆی خودا نیشان بدەن.

سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکە کە بابەتەکانی بە زیاتر لە ٣٠ زمان بەردەستن بۆ خوێندنەوە، وە ناوی خۆت تۆمار بکە, تاکو ڕۆژنامەی ئینتەرنێتی بێبەرامبەرت بەدەست بگات. بڕوانە لیستی تەواوی زمانەکانی ماڵپەڕەکەمان لە:

9marks.org/international

9Marks.org

## ڕۆڵی نوێژی بە کۆمەڵ لە کڵێسادا چییە؟

نوێــژ پێویســتە بــۆ بــاوەڕداران هــەروەک چــۆن هەناســەدان بــۆ جەســتەی مــرۆڤ پێویستە، بـەڵام بـە ڕێگەیەکـی سروشـتی ڕوونـادات. لـە ڕاسـتیدا، زۆر جـار لـە کڵێسـادا نوێــژ بــەرەو ئــەو پەیڕەوکردنــە کردارییانەیــە کــەوا بەڵێنــی دەرەنجامێکــی بەرجەســتە پێشکەش دەکات.

ئـەم کتێبـە سـەرنج دەخاتـە سـەر پێویسـتی نوێـژی بـەردەوام بـەو پێیـەی کـە کرۆکـی پەیڕەوکردنێکـی گرنگـە لـە کڵێسـای ناوخۆییـدا، هـەروەک هۆشـداریمان پێـدەدات لـە پێویسـتیمان بـە نوێـژی بـە کۆمـەڵ، هەروەهـا پـەردە لەسـەر ئـەو بەرکەتـە لادەدات کـەوا نوێـژ پێشکەشـی کڵێسـای دەکات. هەروەهـا ئـەم کتێبـە بـە وردی باسـی فێرکردنەکانـی عیسـای پـەروەردگار دەکات دەربـارەی نوێـژ، وە باوەڕدارانـی سـەرەتایی چـۆن مامەڵەیـان لەگەڵدا کردووە، وە کۆمەڵی باوەڕداران دەبێت چۆن پێشینەیی پێبدەن.

**جـۆن ئۆنووچێکـوا:** (ماسـتەر لـە کۆلیـژی دالاس بـۆ یەزدانناسـی)، شـوانی کڵێسـای کۆرنرسـتۆن لـە ئەتلانتـا، جۆرجیـا، وە ئەندامـی ڕاوێژکارییـە لـە دەزگای «هاوپەیمانیـی ئینجیـل» و بەشـدار بـووە لـە کتێبـی «15 شـت کـەوا کۆلیـژی یەزدانناسـی نەیتوانیـوە فێرم بکات».

Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

www.9marks.org